سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ ............................... لاپەڕەی ...................... ٥**

١- کێ پێشمەرگەیە و قەدرزانی لە کێ؟...
٢- بەرژەوەندی خوازی، یان شکست لە ڕەوتی دژە تیرۆر؟...
٣- بۆ کۆچی سووری ئەوین بانەیی...
٤- موهەندیس ڕەزا خەیاتی قەت لەیاد ناچێ ، بەڵام...
٥- چەند چرکەیک لە گەڵ تەرمی شێرکۆ...
٦- فریاکەون، با سەردەشت لە مەنجەنیقی کۆماری ئیسلامیدا نەسووتێ؟
٧- بەیادی مینە شەم، پیرە هەڵۆی ناوسەنگەر...
٨- بە یادی عەلی عەبدوڵڵاهی...
٩- کۆچی باوکم، نەی گریاندم، بەڵام؟...
١٠- بە یادی زیندانیانی سیاسی...
١١- بە یادی هەڵۆی کوێستانی کورد...
١٢- مەرگی هونەرمەندێک و، بیرهێنەرەوەی، بیروەریەک...
١٣- بە بێ هێزی پێشمەرگە و، شۆڕشی چەکداری، دڵی کوردستان لە لێدان دەکەوێ...
١٤- ئاستەنگەکانی بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی، چۆن تێکدەشکێن....
١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستی بە شۆڕشێکی جەماوەری هەیە....
١٦- درێژەی ئاڵۆزیەکانی میسر....
١٧- ئێستا لە میسر چ خەبەرە؟...

١٨- مورسی لە سەرکار لابردرا...
١٩- ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، لە شاری سەردەشت چی رووی دا؟...
٢٠- دارساوێن لە مێژوودا...
٢١- ٢٢ی پووشپەڕە؟...
٢٢- بە یادو بیرەوەری (٦) تێکۆشەری گیان بەختکردوو...
٢٣- چۆنیان پێ خۆش بێت وای دەبڕن؟...
٢٤- بە یادی هێمای خوێنکارانی کورد...
٢٥- رووح و و بیری قاسملوو، زەریا بوو، بەچڵکەباران، لێڵ نابێ...
٢٦- کارەساتی ئەنفال، قەت لە بیر ناچێ...
٢٧- کەی لە بەکار بردنی ئەو وشە نامۆیانە، رزگار دەبین...
٢٨- ئەمشۆ بوو...
٢٩- بۆ هەڵەبجەی شەهید...
٣٠- ئەوەی قەت نەورۆز لە بیر ناکات، شاری خۆرە...
٣١- با نەورۆزی ئەمساڵیش، گڕ لە دڵی دوژمن بەردەین...
٣٢- تەبا تەبایی لە سووریە چی دەکرد؟...
٣٣- یادێک لە شێتەکان...
٣٤- کێ لە بەرامبەر ئەو هەموو خوێن رشتنە دا بەرپرسیارە؟..

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ ............................... لاپەڕەی ........................ ٨١

٣٥- ٢٦ی سەرماوەز و، ئاڵا و پێشمەرگە...
٣٦-بە یادی شەهید هەژار قاسمی، بۆ هەڵوی سەربەرزی نیشتمانم، بۆ کوڕی نێو سەنگەری ڕۆژهەڵاتم...
٣٧- قاسملوو کێ بوو؟...
٣٨- رۆژێکی تاڵی سەردەشتی زامدار...

٣٩- حیزبە رۆژهەڵاتیەکان و وڵاتانی بیانی و رێژیمی پەت وسێدارە...
٤٠- کۆماری کوردستان لە مێژوودا...
٤١- زۆرن ئەوانەی بەمراد نەگەیشتن و لە سەرەمەرگدا بۆ خۆشەویستەکانیان گریان...
٤٢- کیژۆڵە قژ زەردەکە...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥ .............................. لاپەڕەی ........................ ٩٩

٤٣- (رووحەکانی گردێنە)...
٤٤- هەڵگورد تارانی هەژاند...
٤٥- جووڵەیەکی پیرۆز، وردبوونەوەیەکی ژیرانەی پێویستە...
٤٦- رۆژێکی تاڵی سەردەشتی زامدار...
٤٧- ساتێک لە گەڵ دایکێکی جەرگ سووتاو...
٤٨- تاوان و خوێن سەران دەباو بەرژەوەندیخوازانیش خەریکی معامەلەن...
٤٩- گەر یەکگرین، خوێنی سامان و سامانەکان بە فیڕۆ ناڕوات...
٥٠- بۆ شەڕی دژ بە داعش، دونیا پشتی بە هێزی پێشمەرگە بەستووە، بەڵام دەبێ؟...
٥١- ٢ی رێبەندان، پڕشانازیترین رۆژی کوردان.
٥٢- کردەوە ترۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدا دا، نامان ترسێنێ...
٥٣- بە یادی شەهیدانی ١٦ی خەرمانان و...
٥٤- دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی کوردستان ............ شەونەم هەمزەیی...

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣

# کێ پێشمەرگەیە و قەدرزانی لە کێ؟

ئەم شەو، سێشەمموو، ٢٦ی سەرماوەزە، یاد کردنەوەی ئەو رۆژەیە کە نرکەی رۆڵەی کورد لە مەهاباد، لە تاران دەسەڵاتی پەهلەوی لەرزاند و، هەڵیانکوتایە سەر پێگەی شارەوانی دوژمن لە مەهاباد و، چەکیان کرد و، ئاڵای دەسەڵاتی تارانیان هێنایە خوارێ و،

لە جێی ئەو ئاڵای کوردستانیان هەڵدا.

با لە ٢٦ی سەرماوەز دا، رێز لەو کچ و کوڕانە بگرین کە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، لە رێگەی خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاری کورد و کوردستان، گیانیان بەخت کردوە و لە خۆشەویستی نیشتمان، دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە دەماری نیشتمانپەروەریان رژاوە و، جەستەی شلک و ناسکیان بە خوێن سوور هەڵگەڕا و، دوور لە ئازیزانیان بە جوانەمەرگی سەریان نایەوە و، بە بەرگی دەبەریانەوە، بەرەو ماڵی ئەبەدی بەڕێکران و، بۆ هەتا هەتایە، ماڵاوایی یەکجاریان لە خۆشەویستان و، نیشتمانە داگیرکراوەکەیان کرد.

با ئەمڕۆ، لە ٢٦ی سەرماوەز دا، یادێکی بە جێ و پیرۆز، لەو شێرە کچ و کوڕە نیشتمانپەروەر و پێشمەرگانە بکەینەوە کە ئازایانە لە کوردستان و، لە نێو بەند و، لە هەندەران، بەرەنگاری هێز و سیاسەتی دژەمرۆیی دوژمنانمان بوونەوەو، بە رشتنی خوێنی خۆیان بەڵگەی نەبەزی و، ئازایی و، خۆڕاگری نەتەوەکەیان مۆر کرد و، نیشانی دۆست و دوژمنیان دا کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لە مردن سڵ ناکەن.

با ئەمڕۆ، ٢٦ی سەرماوەز، یاد لەو گیان بەخت کردوانە بکەینەوە کە لەدەشت و پێدەشتەکانی کوردستان، وەک

هەڵۆ داهاتنە دوژمن و، هەزاران هەزار حەماسەی جیا، جیاین لە سەر هیزە داگیرکەرەکانی کوردستان خوڵقاند و، بە خوێنی خۆیان لە میژووی پڕ لە کارەساتی نەتەوەکەماندا، تۆماریان کردن کە: وەچە بە دوای وەچەدا فەرامۆشیان ناکەن و شانازیان پیوە دەکرێت.

با ئەمرۆ، ٢٦ی سەرماوەز، یاد لەو ئازیزانە بکەینەوە کە لە شاخ و شار، لە دۆڵ و کەژەکانی کوردستان دا لێ بڕاوانە بەرانبەر بە نەیارانی کورد جەنگان و، گیانی خۆیان پێشکەش بە ئازادی وسەر بە خۆیی نەتەوەکەیان کرد و، لەو رێگە دا تەرمەکانیان یان کەوتنە بەردەستی دوژمنان و بێ سەرو شوێن کران، یان لە بەر بێ دەرەتانی لە کەلێنە شاخەکانی کوردستان دا، دوور لە چاوی ئازیزانیان شاردرانەوە ،یان لە کاتی بەرێوە بردنی ئەرکی حیزبی دا، لە چۆم و رۆوبارەکاندا سێڵاوی بەهار و پاییزان هەڵی گرتن و بێ سەرو شوێن بوون.

با ئەمڕۆ، ٢٦ی سەرماوەز، یادێکی پیرۆز لەو کچ و کورە ئازاو بە جەرگانە بکەینەوە کە لە زێندان و لە ژووری ئەشکەنجەگاکانی کۆماری بە ناو ئیسلامیدا لە ژێر ئەشکەنجەی گران و قورسی شەیتانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، گیانیان داو، بوونە قوربانی رزگاری ئاو وخاکیان، بەڵام سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد و، بە نەتەوە و خاکیان وەفادارمانەوە.

با ئەمرۆ، ٢٦ی سەرماوەز، رێز لەو بەندکراوانە بگرین کە هەر ئێستا رۆژ نیە لە زێندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەبردرێنە بن پەتی سێدارە و، زۆر بێ تاوان و، بێ بەزەییانە هەڵداوەسرێن و، دوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی گیانیان لێ دەستێندرێت.

ئەمر و ٢٦ی سەرماوەز، یاد لەو کچ و کوڕانە بکەینەوە کە بە رشتنی خوێن و مەرگی سووریان، تاریکایی و تەپ ومژی سەر نیشتمانەکەمانیان راماڵی و، تۆزی نیگەرنیان لە دڵی نەتەوەکەین رەواند و، ئەستێرەی گەش و هیوای کوردانیان لە ئاسمانی نیشتمانەکەماندا دەرخست و، وەک گەلاوێژ و، حەوتەوانە و، کۆوتەرازوو، لە ئاسمانی نیشتمانمان دەرکەوتنەوەو، رووناکیان وەک بریسکە شۆقی داوە و،چاوی نەیارانی کوردیان کوێرکرد.

ئەمرۆ، ٢٦ی سەرماوەزە، با یاد لە و کچ و کورو. دایک و باوکانە، بکەینەوە، کە دوێنێ و پێرێ و ئەمڕۆ، لە ناو

خۆی کوردستان دا، چالاکانە کاریان کرد و، کار دەکەن و، بە تێکۆشانیان مەوجوودیەتی زیندوویی نەتەوەکەیان نیشانی دوژمن دەدەن.

ئەمرۆ، لە ٢٦ی سەرماوەزدا، با رێز لەو دایک و باوکانە بگرین کە زۆر تێکۆشەرانە، بەڵام بە هەزارن کەمووکۆری و، خەم و خەفەتەوە، رۆڵەکانیان پەروەردە کردن و بە دڵ فروانیەوە پێشکەش بە بارگای ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان کردن کە: تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت، زۆریان بۆ جاریکیش رۆلەکانیان نەدیتەوە کە، یان شەهید بوون، یان هەر لە مەیدانی خەبات دا ماونەوە.

با ئەمڕۆ، رێزلە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بگرین، کە رۆڵەکانیان بۆ کوردستان ژیان و بۆ کوردستان مردن.

با ئەمرۆ، هەموو پێکەوە رێز لە گشت جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان بگرین کە، سەرچاوەی بوونی پێشمەرگەن و، رووبار و، زەریاو، کانیاویی شکاندنی تینوەتی رێی خەباتی رۆڵە کانیان.

ئەمرۆ، ٢٦ی سەرماوەزە، بـا لـەم رۆژە پیرۆزە دا، رێز لـەو کچ و کوڕانە بگرین کە: لێرە و، لەوێ، لەو لاو، لەولای (هەر چوار پارچەی کوردستان) تاویانداوەتە پێنووس و، بە دەربڕینی وشەی جوان و پاراوی کوردی، ئەدەبیاتی نەتەوەکەمان دەوڵەمەند دەکەن و، لە سەر وشەکانی پێشمەرگەو، نیشتمان و، نەتەوەکەمان، کە هەر سێکیان ئاوێتەی یەکترن، شت دەنووسن و، رێز لە ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی ئەوانەی لە سەرەوە باسم لێکردن، دەگرن.

١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# بەرژەوەندی خوازی، یان شکست لە ڕەوتی دژە تیرۆر؟

کە تەقینەوەکەی باڵاخانەی بازرگانی دونیا لە ١١ی سیپتامبر لە وڵاتی ئەمریکا رووی دا، ئەم رووداوە دژە مرۆییە، جگە لەوەی کە خەڵکێکی زۆری تێدا لە ناو چوون، ئێستاش لە گەڵدا بێت کاریگەری خراپی ڕەوانی لە نێو خەڵکی ئەمریکا دا بە جێهێشت و بە گشتی دەسەڵات و کۆمەڵگای ئەمریکای راچڵەکاند و، ترس و خۆفێکی زۆری خستە نێو دڵی کۆمەڵگای ئەمریکا و، زۆر لە وڵاتانی ئوروپا و هیدی.

تا ئەو کات دەسەڵاتدارانی دونیا و لە سەرویان خودی ئەمریکا و ئوروپا کە ئێشی کردەوەی تیرۆریستی نەگەیشبووە ئێسکانیان، لای ئەوان کاری تیرۆریستی تەنیا لە مانای تەقاندنەوەی چەند بۆمبی بچووک و هیدی دا خولاسە دەکردەوە. بەڵام پاش گەیشتنی ئەو ئازارە سەختە بە کۆمەڵگای ئەمریکا، هاتنە سەر ئەم رایە کە بۆ لابردنی هێرشی تیرۆریستی لە سەر دەسەڵات و کۆمەڵگای ئەمریکا و، رەواندنەوەی نیگەرنیەکانی سەر خەڵکی ئەمریکا، هەنگاوی دژە تیرۆر هەڵبگرن و هەڵمەتێکی گشتگیر بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا بکەنە سەر پێگە تیرۆریستەکان.

جا دەسەڵاتی ئەمریکا ناچار بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵگای خۆی کە لەمە و بە دوای چۆن خۆی لەبەر هێرش و کردەوەی تیرۆریستی دەپارێزێ، دەستی کرد بە ریسک کردن و، بۆ راکێشان و هاوپیوەندی دانی وڵاتانی دونیا و، لە سەروویان زلهێزەکان، کەوتە خۆی کە سەرئەنجام توانی بەرەیەکی باشی دژە تیرۆر پێک بێنێ کە من لەم بابەتە کورتە دا ناچمە ناو وردەکاریەکانی کە چیان کرد و، کێیان لێ کوژرا و، کێیان کوشت و، کێیان لە سەر دەسەڵات لابرد و، کێیان لە جێی ئەوان هێنایە سەر.

بەڵام لێرە دا بۆ دەرخستن و روون بوونەوەی زیاتری بابەتەکەم، ئاوڕ لە دەسەلاتە تیرۆریست پەروەرەکەی دوێنێ و ئەمرۆی ئێران دەدەمەوە کە لە هەمووی ئەو ماوانە و هیدی دا کە لە ولاتە جیاجیاکانی ئەم جیهانە دا تیرۆریزم لە بەر هەڵمەتی رەوتی دژە تیرۆر دا بووە، ئێرانی ئاخوندەکان سەرەکیترین بارگای حەسانەوە و، راهێنانی تیرۆریستەکان و، مەئمورییەت پێدانی رێبەرانی تیرۆریستەکان بووە کە بە ئاشکرا لە وڵاتانی عەرەبی و

بە تایبەتی لە عیراق و لوبنان و فەلەستین و سووریبە و ئۆروپا و ئەمریکا وخودی ناوخۆی ئێرانیشدا نەقشی گلاویان دیار بووە و حاشی لێناکرێ کە لە ئوروپا و هەرێمی کوردستان و بەغدا و ناو خۆی ولات دا بە سەدان رێبەر و سەرکردەو ئەندامی حیزبە سیاسیەکانی ئیرانی و کوردستانیان پی تیرۆر کردن کە نمونەکەی ئەو عەرەبە تیرۆریستانە بوون کە رێبەرانی حیزبی دیموکراتیان لە ئورووپا پی تیرۆر کردن کە لە فێرگەی تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاران دەورەی تیرۆریان دیت بوو.

جا پرسیار لێرە دایە، ئەمریکا کە بۆ شەری دژە تیرۆر و کۆتایی بەو هەرەشە مەترسیدارە لە سەر کۆمەڵگاکەی، هەزاران سەرباز و دەرەجەداری لە ولاتەکانی ئەفغانستان و عێراق و هیدی دا لێ کوژراوە و، سەرمایەکی کەلانی ئابووریشی لە رێگەی کۆتایی هینان بەو رەوتە تیرۆرە خەرج کردوە، چۆن وەلامی کۆمەڵگاکەی خۆی کە ئێستا کۆتایی بە تیرۆریزم نەهێناوە، دەداتەوە کە وا سووک و سادە وتوویژ لە گەڵ ئەو رێژیمە تیرۆریستە دەکات کە لە کاتی تەقینەوەکەی ١١ی سیپتامبر دا دەسخۆشیان بە تیرۆریستەکان گوت؟!!!

با ئەو راستیەمان لە بیرنە چێ، کۆمەڵگای ئەمریکا کە ئێستا لە ئێمە باشتر ماهییەتی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئاخوندەکانی ئێرانیان ناسیوە، بێ شک وەلامی ئەو پرسیارە (چۆنە رەوتی دژە تیرۆر سەر نەکەوتوە و، وتوویژ لە گەڵ پێگەی تیرۆردەکرێ ؟!) لە دەسەلاتی ئەمریکا دەکرێ وکراوە و هەیە.

خەڵکی ئەمریکا بێ شک وەلامی ئەم پرسیارەیان لە دەسەلاتی ئەمریکا دەوێت کە دەبێ بزانن ئایە ئەمریکا لە شەرە دژە تیرۆرە دا دۆڕاون یانا؟ ئەگەر نەدۆڕاون و براوەن، چۆن ئامادەن لە گەڵ دەسەلاتی ئاخوندی ئێران کە تا ئێستا هیچ یاسایەکی ئازادی ئینسانەکان قبول نەکردوە و، هەروا لە بنەوە خەریکی وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمیە و لە گێرە شێوێنی و تێکدانی ئاسایش و ئەمنیەتی دونیا راوەنەستاوە و راوەناستێ، وتوویژ دەکات و خەریکی هەلگرتنی بەشێک لە تەحریمیەکانی سەر ئەو رێژیمەیە ؟؟!

ئەگەر هات و دەسەلاتی ئەمریکا و خەڵککەی بە گشتی وازیان لە شەری دژە تیرۆر و مەسە لەی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی ئیران هێنا، ئەوە جوانتر روون دەبێتەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی دژە تیرۆر دا راست نەبوون و تەنیا و تەنیا لە دووی مەسەلەی بەرژەوەندی ئابووری خۆیان گەراون و بەس، دەنا ئەوەتا جگە

له کاره تیرۆریستیەکانی ئێران، لەوەتا حەسەن رووحانی هاتۆته سەرکارو پۆستی سەر کۆماری گرتۆته ئەستۆی خۆی، زیاتر له ٣٠٠ کەس له مخالیفانی ئەو رێژیمه له دار دراون.

لێره دا پێویسته که به وردی تاقیبی خەبەرەکان بکەین و، چاوه روانی دەسەڵاتی ئەمریکا بین که چۆن وەڵامی خەڵکەکەی دەداتەوە و، به گشتی خەڵکی ئەمریکاو دەسەڵاتەکەیان له بەرژەوەندی ئابووری و، شەڕی دژه تیرۆر کامیان هەڵدەبژێرن.

١ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## بۆ کۆچی سووری ئەوین بانەیی.

دیسان له بانه، خوێن مژەکان، دڵێ کێژێکی تازه به ئاوات گەیشتوو - یان، له لێدان خستوو، گوڵی هیوا وئاوات و خۆشەویست - یان له باخی ئەویندارى وەراند. تازه خەریک بوو خۆی بۆ گەرِی زەماوەندی خۆی ساز دەکرد و به هەزاران خیاڵەوه بیری له رۆژی بووکێنی خۆی دەکردەوە.

ماوەیەک بوو، بەو خیاڵەیەوه نیگەران وخەمین بوو، دەتگوت دەزانی چی روودەدا، بۆ سەفەرەی بووکێنی به پەلەبوو، بۆ ساتێک ئەویندارەکەی له چاو ون نەدەبوو، هەمیشه سێرەی لی وەرنەدەگێڕاو،- دەتگوت پێی گوتراوه بەجێی دێڵێت. زۆر ئێواران که خۆشەویستەکەی دوور به دوور له راستەی ماڵیانەوه رادەبرد، دڵی بۆی دادەخورپاو، دەکەوته بیرو فکری رۆژانی داهاتووی نۆ بووکی خۆی، بەڵام داخەکەم، جەلادەکانی حەسەن رووحانی و، خوین مژ و ئینسنان کوژەکانی خامنەیی،

نەیان هێشت بەو ئاواتەی بگات و، نامەردانه نیشانەیان له جەستەی ئەڤین جوان و، گیژی تازه پێگەیشتووی بانەیی کرد و، سینگی پڕ له ئاوات و ئارەزۆیان گولله رێژ و، کون کون کرد و، روومەتی سپی و سۆلێان، به خوێنی دڵی غەمینی سوورکرد و،ئەو دڵه جوان و بێ گەردەیان بۆ هەمیشه له لێدان خست و، شین و گریانیان خست ناو ئەندامانی دوو گوڵی لێک هەڵبڕاو.

پاش چەند کاتژمێر، ئەو تارایەیی قەرار بوو رۆژی گواستنەوەی بۆ ماڵی ئەوینەکەی پێی دادرێت، پێی دادراو، بە نیشانەی بووکی تازە و، نەگواستراوە، بەرەو ماڵی ئەبەدی بەڕێ کراو، پاش ئەوەی بەرەو گڵکۆ بەڕێ کرایە خورو، فاتیحای بۆ خوێندرا، لەلایەن خۆشەویستەکی ئەو تارا سوورەی بوکێنی بە سەر گڵکۆکەی دادراو، بە لێشاو فرمێسکی بە سەردا باراند.

کاتێک ئەو فرمێسکانە کەوتنە سەر گڵکۆی ئەڤین، رووحی ئەویش گریا، بەلام لە غەیبەوە دەستی لە خاک هێنایە دەرو، فرمێسکی چاوی ئەویندارەکەی سڕین و، دەستی نایە ناو دەستی وتێر بۆنی کرد و بۆ هەمیشە مالاویی لێکردو رۆیشت.

ئازیزانی خوێنەر، تەمەنی کۆماری ئیسلامی، پڕ پڕ لەو تاوانانەیە و، بە هەزاران هەزار خۆشەویستی لێکهەڵبڕیون، پێویستە گەلی کورد ئەم تاوانانەی کۆماری ئیسلامی لە بیر نەکات و، تۆڵەی هەزاران هەزار نازدار ئاوا و، ئیتر وەربگرێتەوە و، رۆژی نەمانی ئەو رێژیمە، بکاتە رۆژی بە ئاوات گەیشتنی ئەو خۆشەویستانە.

مردن و روو رەشی بۆ سەرانی رێژیمی تیرۆریست پەروەری بەناو کۆماری ئیسلامی و، سەر بەرزی بۆ ئاشقانی پێک نەگەیشتوو و، هەموو شەهیدانی رێی رزگاری خاک و نەتەوەی کورد

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## موهەندیس رەزا خەیاتی قەت لەیاد ناچێ ، بەڵام...

چەند رۆژ پێش ئێستا بەداخەوە لە شارەکەی حاجی قادر و دڵداری شاعیر، لە کاتی گەڕانەوە بۆ کەمپی دێموکراتەکان لە ئازادی، بە هۆی وەرگەڕانی ماشێن، موهەندیس رەزا خەیاتی، دامەزرێنەری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، کۆچی دوایی کرد.

کاتێک هەواڵی کۆچی ئاخرو لەنەکاوی موهەندیس رەزا خەیاتی لە کەمپی دێموکراتەکان بڵاو بۆوە، سەر جەم کادر و پێشمەرگەکانی هەر دووک لای دێموکراتەکان، بۆ کۆچی دوایی ئەو وەستا ماندوو نەناسەی دەنگی کوردستان نارەحەت بوون و رابردووی پڕ لە شانازی ئەویان کە خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەی کورد کرد، هاتەوە بەرچاو.

کە ئەم هەواڵە لە میدیاکانی کورد کاناڵ و تێشک تیڤی بڵاو بۆوە، خەڵکی بە شەرەفی کوردستان و بە تایبەتی ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان موهەندیس رەزا خەیات ـ یان دیتبوو، خەم دایگرتن و، دەنگی د. قاسملوو و کاک ئەحمەد شێربەگییان لە رادیۆکەی هاتەوە گوێ.

لەو کاتە دا، سەر شاخان و باگردان، بیرەوەری وردە پیاسەکەی رەزا خەیاتییان بیر هاتەوە کە بە دیار دەنگی کوردستانەوە ئامووشۆی دەکرد، لەو ساتە دا بێهەنگوین بە مەراقەوە روانیە مەیدان ئەستەری سەر بەرز و، لەوێرا سڵاوی بۆ رووحی پاکی رەزا خەیاتی ناردو، چاوی نازدارەکانی ماچ کرد، کاتێک ئەو سڵاوە وەک بریسکە بە ئاسمانی سەر کاڵە شینی رەبەت دا بەرە و باشوور لە دەشتی کۆیە راخوشی، چۆمەڵ هەستایە سەر پێ و، نەرم بانگی لە قوتی کاکە رەش و برایم جەلاڵ کردو هەواڵی کۆچی دوایی موهەندیس رەزا خەیاتییان کە زۆر جاران تینوەتی رێی خەباتی مەردایەتی بە ئاوی کانیاوە ساردە کانیان شکاند بوو، پێ راگەیاندن تا لە بەرزی خۆیانەوە بڕوانە دەشتی کۆیە و هەڵۆ ئاسا تەیرەکانیان بۆ پرسەی ئەو کەڵە پیاوە بنێرن.

لەو ساتانە دا خاڵەباد بۆ رێبواری رێی نێو دار گوێزەکانی غەم دایگرت و، بانگی لە شیوەجۆی برای کرد و، هەواڵی کۆچی دوایی وەستای دەنگی کوردستانی پێدا کە ئێستاش ئەو دەنگە لە دۆڵ و شیوو شاخەکانی ئەو دەفەرە دا دەنگ دەداتەوە، ئاڵی ئۆمەران لە هەواڵی کۆچی خیبرەی دەنگی کوردستان راچڵەکی و قیافەی بە هەیبەتی رەزا خەیاتی هاتەوە بەرچاو، لەو ساتانە دا بوو کە ئالانی سەردەشت بۆ کۆچی دوایی رەزا خەیاتی راچڵەکی و هۆمل و بێندروێ و نۆری لەرزاند و، هەموویان پێکەوە سڵاوی نەپساوەیان بۆ رووحی موهەندیس رەزا خەیاتی نارد، گەلاڵێ کە دیتی ئالان کز و ماتە، بۆ ئوستادی دەنگی کوردستان بوە هاوارزی و، لە بەرزایی ئاسۆسەوە بانگی لە گەڕەدێ و گەورەدێ و کانی مێو کرد و هەواڵی کۆچی دوایی موهەندیس رەزاخەیاتی پێدان و، روانینی چاوە تیژەکانی بۆ مەڵبەندەکەیان بیر هێنانەوە، لەو وەختە دا، بۆڵێی بناری قەندیل وەک ماسی بن دەریا بزووت و قەندیلی لەرزاند و هەواڵی ئوستادی ئەو دەنگەی دایە کە چالاکی کورانی پارێزەری بڵاو دەکردەوە قەندیل کە

ئەوەی بیست، چاوێکی بە نیشتمان دا گێراو دیتی رەزا خەیاتی بە سەربەرزیەوە بەرەو ماڵی ئەبەدی دەڕوات، کەرکووک کە دیتی قەندیل بۆ رووحی دەنگی کوردستان کزو ماتە، بە بابەگورگوری گوت: شەپۆلی سووتانت توند بکەو لە خۆشەویستی رەزا خەیاتی، چاوی نەیارانی کوێر بکە، کە تیشکی ئاگری بابەگوڕگوڕ شەپۆلی ئاگرینی خۆی بەر بڵاو کرد، گڕی زێرە رەشەکەی شیواشۆک، ئاسمانی سەر کەمپی دێموکراتەکانی رووناک کرد و، لە گەڵ رووحی رەزا خەیاتی دەستەملانی یەکتر بوون و لە تاران چاوی نەیارانی ئەو کەڵە پیاوەیان خێل کرد، بەلام داخەکەم، کاتێک تەرمی بێ گیانی رەزا خەیاتی بەرە و قەبرستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات دەبردرا، ئەفرادی حدکا، بە دەستووری خودی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەتیمی هەواڵدەری کوردکاناڵیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، راگەیان کە حەقتان نیە مەراسمی بە خاک سپاردنی رەزا خەیاتی رۆماڵ بکەن، کە، ئەوە لە کاتێک دا بوو کە بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگە و رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و خودی مامۆستا عەبدووڵای حەسەن زادە و کاک جەلیل گادانی دو شەخسیەتی کورد و حیزبی دێموکرتی کوردستان، گوڵیان لە سەر گڵکۆی ئەو نەمرە دانا و، لە دوایشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەی هێشت کارگێرنی تیشک تیڤی وێنەی ئەوانە لە فلیمی ئەو مەراسمە کە لە تیشک تیڤی دا بڵاو بۆوە، بڵاو بێتەوە؟!! .

ئێستا بۆمن پرسیار ئەمەیە کە چۆنە سەرانی حیزی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەم لە یەکبوون دەدەن و، ئاموشۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن ؟! بەلام لە کاتی ئاوا دا کە ئەم کاتانە هەلن بۆ پیوەند دانەوەی گشت لایەکی دێموکراتەکان بەرگری لە تیمی کورد کاناڵ دەکەن بۆ رۆماڵ کردنی کۆچی دوایی موهەندیس رەزا خەیاتی ؟!!!

من پێم وایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەی یەکگرتنەوە نیە و ئەو ئاموشۆ کردنەشیان رەوالەتین، دەنا لە رۆژێکی وەک ئەوە کە موهەندیس خەیاتی تەسلیم بە خاک دەکرێ، سکرتاریاکەیان بریار نادا کە نابێ کورد کاناڵ رۆماڵی ئەو بە خاک سپاردەنەی کاک موهەندیس رەزا خەیاتی بکات.
لە کۆتایدا لە گەڵ ئەوە دا سەرەخۆشی لە گشت کەسووکاری موهەندیس رەزا خەیاتی دەکەم، لە یەزدانی مەزنیش دەپارێمەوە کە رووحی پاکی بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## چەند چرکەیەک لە گەڵ تەرمی شێرکۆ.

کە کاکم سوار بوو و بەرەو ماڵ گەڕاوە، لەو دیو کەلیخان پێی گرتەوە و، کەمێک لە سەرتوونی سەربەرزی ڕوانێ و، هەناسەیەکی ساردی بەقەدەر تەمی زستانی بۆ هەڵکێشا، کە کاروانی هەڵگری تەرمی خاوی گەیشتە بەندەنێ، کەلیخان چیرۆکی سووتانی نانەوا زادەشی بیرهاتەوە و، بە گەوجی دوژمن پێکەنی، کە کاروانی خەمینی کوڕی لاو بەرەو شار داگەڕا، هەڵۆی سەر پەڕ سووری ئەو کۆێستانە دایان لە شەقەی باڵ و، لە گەڵ رووحی هەڵۆ خنکێندراوەکەی کوێستانی کورد، دەستەملانی یەک بوون و، بەرەو سلێمان بەگ کەوتنەرێ، لە سەر پردی شاری، هەڵۆکان بانگیان لە دایکی هەڵۆی خەوتوو کردو، لە زمان شیربەگیەوە حەماسەی رێبوارانی رێی کوریان لە سەر پردێ و، سوێروێ و، تاژەبان و کەڵەکی خەزایان و، سەدان شوێنی تر بۆ خوێندەوە، لەو کاتە دا سێبووریەک بە دڵی دایکی جەرگ سووتاوی دا هات و، پڕ بە دەم هاواری کرد و، وتی: هۆ رۆڵەکەم، بڕۆ گەردنت ئازاد بێ و، سەفەرت خێر بێ و، دوژمنت کوێر و، مڵ شکاوبێت.

لەو ساتە داکە گەنج و پیر و جوانی شار و ئیدی، چاوە روانی تەرمی بێ گیانی شێرکۆ بوون، بە دڵی پڕ لە خەم و، چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، ئافەرینیان بۆدایکی وا بە زێبک و نەترس و بە ورە نارد و، هەموویان پێکەوە، هەڵۆ و مرۆڤەکان، لە زەوی و ئاسمانەوە، بە مەبەست بەرێ کردن تەرمی شێرکۆ بۆناو باوەشی نیشتمان بەرە سلێمان بەگ رێگەیان گرتەبەر، کە گەیشتنە ئەو چاکە، سلێمان بەگ هاتە پێشوازی رووحی پاکی کوری کوردو، بانگی لێکردو، فەرمووی، دەک بەخێربێت حەلاڵ زادەی نیشتمان، تۆ نەمردووی، هەموو رۆژێک لە دڵی رۆەکانی نەتەوەکەت دا دەژێ و، لێرەو لەوێ، بیرت دەکەن گولی سەردەستان و، رەمزی خەباتی مەدەنی. کە سێ دەست تەرمی کوری کوردیان بەرەوناو گڵکۆ شۆرکردەوە، دڵەکان مات بوون و، چاوەکان سوور هەڵگەڕان، بەڵام لەو کاتە دا لێدانی دڵی نیشتمان و هەناسەی دایکی شێرکۆ، لە سەر ئاسمانی سلێمان بەگ کۆ نورێکیان دروست کرد و، دای لە چەخماخە و لە مەیەریوان و هەولێر و کۆیە و دنیای دەرەوە، بریسکەی داوە و، دوژمنی کوێر و رسوا کرد و، ریزی خەباتی لاوانی کوردی لێک گرێ دایەوە.

٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## فریاکەون، با سەردەشت لە مەنجەنیقی کۆماری ئیسلامیدا نەسووتێ؟

لاوان، پیاو ماقووڵان، خوێندکاران، رووناکبیران، تیکۆشەران، کاسبکاران، بازاریان، مامۆستایانی ئاینی و نیشتمانپەروەری سەردەشتی سەر سەوز، فریا کەون ومەهێلن بۆ جارێکیتر و بە کارەساتێکی دزێو و، تاڵتر لە رابردوی دا، شاری سەردەشت لە مەنجەنیقی بەناو کۆماری ئیسلامی دا بسووتێ؟

سەرانی کۆماری ئیسلامی کە قەت سەبارەت بە خوڵقاندنی کارەساتی نا ئینسانی و کوشت و کوشتارو لە ناوبردن و بەد ناوکردنی خەڵکی کورد و، وێران کردنی شارو گوندەکانی کوردستان بێ پیلانگێڕی دانەنیشتوون، ماوەی چەند ساڵێکە بە مەبەستی گڵاویان شاری سەردەشتی ئاوارەو ئاوارەکانیان کردۆتە نیشانەی دڵی پڕ قیان لە کورد و کوردستان و، سێرەیان لە دڵی ئەو شارە گرتووە و، خەریکن ئاژن ئاژنی دەکەن و، دەیانەوێت رووحە گەورەکەی و دڵە پڕلە ئەویندارە نیشتیمانیەکەی لە لێدان بخەن؟

کۆماری بەناوئیسلامی کە راستەوە خۆ لە مەیدانی شەرو بەربەرەکانیدا قەت نەیتوانیوە دڵی ئەویندارانی ئازادی ئەو شارە و، رێبوارانی رێبازی شەمامی و شەمامیەکان بۆ کوردستان لە لێدان بخات، ئیستاو چەند ساڵێکە لە رێگای کەسانی نەفس نزم و مادی پەرست و دورلە هەستی نەتەوەیی کەوتۆتە درووست کردنی مەوادی شیشەو، بەری بۆئەو خەڵکە مادی پەرستانەی باسم لێکردن شل کردوە و،لە رێگەی ئەوان و، لەوێ را بە هۆی ئەوانەوە ئەو مەوادە تۆقێنەرو، پیس و، ریسواکەرە کە، بە قیمەتێکی گرانبەها دەفرۆشترێ بۆ شارەکانی تری کوردستان و بە گشتی ئیران بەری دەکات و بە تیرێک چەند نیشانەی دەشکێنێ.

١- لەلایەک لە گشتی دا دەیهەوێت شاری سەردەشت وخەڵکەکەی کە قەت سەریان بۆ دوژمن شۆر نەکردوە و، مەڵبەندی خۆڕاگریش بووو، لە بەر چاوی خەڵکی شارەکانی تری کوردستان سووک بکات و، دووبەرەکی لە نێوان دانیشتوانی شاری سەردەشت و شارەکانی تری کوردستاندا درووست بکات.

٢- لە لایەکی ترەوە سەرانی کۆماری ئیسلامی لەو رێگایەوە دەیانهەوێت لاوانی شاری سەردەشت تووشی نەخۆشی

مەواده هۆشبەرەکان بکەن تا فکر و بیری شۆرشگری و نیشتمانپەروەری لە دلی لاوەکاندا بکوژێ و بە کەیفی خۆی ئەسپی سەرە رۆیی خۆی لەو مەڵەبەند و شارە دا لێنگ بدات.

سەرانی کۆماری ئیسلامی هەر دوای کیمیا بارانی شاری سەردەشت کە دەواو دەرمانێکی زۆر بە مەبەستی چارەسەر کردنی بریندارەکانی ئەو گازە ژهراویەی لە لایەن کۆر و کۆمەڵ و ولاتە ئینساندۆستەکانەوە گەیێندرایە شاری سەردەشت، کەوتە فکری ئەوە کە ئەمرۆ شاری سەردەشت پیێوەی دەناڵێنێ و ئەو حەب و دەرمانانەی نەدا بە نەخۆشەکان و لە شوێنێکی نێزامیدا لە شاری سەردەشت حاشاری دان و ئەمرۆ بە دەستووری خۆی دەیدا بەو خەڵکە نەفس نزم و هیچ و پۆچانەو لە دەیان ئاشپەزخانە کە بۆ ئەو مەوادانە لە ناو شارو دەوروبەری دروست کراون دەیانتوێننەوە و مەوادی شیشەی لێدروست دەکەن وبەستەبەندی دەکرێت و بۆ شوینەکانی تری کوردستان و هەتا بۆ ولاتانی دەورو بەریش بەڕێ دەکرێت وبە قیمەتێکی گران دەفرۆشترێ.

جا لێرە دا من وەک تاکێکی کورد بانگەوازلە مشوور خۆرانی رێگەی رزگاری کوردستان و شارە جوانەکەی سەردەشت دەکەم کە بۆ دەرپەڕاندنی ئەو خەڵکانەی لە شاری سەردەشت مەوادی شیشە درووست دەکەن، یەک بگرن و، وێکڕا هەنگاوی جیدی هەڵبگرن و ئەم پیلانە بکەنە خاڵێکی دژی ئینسانی لە سەر سەرانی کۆماری ئیسلامی و بیدەنە کۆمەڵگا سلاحیتدارەکان تا لەم بارەوەش کۆماری ئیسلامی ریسوا بکرێت.

ئازیزانی خوێنەری ئەم باتەتە، لاوانی شۆڕشگێری شاری سەردەشت. هاورێیانی سەر تۆری فەیسووک، خوێنەران و دۆستانی سەر سایتە کوردیەکان، مامۆستیانی ئاینی، خوێندکار و قوتابی و روناکبیران. دەی ئێوەش بە نیشانەی نارەزایەتی لەو کارە دزێوەی کۆماری ئیسلامی و، پشتگیری لە خەڵکی شاری سەردشت و، بە نیشانەی مەحکووم کردنی ئەم کارە دزێوە، کۆمینتێک لە ژێر ئەم نوسراوە بنووسن‌و، وەفاداری خۆتان بۆ شارە جوانکەی سەردەشت کە ئێستا ئەوە خەریکە بە ئاگری جهنەمی کۆماری ئیسلامی دەسووتێ، دەرببڕن.

٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## بەیادی مینە شەم، پیرە هەڵۆی ناوسەنگەر.

گەر باس لە پیرە هەڵۆ دەکرێ، ئەم وشە خۆشە کە هەمیشە وێردی سەر زمانی کەسانی نەتەوەپەرست و شۆڕشگێڕە، پڕا و پڕ، پڕ بە بەژنی تێکۆشەری گیان بەختکردووی نەتەوەکەمان، مینەشەمە کە لە ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی دا زۆر لێبڕاوانە بەرانبەر بە هێزەکانی رێژیمی شاهەنشاهی کە ئەو کات لە رۆژهەڵاتی نێوە راست دا بە ئەرتەشی خەلیج ناسر بوو، جەنگا.

بۆ نووسینی بابەت و روونکردنەوەکەم، کە پیرە هەڵۆ (مینە شەم) کێ بوو و، چی کردوو، بۆ ئێستاش ناوەکەی وێردی سەر زمانانە و، ئازایەتی و لە خۆبوردووییەکەی فەرامۆش نەکراوە، ناچارم وردە وردە هەنگاون هەڵبگرم و، دۆڵ بە دوڵ و، شاخ بە شاخ و، پێدەشت بە پێدەشت، بەرزایەکانی رەبەتی هەمیشە زیندووو، سەردەشتی سەر سەوز و، ئاوارەی نەمرو، بانەی مستەفا زادەو وێردیەکان و، بەشێکی زۆر لە گوندەکانی بۆکان و مەهابادی وەستا ئەحمەد و چرچەی بارام میرزا و، سەرگورد عەباسی و، مەڵبەندی سەید رەسووڵی بابی گەورە و، هێزی ئاوارە و، سەرشیوی سەقزی رەحمان ئاخکەندی، بتەقێنم و بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە سەر ئەم پیرە هەڵۆیە، لە هەر بن بەرد و، شاخ و، دەوەن و، دارو سێبەر و، لووتکە و شاخ و، هەوراز و لیرەوارو، ئەشکەوتێکی ئەو شوێنانەی ناوم بردن، لابدەم و، لە سەر پیرە هەڵۆ پرسیاریان لێبکەم و، بیروەریەکانی ئەوان لە گەڵ خاڵە مینە دا بێنمە سەر کاغەز تا وەچەکانی ئێستا و دواتر، بە وەرەی ئەو کەڵە پیاوە ئاشنا بکەم و، لە مێژوو دا فەرامۆش نەکرێت و نەوەکانی داهاتوو لە رەبەتی خۆڕاگر و ناوچەکانیتردا دا کردەوەکانی بکەنە چرای رووناکیدەری رێی خەباتیان.

لە چەند رۆژی رابردوو دا کە دەمهەویست بە مەبەستی کاری حیزبیم بەهەوارگەکانی بلێندەو مامەرکووژەی مەڵبەندی پیرە هەڵۆ دا تێپەڕ بم، لە پڕ دا دەنگی خورەی کانیە چاوێ هاتە گوێم و، گوتێ: هۆ رێبواری رێی پیرە هەڵۆ، راوەستەو، کەمێک پێت بگرەوە تا پەیامی خۆشەویستەکانی پیرە هەڵۆت بۆ دێنم.

کە پێم گرتەوە و، روو بەرووی دوندی بەرزایی بەردەکووڕ راوەستام، دیتم بەردەکوڕ لە ئاست وێنەی پیرە هەڵۆی نیشتوو لە سی و سێ ئەسحابەکەی دەوروبەری گوندی سیسێر، سەری رێزی نەوی کردوە و، کڕنۆش بۆ تاتە

بەردەکانی لێواری کانیە چاوێ دەبات کە سەردەمانێک پیرە هەڵۆ نوێژی خێری لە سەر دەکردن.

کە ویستم سەر بەرەو خوار بەرەو کانیە چاوێ داگەڕێم، دیتم پیرە هەڵۆ لە گەڵ میرزا سمایل و حەمە کەریمی مینە کەڕی و حاجی حەمەڕەش، دەستیان تێکگرتووە لە کانیە چاوێوە بانگ لە ڕووناکبیرەکانی گوندی سیسێر و دەوروبەری دەکەن کە بچنە سەر ئەو سەرچاوەو، پێکەوە کۆڕی بیروڕاگۆڕینەوە بۆ دەربازبوونی نەتەوەکەیان لە ژێر دەستی بگرن.

کە ئەوەم دیت، تاوێک دانیشتم و تێر لە فکران ڕاچووم، بەڵام پاش کەمێک فکر کردنەوە لە زەوتکرانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەم، کە سەرم هەڵێنا، دیتم بروسکەیەک لە قەڵات و شاخی چەوانەوە، بەرەو ئاسمانی ئەو دەڤەرە هەستاو، گشت ئەو دەڤەرەی ڕووناک کرد، کە لێیان ورد بوومەوە، دیتم ئەوە ڕووحی مردووەکانی ئەو گوندەیەو ، وەک گۆڵەجوتێرە سەریان لە خاک دەرهێناوە و نووریان لێدەبارێ و، بۆ پاراستنی پیرە هەڵۆو، یارانی داویانە لە چەخماخە.

کە لە خۆشی ئەوە باشتر لێیان ورد بوومەوە، دیتم پیرەهەڵۆ لە خۆشیان ناوچاوانی وەک لقی سەر تڵۆفکی دار بناوەکانی دۆڵی ماڵان و، کانیاوەکانی ئاوێنان ومەزیرو، قەڵاتەشێر و دۆڵی مەلاسمایلان و، لووسوکان گەش هەڵگەڕاوەو، لە بەر خۆیەوە فاتیحا بۆ ڕووحی پاکی مردووەکان دەخوێنێ.

دواتر کە ئەو دەڤەرەم بەجێهێشت و، بەرەوناوچەی نەڵێن کەوتمەرێ، بینیم کە خاڵە مینەی، پیرە هەڵۆی ناو سەنگەری مەردایەتی و، کوردایەتی و، سەر لووتکە و هەردان، لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێ تێکۆشەر و بە جەرگەکانی حیزی دێموکراتی، لە بن دارگوێزەکانی سەر کانیە خاڵەباد دانیشتووە، بیرەوەریەکانی بۆ هاوڕێکانی دەگێڕێتەوەوەو، باس لە جگەر گۆشەکانی دەکات کە چۆن سەبارەت بە مەسەلەی ماف و ئازادیەکانی نەتەوەی کورد بەجێی هێشتوون و ڕێگەی خەبات و تێکۆشانی گرتۆتەەر.

پاش تاوێک چاولێکردنیان کە هەستام بڕۆمە لایان و، چەند وشەو کرداری شۆڕشگێڕانە لە پیرە هەڵۆی بە ئەزموون فێر بم و، تاوێک ماندوو بوونی ڕێی خەباتم بە وتە شیرنەکانی لە جەستەم دەربکەم، دیتم وەک پۆلە

کۆترێکی سپی دایان لە شەقەی باڵ و، بە ئاسمانی سەر بەرزاییەکانی هەڵاڵاوی و نێوکێل و فێرەگ دا فڕین و لە سەری سپی ریزەوە، بە تەق لێدان بەرەو دەراوی سەرچاوەی سپی رێز شۆڕ بوونەوەو، وردە وردە لە سەر ئەو کانیاوە کە پڕ بوو لە بێری باڵا بەرزو چاوخوماری مەڵەندی نەڵێن، نیشتن و، لە گەڵ پێشوازی گەرمی کیژە کوردان رووبەروو بوون و، لە جوانی و پێکەنین و باڵای کیژە بیریە خاولاوەکانی ئەو دەڤەرنە کە تازە ئەوانیش لە هەوارگەکانەوە داەزیبوونە سەر کانیە سپی رێزی، شاگەشکە بوون و تێر لە ئاوی بێ گەرد و سازگاری کۆێستانی گوندەکەی گەرۆریان خواردەو، هەموو ماندوو بوونی خەباتی رێی رزگاری نەتەوەی کوردیان لە بیر چۆوەو حەسانەوە.

لە خۆشەویستی پیرە هەڵۆو، جوانی کیژان، زۆرم لێ روانین کە کات لە بەر خۆشی، ساڵ بە چرکە تێپەڕ دەبوو. بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کە کیژان بەرەو هۆبەو هەوارەکان کەوتنە رێ، پیرە هەڵۆش پێش هاورێکانی کەوتوو، بە هەوراز وبناری پشتی گوندەکەی گەرۆردا، رێی گرتەبەرو، بە سەری پانە سەرو، دووسەرندا تێپەڕی و، وردە وردە بەرە و مەڵبەندی سپی سەنگ کەوتە رێ و لە ماوەی چەند رۆژێک دا تەواوی هاوسەنگەرو دۆستانی لەو مەڵبەندەدا بە سەرکردەوە و، دوای چەند رۆژێک کە تەواوی ئەوبەراو بەری نەڵێنی پیرانشارو، سەردەشت و، رەبەتی تەڤاند، وردە وردە سەرێکی لە سەری گۆمێ و سەرچاوەی رەسوەشێتی و دەشتەکانی وەزنی و باژارو، لانک و گیارەنگ و، دووکانان و نۆڕی و، هۆمل دا و یارانی شۆڕشەکەی بە سەر کردنەوە .

پاشان کە لە گەشتی حیزبەکەمدا بووم، دیتم خاڵە مینە، پیرە هەڵۆی بە تەجرەبەو کارکوشتە، وردە وردە لە ئالانی سەردەشتەوە، وەری کەوتوە و، بەرەو چۆمخرکە و، چۆم پەمۆ دێت تا لە گەڵ یارانی لەوی کۆبیتەوەو لە سەر دابەشبوونی کار و تێکۆشانیان لە ناوچەکاندا رازو نیاز و دابەشینی کار بکەنەوە. هەر ئەو رۆژە پاش ماوەیەک دیتم چەک لە شان بەرەو خوارێ دادەگەڕێ و، بەرەو سەردانی خاڵ مەحموود فەرەجی، قسە خۆشی گوندی وەیسکی و مامۆستا خۆراگرەکەیان وەرێ کەوتووە، دەیهەوێ بە مەڵبەندەکانی سورکێوو، بابۆس و، پاش ئاربەبادا بڕوات و، دیدەنیەکی وێردیەکان و شەریف زادەکان بکات و، چۆنیەتی ئیدامەکاری شۆرشەکەیان پی بڵێتەوە و پێکەوە بەرنامەیەکی تازەتر دابڕێژنەوە.

بە دوای ئەوەشدا دیتم پیری گۆچان بە دەست، وردە وردە بە هەورازی حوجرەی فەقێیاندا سەردەکەوێت و،

دەیهەویت لە وێرا بڕوانێتە گشت شاری بانەو گوندەکانی ناوچەی حەوتەوانان. بەڵام دوای تاوێک دیتم وەک هەڵۆی بەرزە فڕی کەلێخانی کوێستانی کورد و، سوورکێوی سەربەرز، باڵی گرت و سەرێکی لە سەر شیوی سەقز داو، بە گوڕ، گەڕایەوە ناوچەی مەیدانانی بانەو، بە بەندەنی برایماغا و، زەردەگڵ و، تەرخان و، شابان و، جاتراوی و، بازگر دا هاتەوە شوێنی لە دایک بوونی و، تێر ڕوانیە گشت دەڤەرەکانی سەردەشت و ڕەبەت و، پاش چەند ساتێک لە سەرخۆ گەڕایەوە بەرزایی مەیدان چۆغەو، برایماغا و، سێوە سووریێ و، بەری پڕکانیان و، سەرێکی لە مەیدان ئەستەر و، تەرەغەی شەرەفکەندی داو، پاش ماوەیک بە مەبەستی حەسانەوە، لە گەڵ هاوڕێکانیدا گەڕایەوە بناری شاخی هێلۆێ لە پشتی گوندی قالوێی ناوچەی مەهاباد، بەڵام داخەکەم لەو کاتە د ا کە ماندووو شەکەت بوون و، خەریکی پشوودان بوون، خائینان بە نیشتمان، لە لای ساواک ڕا پۆرتیان لێدان و زۆڵە کورد و ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان هێرشیان بۆ دەبەن و زۆر بە توندی گەمارۆیان دەدەن کە دوای شەرێکی زۆر سەخت و گەرم، خاڵە مینە، پیرە هەڵۆی شاخی چەوانی سیسێرێ، وێڕای کاک عەبدووڵای موعینی شێری نێو سەنگەری کوردایەتی و مەردایەتی و ئیدی، شەهید دەبن و، تەرمەکانیان دەبەنە گوندی قالوێ و، لە بەردەرکی مزگەوتی ئەو گوندە دا، لە خۆڵ و خوێنیان وەردەدەن و، پاش چەند کاتژمێر بەرەو شاری مەهاباد دەیانبەن و سەر ئەنجامیش تەرمەکانیان بێ سەرو شوێن دەکەن کە ئێستاش هیچ زانیاریەک لەم بارەوە لە بەردەست دانیە.

یادیان بەخێر و ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێت و ئامانجیان بێتە دی

٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---

## بە یادی عەلی عەبدوڵڵاهی.

لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی دا هەر چەند هەلومەرج بۆ شۆڕشیکی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە نەکرابوو، بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەو کات کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان جێگەیان پێ لێژ کربوو، ناچار گەرانەوەوە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و، شۆڕشی کورد لەو بەشە دا، دای لە

چەغماغە.

هەستانەوەی شۆڕش و، دەست پێکردنەوەی ئەو شۆڕشە، وەک لە سەرەوەش باسم لێکرد و، هەلومەرجی بۆ ئامادە نەکرابوو، لەو کات و زەمانە دا، ئازایەتی و لە خۆبوردوویی زۆری پێویست بوو کە هێزێکی تەقریبەن ٧٠ ، ٨٠ کەسی پارتیزان ئەویش بە چەند برنو و ئیمێک و کەلاشینکۆف و پینج تیری کۆنەوە، بە گژ ئەرتەشێکی پۆشتە و پەرداخی شاهەنشاهی دا بچێتەوە کە ئەو کات بە ژاندارمی خەلیج دەناسراو، ولاتێکی گەورەی وەک ئەمریکاشی بە چەک و مەسەلەی مادیەوە پشتیوان بوو.

عەلی عەبدوڵلاهی، ناسرو بە عەلی عەولا کۆڵی، زۆر لێبراوانە وەک زۆر لە هاوبیرانی لە ناوچەکانی رەبەت دا بەشداری لەو راپەرینەدا کرد و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا وێرای هاوسەنگەرانی زەبری لە دوژمن وەشاند و قارەمانەتی بۆ گەل و نەتەوەکەی تۆمارکرد.

عەلی کورێکی رەزا سووک و جوان چاک و لە سەرخۆ بوو کە هەموو هاوسەنگەرانی بە دڵەوە خۆشیان دەویست و رێزیان لێدەگرت و ببوە جێگەی متمانەی هەموویان و بە تایبەتی کاک سمایلی شەریف زادە.

عەلی زۆری خزمەت بە خاک و نیشتمانی کرد و ئەوەی لە دەستی هات بۆ نەتەوەکەی کرد و هەمیشە بە دڵەوە ئامادەی بەرێوە بردنی ئەرک و مەحمووریەتی حیزبەکەی بوو.

لە نیوەی مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاوی دا لە گەل کاک سمایلی شەریف زادە و چەند کەس لە هاوسەنگەرانی بە مەبەستی مەحموریەتی حیزب لە ناوچەی مەیدانانی بانەوە بەرەو ناوچەی حەوتەوانان شۆڕدەبنەوە و شەوی ١٢ - ٢ - ١٣٤٧ی هەتاوی دەچنە گوندی دارێنە لە ناوچەی بانە، بەلام خائینێک بە ناوی کوێخا شەرفی ناوچەی سەقز کە خۆی خزاند بووە ناو پێشمەرگەکان، لە ماڵی کوێخا حوسێنی دارێنەی تەقە لە کاک سمایلی شەریف زادە دەکات کە لە ئاکامدا محەممەد شاتمانی بە سەختی بریندار دەبێت و خائینەکەش رادەکات و لە گوندی سیاوەمە خۆی تەحوێل بە جاش و ژاندارمەکان دەدا کە لەو کات دا بە دووی پێشمەرگەکاندا دەگەران.

کە ئەوە روو دەدا، بریندارەکە هەڵدەگرن و دەچنە نیوانی گوندەکانی هەڵۆو پەرشە و سەرتەزێن و، لە مۆچەیەک بە ناو چاڵە سووتاوان دەمێنەوە، بەڵام لەوێش کە بە داخەوە کەمتەر خەم دەبن، خۆشکە زایەکی کوێخا شەریف کە لە گەڵێان دەبێت، نایگرن و، خۆیان لیدەشاریەوە وئەویش دەچێتە گوندی سیاوەمە و خۆی تەحویل بە جاش و ژاندرمەکان دەدات و لە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان ئگاداریان دەکات و پێشیان دەکەویت و لە چەندین لاوە هیرشیان بۆ دەبەن و دەبێتە شەرێکی زۆر گەرم کە بە داخەوە سەرئەنجام چوار تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی عەلی عەبدوڵلاهی ناسراو بە عەلی عەوڵا کۆڵی خەڵکی مرانێی ناوچەی مەیدان چۆغەی رەبەت و، سمایلی شەریف زادە خەڵکی شاری مەهابادو، حوسێنی رەحمان رابی خەڵکی مەریجەلانی ناوچەی بانە شەهید دەبن و یەکێکیش بە ناوی عەبە رەشی بانەزێری ناوچەی رەبەت، بە بریندای خۆی دەرباز دەکات.

بە دوای ئەوە دا تەرمەکانیان دەبەنە شاری بانە و لەوێش پاش چەند ساعەتێک راگرتنیان لە پادگانی بانە بە سواری کۆپتەر بەرە و شاری سنە بەری دەکرێن کە بە قسە هەندێک کەسی کە ئەو کات بە دوای ئەم مەسەلە دابوون، دوای سێ رۆژ لە وێ لە لایەن خەڵکی شۆرشگێری ئەو شارەوە بە خاک دەسپێردرێن.

بەرێز بێت یادی شەهید عەلی و هەموو شەهیدان و، مەرگ و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---

## کۆچی باوکم، نەی گریاندم، بەڵام؟

٢٦ی خەرمانانە، ٢ رۆژە باوکم کە چاردە ساڵی رەبەقە نەمدیتوە، کۆچی دوایی کردوە و، پرسەکەی تەواو نەبوو و، ئێستا دەمەو نیوەرۆیەو، کاک ئەحمەد نستانی کە لە لێوژێرا بە مەبەستی سەرەخۆشی هاتۆتە ماڵی ئێمە، هەڵکەوتوو لە بۆکریسکانی بناری قەندیل، لەبن چادرێک دانیشتوین ودڵخۆشی من دەداتەوە.

لە دەست چوونی باوکێکی دڵسۆز کە لە ژیانمدا جارێک ئەمدی دەست بە رووەمەوە بنێ و هەرچی ویستم بۆ منی کرد، زۆر گران بوو. بەڵام خۆشەویستی بۆ گەل و ئەتەوەکەم و رێنوێنیەکانی باوکم سەبارەت بەوە کە دەبێت لە بەرامبەر پێشهاتەکاندا لە رێی رزگاری خاک و نیشتمانم چەندە خۆڕاگر بم، هەر چەند زۆرم پەرۆش بوو، فرمێسک لە چاوم نەهاتن، بەڵام؟

ئێستا، ئەوە ساعەت دوازدەونیوی نیوەرۆیە و، لەبن چادرەکە دەستم برد بۆ رادێو چووکەکەی ناو رەخت و فیشەکدانەکەم و دەرم هێناو دەنگی کوردستانم گرت، بەڵام هەر کە کردمەوە، راگەیاندراوی دەفتەری سیاسی پێ بوو، رایگەیاند کە د. سادق شەرەفکەندی لە بیرلینی ئاڵمان تیرۆر کراوە.

کە دەنگی کوردستان ئەوەی راگەیاند ، ئیدی خەمی کۆچی دوایی باوکم لە بیر چۆوەو، خۆم پێ رانەگیراو فرمێسک لە چاوم جاری بوون و دونیا لە پێش چاوم تاریک بوو.

کە کوردستان ئەم هەواڵە ناخۆشەی بڵاو کردەوە، ئیدی کاک ئەحمەد نستانیش کە قەرار بوو نیوەرۆکەی لای من بمینیتەوە، خۆی پێرانەگیراو بە نیگەرانیەکی زۆرەوە هەستاو کەوشەکانی دەپێ کردن و بە نارەحەتیەوە خوا حافیزەی خواست و بەرە و جادە داگەڕاو رێگەی سەرکردایەتی حیزبی لە گوندی بۆڵێ گرتەبەر.

رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو, کە هەواڵەکە بڵاو بۆوە، هەموو پێشمەرگەکان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان دەگریان و، کەس نەبوو دڵ خۆشیان بداتەوە.

ئێستا کە ئەوە چەند کاتژمێرێکی بۆ بیست و یەکەمین ساڵی ئەو تیرۆرە ناجوانمێرانە ماوە، تەواوی نارەحەتیەکانی ئەو رۆژم لێ میوان بوونەوە و، وادەزانم ئەمرۆیە کە ئەم سەرکردە مەزنەیان تیرۆر کردوە، شەرت بێت، تا لە ژیاندا بم قەت ئەو بیرەوەریە تاڵەم لە یاد ناچێتەوە و تا مردنیشم بەم سەرکردە نەمرو نەترسە، وە فادار بمێنمەوە، سڵاو لە شەرفەکەندی و هاوڕێیانی و، بمرن تیرۆریستان و گشت دوژمنانی کورد و کوردستان.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## بە یادی زیندانیانی سیاسی...

دوای سەر كەوتنی شۆڕش گەلانی ئێران كە ئاخوندەكان دەستكەوتەكانی شۆڕشیان بە تاڵان برد و، دەسەڵاتیان لە دەست خۆیاندا قەبزە كرد، زۆری بە سەر دا تینەپەڕی كە بێ سێ و دوو لێكردن، وەک قەسابی كۆشتارگەكان، كەوتنە لەت وپەت كردنی رۆڵەكانی نەتەوەكانی ئێران و،

رووحمیان بە كەس نەكردو، ئاگریان بە دڵی ملیۆن كەسی ئێرانەوە نا و، بە تایبەتی لە كوردستان لافاوی خوێنیان وەرێ خست و، لە شاخ و دۆڵ و دەشت و دەر، بەنێزە و خەنجەر و قەمە و فیشەک و تركەشی گوللە خۆمپارە و تۆپەكانی، لە زەوی و ئاسمانەوە، مێشک و دڵ و جەرگی كوڕ و كچ و پیر و جوانی كوردستانیان هەڵدڕی و، چیان پی خۆش بووكردیان كە بە وەش نەوەستان و پۆل پۆل لە كیژ و كورانی نەتەوەكانی ئێرانیان رۆژ بە دوای رۆژ دا راپێچی بەندیخانە جیا جیاكان كرد و، لەوێشدا زۆر بێ بەزەییانە خەڵتانی خوێنیان كردن و، ئاگریان بە جەستەوە نان و بۆسۆیان لێ هەستاندن كە بە داخەوە كۆمەڵگای جیهانی بەرامبەر بەو تاوانە گەورە دەنگی لێوە نەهات و، زلهیزانیش گوێچكەی خۆیان لەو تاوانە گەورە كڕ كرد و، بە قەراخ ئەو جینیاەتە گەورە دا تیپەڕین و، مەسڵەحەت و بەرژەوەندیخوازی كوێری كردن.

من لێرە دا بە مەبەستی رێز گرتن لە هەموو زیندانیانی سیاسی كە زۆر خۆڕاگر و ئازایانە لە زێندانەكان دا و، لە ژێر ئەنواحی ئەشكەنجەی قەسابەكانی خومەینی و خامنەیی دا خۆیان راگرت و، خۆ رادەگرن و، بە جۆرێک لە جۆرەكان لە بن پەتی سێدارە دا تێدا چوون و، سەریان بۆ دوژمن نەوی نەكردوە و ناكەن و، بوونە رەمزی خۆڕگری نەتەوەكانیان، بە یادی ئەوان چەند دێرێک دەنووسم.

لێرە دا دەڵێم: زیندانی سیاسی كێوە، بەبری هەردانە و، شێری كێوانە، كوڕی راستەقینەی گەلانە و، هەڵۆی بەرزە فڕی مەیدانی خەبات و تێكۆشانە و، قەت نەبەزیوە و، نابەزێ و، زیندان و ئەشكەنجە و لێدان و سەرما و گەرما و هەڕەشەو گوڕەشە نایترسێنێ و، لە بەرەرەكانی ناوەستێ و، لە ئاست دوژمن چاوسوورە و، لە ئاند كۆمەڵگاكەشی رووسوورە و، جوانتر لەئەستێرەی گەشی ئاسمانە و، تاریكی روون دەكات و سەختیەكان تێكدەشكێنێ.

بەڵێ، هەموو ئەو سەربازە وون و، رووحە پاکانەی بێ تاوان فڕێندران، ئێستا وەک ئەستێرەی گەشی ئاسمان لە بەر چاوی کوڕ و کچانی نەتەوەکانی ئێران دا دەدرەوشێن و، کاتە تاریکەکان تێک دەشکێن و پڕ بە گەروی زەوی هاوار دەکەن و، دەڵێن: هۆ دوژمن، تۆ کەڕی، کوێری، چاوت بە ئاشتی هەڵنایەت و، دەنگی ئازادیخوازی نابیسی و لە ئاست راستیەکان لاڵی.

لێرە دا پێویستە کە بە گشتی رۆڵەی نەتەوەکانی ئێران بە ریزەوە بڕوانە سەربردەی رۆڵەکانیان لە ناو زیندانەکانی کۆماری بە ناو ئیسلامی دا و، سەری رێزو تەعزیم لە بەرامبەر خۆڕاگریان دا نەوی بکەن و، شانازیان پێوە بکریت کە لە مردن نەترسان و ناترسن و، فیداکار بوون و، فیداکاری دەکەن.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---

## *بە یادی هەڵۆی کوێستانی کورد.*

هەمزە سارتکەیی, ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی ساتکێ لە ناوچەی مەیدان چۆغەی رەبەت لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروە و میواندار و بە حورمەت و زەحمەتکێشدا هاتە دونیاوە، هەمزە پاش ئەوەی دەورانی ساوایی لە نێو کۆڵان و باوشی گەرمی دایکیدا تێپەڕ کرد، لە تەمەنی شەشی ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کرا و تا پۆلی 5ی سەرەتایی لە گوندی سارتکێ درێژەی بە خوێندن دا. بەڵام بە دوای ئەوهشدا وازی ە خوێندن نەهێناو بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوە شاری رەبەت و تا پۆلی سێهەمی راهنمایی درێژەی بە خوێندن دا. بە لام بە دوای ئەوە دا وازی لە خوێندن هێناو وێڕای ئەندامانی بنەماڵە کەیان رووی کردە مووچە و مەزرا و شانی دایە بەر کارو کاسبی.

لەو کاتانەی دا کە ئێستا هەر وا نەوجەوانێک زیاتر نەبوو، لە سەر بریاری باوکی ژیانی هاوبەشی پێکهێنا، بەڵام ئەو هاو پیوەندیەیی زۆر نەخیاند و لیک جیا بوونەوە.

کاتێک تیکۆشانی ئاشکری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکراو لە زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستاندا بنکە و بارەگای حیزبی دێمووکراتی کوردستان دامەزران، هەمزە پیوەندی تەشکیلاتی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت .بەڵام لە بەهاری ١٣٦٠ی هەتاوی دا رووی کردە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و راستەو خۆ چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و دێرژەی بە تێکۆشانی حیزبی داو لە ماوەیەکی زۆر کوردا خۆی نیشان داو بە هۆی ئازایەتی بوە خۆشەویستی خەڵکی ناوچە و گشت هاوسەنگەرانی زۆری پێ نەچوو کە هەر بە هۆی لە خۆ بوردوویەوە بەرپرسایەتی نیزامی پێدراو لە دەستەی شەهید رەحمانە رەش دا درێژەی بە تیکۆشانی حیزبی دا و لە زۆربەی هەرە زۆری شەرەکانی ناوچەکانی رەبەت دا کە بە دژی دوژمن بەریوە چوون بەشداری کرد و زەبری بە ژانی لە دوژمن وەشاند.

ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی دوای شەهید بوونی محەممەد قادر زادە کە بەر پرسی دەستەی شەهید رەحمانە رەش بوو، بەر پرسایەتی جێگری دەستەی پێدراو زۆر باش ئەو بەر پرسایەتیەیی بەرێوە برد.

بە دوای ئەوەشدا ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بە هۆی شارەزابوون لە کاری نیزامی بەرپرسایەتی فەرماندەری دەستەی پێدرا و هەر وەک رابردووی درێژەی بە کاری حیزبی دا.

دوو ساڵ پاش ئەوەش، لە بەهاری ١٣٦٥ی هەتاوی دا کە بە مەبەستی پاریزگاری لە دەفتەری سیاسی و سازماندەیی نوێی هێزی زمزیرن چوونە بنکەی سەرکردایەتی حیزب هەڵکەوتوولە گەورە دێ و گەڕەدێی باشووری کوردستان، ناوبراو بەر پرسایەتی جێگری فەرمانە لکی پێدراو زۆر باش لەو پۆستەشدا سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

بە دوای ئەمانەشدا،لە بەهاری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی دا بەرپرسایەتی جێگری هێزی پێدراو بە کارامەیەوە ئەو پۆستەشی بەرێوە برد.بەڵام لەو ماوانەی دا جارێک بە سووکی برینداربووکە پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی گەڕیەوە ناو سەنگەر و پاش چەند مانگیش ژیانی هاو بەشی پیک هێنایەوە و بوو بە ساحەبی ماڵ و منداڵ.

ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بە هۆی رابردووی پڕ لە خۆ بووردوویی وشارەزا لە کاری نیزامیدا،وەک فەرماندە لک درا

بە هێزی ئاربەبی بانە. بەڵام زۆری نەخایاند کە لە ١٣٦٩ دا بەر پرسایەتی هێزی ئاربەبای پێدرا و زۆر بە باشیش ئەو پۆستەشی بەڕێوە برد و ماندوو بوونی نەناسی، بەڵام لەو کاتە دا دایکی کە بە راستی ژنێکی زۆر شۆڕشگێر و گەلدۆست بوو ، کۆچی دوایی کرد و هەمزەی زۆر نیگەرن کرد. چونکە لە رادەبەدەر دایکی خۆش دەویست. بەڵام ئەم رووداوەش هەمزەی لە کاری حیزبی وەدوا نەخست و هەروەک رابردووی دریژەی بە کاری حیزی دا و لە ١٣٧٥ دا گەرایەوە بۆ هێزی زمزیرن و بەر پرسایەتی جێگری هێزی پێدرا و بۆ ساتێک لە کاری حیزبی راوەنەستا، بەڵام لەو کاتەشدا کە هەموو چەند سەعتێک بوو سەردانی باوکی کرد بوو، باوکی کۆچی دوایی کرد کە ئەوەش بۆ هەمزە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام هیچ نارە حەتیەک ئەوی بە چۆک دانە هێناو هەروا جسوورنە لە مەیداندا مایەوە و دریژەی بە خەبات دا پاش هەمووی ئەمانەش، لە ساڵی ١٣٧٧ دا بەرپرسایەتی ئەندامی ناوەندی ٢ی کوردستانی پێدرا کە زۆری نەخایاند بە هۆی سەرکەوتنی لە کارەکەیدا پلەی کادری دەرەجە دووی حیزبی پێدرا.

بە دوای ئەوە دا کە کۆنگرەی چواردەی حیزب بەسترا، لەو کۆنگرە دا بەشداری کرد و خۆشی بۆ ئەندامی کومیتەی مەرکەزی پاڵاوت. بەلام لەوە دا رأی ئیعتمادی وەدەست نەهێنا. بەلام هەر پاش کۆنگرە بەر پرسایەتی تداروکاتی گشتی حیزبی پێسپێردار.

بە دوای ئەوە دا رۆژی ١ - ٥ - ١٣٨٧ وەک بەرپرسی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بە مەبەستی کارو چالاکی حیزبی گەڕیەو ناوچەی رەبەت و، بۆ ماوەی ٢٢ رۆژ لەوێ مایەوە و شەوی ٢٣ - ٥ - ١٣٨٧ گەرایەوە گوندی گردێنە لە ناوچەی سەردەشت وئەو رۆژە لەوێ مایەوە. بەڵام؟؟؟

٢٣ی گەلاویژە، ئێوارە یە، کاتی سێبەر داگەڕانە، هەڵۆ تیژ باڵەکەی شاخە رەش، دەبەر ماڵی گردێنەی ناوچەی سەردەشتەوە، وردە، وردە، بە یەک دونیا ئاواتی وەدی نەهاتووی، بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ لای خۆشەویستانی، کەوتۆتە ڕێ و، نەرم ،نەرم هەنگاو دەنی .بەڵام لەو کاتە دا، قەلە کەلاک خۆرەکان و،نەفس نزمەکان و، خۆفرۆشەکان، زۆر نامەردانە لێی دەچنە کمینەوە و، دلڕەشانە قەڵافەتی پیاوانەی دەدەنە بەرچەکی دەستیان و، وێڕای دوو پارتیزانی ژێر فەرماندەیی بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری ، شەهیدی دەکەن و، بەیانی رۆژی دواتر، تەرمەکانیان دەبنە شاری سەردەشت و، سەر ئەنجام بێ سەرو شوێنیان دەکەن.

کە هەواڵی شەهید بوونی هەمزە سارتکەیی لە ناوچە دا بڵاو بۆوە، گەردەنەی زمزیران و، چیایی پشتی گوندە نستان و، کێوی برایم جەلاڵ و، تەرخانی سەر بەرز و، جاتراوێی قەت بە چۆکدانەهاتوو، فێرگ وهۆمل و گیارەنگ، هەموویان وێکرا، تێکیان راخوری و، بانگیان لە کچانی نیشتمانپەروەری سەردەشت و رەبەت کرد و، گوتیان: هۆ کچینە، وەک شەریعەتی ئیسلامیش قبوڵیەتی و، دەڵێ: شینی خۆشکان بۆ برایان حەلاڵە، هەستن شین بۆ کاکتان بگێڕن و، بە فرمێسکی چاوەکانتان، قوڕ بۆ سەری دوژمن و جاشەکانی بگرنەوە.

کچانی نیشتمانپەروەرو رووسووری ئەم دەڤەرانە، کە ئەو هەواڵەیان بیست، دڵیان گڕی گرت و، فرمێسک لە چاویان وەرین و، بەرە چۆمی کەلاوی کەوتنە رێ و، تێکەڵ بە خوڕەی ئەو بوون و، وێکرا بەرەو باشووری کوردستان کەوتنە رێ، تا لە دەشتی کۆیە بەشداری پرسەکەی بکەن و، تێکەڵ بە فرمێسکی چاوی کچە یادگارە بە جێماوەکانی بن.

٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---

## مەرگی هونەرمەندێک و، بیرهێنەرەوەی، بیروەریەک.

دوێنێ لە سەر تۆری فەیسبووک، هەوڵی کۆچی دوایی رەحمان دڵدار - م بیست.کە هەواڵەکەم خوێندەوە، دەموو دست بە خیاڵ چوومەوە هاوێنی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، واتا دروست ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا کە لە نێو گوندی شینوێی ناوچەی سەردەشت لە گەڵ حەسەن شاگووپی رەحمەتی و،

پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران، لە ماڵێک چاومان بە رەحمان دڵدار کەوت.

کاتێک چاوی پێمان کەوت، زۆر خۆشحا بوو و وەک گوڵ گەش هەڵگەڕا. جگە لە حەسەن شاگووپ هیچمانی نەدەناسی، بەڵام بە دیتنی حەسەن زۆر، زۆر خۆشحابوو کە حەسەنیش بە دیتنی رەحمانی سەد قات زیاتر

خۆشحاڵ بوو.

حەسەن دەستی لە مل کرد و گوتی: دەی بە قوربانت بم، جا ئەم شۆ تاوەرەز دەبین، بۆمان بڵێ و تا بەجێت دێڵین تەپڵەکەت دامەنێ.
جاخوا وەت حەسێنێ، رەحمان کە ئەوەی بیست تاوی دایە تەپڵەکەی و، دای گرت و دەستی بە گوتن کرد کە بەرادەیەک پێشمەرگەکانی خۆشحاڵ کرد بوو کە پاش چەند ساڵ دواتریش کە بە نزیک شینوێ دا دەرۆیشتین، دەیان گوت: خۆزگە بەو شەوەی کە لێرە شەوەکەی رەحمان دڵدار گۆرانی بۆ دەوگوتین.

ئەو شەوە تا درەنگانێک لەوێ لە لای ماینەوە و رەحمان زۆر قسەی خۆشی بۆ کردن کە سەرنجی زۆر لە پێشمەرگەکانی بۆ لای خۆی راکێشا.

رەحمان دڵدار کەسێکی رووخۆش و گۆرانی بێژ بوو، خەڵک خۆشیان دەویست و گەل دۆست و نیشتمانپەروەر بوو، بەڵام داخەکەم لە بارەی ماڵیەوە دەستکورت بوون. بەڵام بەم حاڵەش قەت سەری بۆ دوژمنانی نەتەوەکەی شۆڕ نەکرد و هەروا رووسوورانە ژیا، نموونەی ئەم راستیەش، ئەوەیە کە کاتێک کۆچی دوایی دەکات، بە مەبەستی دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی دوور لە زێدی خۆی خەریکی کار و کاسبی دەبێت.

لێرە دا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران، رەحمان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دەبێتە پێشمەرگە و چەکی پارێزگاری لە نیشتمانی دەکاتە شانی ولە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵکەوتوو لە گوندی دێوالانی ناوچەی سەردەشت، درێژە بە ئەرکی حیزبی دەدا.

من وەک خۆم کە بە کۆچی دوایی ناوبراو زۆر نارەحەت بووم، بە پێویستم زانی بۆرێزگرتن لە خزمەتەکانی کە بە گۆرانی کوردی کردنی، شتێک لە سەر ناوبراو بنووسم. لە کۆتایشدا، هیوا دەخوازم خوای گەورە بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## بە بێ هێزی پێشمەرگە و، شۆڕشی چەکداری، دڵی کوردستان لە لێدان دەکەوێ.

ساڵەهای ساڵە کوردستان لەلایەن دوژمنانی ڕەنگاورەنگەوە، لێرەولەوێ و، لەم لاو، لەولاوە، زۆر دڵ ڕەقانە هەڵیانکوتاوەتە سەر، سەری و، وەک گورگی هار و، ماری لە شەڕو،ورچی کەلاک خۆر، شاڵاوو پەلاماریان بۆهێناوەو، پرمۆڵیان لە دارو بەردو،داوێنی ڕۆڵەکانی گرتوەو، گەزتوویانە و،

بە تاک و بە کۆ، لێیان کوشتووە و، زیندوو، زیندوو لە نێو باڕووت و دووکەڵی چەکی کیمیایی دا، سووتاندوویانە و، خنکاندوویانە و، بە لێشاو لێیان وەپێش خۆیان خستوون و، دەریان کردوون و، ئاوارەی ئەندەران کراون و، بە هەزارنی لە ئەنفالە بەد ناوو، ڕەشەکاندا لێ زیندە بە چاڵ کراوە و لە چوار لاوە، بە ملیۆن کەسی لێ خراوەتە نێو چاڵە ڕەشەکان و، جەستەیان شەقارشەقار کراوە و، ویستوویانە زمانی ببەستن و، بیخەن و، هەناوی دەربێنن و، بیکەنە پەندی زەمانە.بەڵام ڕۆلە فیداکار و، لەخۆ بوردوو، گیان لە سەر دەستانی نەتەوەکەمان، وەچە بە دوای وەچەدا، لە هەموو دەورانە ڕەشەکانی دا کە بە سەریان هێناوە، وەک پۆڵاو، شێرو، کێو ڕاوەستاوە و نەچەمیوە و، لە ڕێگەی خەباتی چەکداری، جا چ بە چەکی سارد بووبێت، یان چ بە چەکی گەرم بووبێت، لە مەیدان دا ماوەتەوە و، خۆی (کوردستان) بە خوێنی سوورو گەشی لاوەکانی پاراستوە.

نموونە بۆ ئەم ڕاستیە، ئەمە، ئەگەر شۆڕشەکانی کورد لە ڕابردوویکی زۆر دوور و، لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ و، ئەم دواینەی نەتەوەکەماندا نەبوایە، بێشک ئێستا کورد وەکو ئێستا کەماوەتەوە، نەدەمایەوە و، زۆربەی خاکی کوردستان لە سەر زەوی کوردستان دەسڕایەوە و، زۆر زۆرتر بە خاکی وڵاتی بێگانان دەلکێندرا.

با لە خۆمانی نەشارینەوە و، وەک باسم لێکرد، لە سەردەمانێک دا کورد بە چەکی سارد دیفاعی لە مان و مەوجوودیەتی خۆی کردوە و، لە درێژەی مێژووش دا کە چەکی گەرم هاتۆتە گۆڕێ، بە چەکی گەرم بەرنگاری دوژمنانی کە بە چەکی گەورە و بچووک موسەلەح بوون، بۆتەوە و، جار بە دوای جاردا، چەکی لە دوژمنانی گرتوە و بە دژی خۆیان بە کاری هێناوە تەوەو، ڕووسوورانە و سەر بەرزانە دێفاعی مەشرووعی لە خۆی کردوە.

سەرەڕای ئەو هەموو پیلانانەی دوژمنانمان لە هەر چوارلامانەوە، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان هەستی نەتەوەییان لە دڵدا نەمردوە و، دوژمنان نەیان توانیوە ئەو هەستە پیرۆزە بکوژن و، لە زۆر کاتی حەساس و لێقەومانیش دا چۆکی دانەداوە و، بە پشتیوانی هێزی چەکداری خۆی، سەر زەویەکەی چۆڵ نەکردوە و، هەروا نێرنە دەنگی ئازادی و ئاشتیخوازی هەڵبریوە و، ماوەتەوە کە: شۆڕشەکانی ئەو دوایانەی ئەو شێست حەفتا ساڵەی دوایی کوردستان لەو دیو و، ئەم دیو و، ئەم لاو، ئەو لای کوردستان، شاهیدی بۆ ئەم بۆچونەی سەردێڕی بابەتەکەم دەدەن و، پێمان دەڵێ نابێت کورد هێزی پێشمەرگە وەلا بنیت و، دەست لە شۆڕشی چەکداری شل وبەردا، چونکە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و، مانەوە مان لە مەیداندا و، بە ڕەسمی گەیاندنی نەخشەی سەرزەوی کوردستانمان بۆ نێو نەخشەی دونیا، پێویستیمان بە هێزی پێشمەرگە و، شۆڕشی چەکداری هەیە. چونکە، گەر بێ چەک کراین و شۆڕشی چەکداری لە گۆڕێدا نەما، دوژمنانمان کە بۆ خۆیان لە هەموو بۆارەکانی نیزامیدا پڕ چەک وساحەب هێزی نیزامین و، زلهێزانی دونیاشیان لە پشتە، هیچ حیسابێکمان بۆ ناکەن و،وەک ئەمڕۆ کە لە ڕۆژاوای کوردستان زۆر نامەردانە بەربوونە گیانی منداڵە ساواکانمان، زۆر خراپتر لێمان رادەسێن و رووحمان پێ ناکەن و،دەمانکوژن و، نەسل کوژی دەست پێدەکات و، دڵی کوردستان دەکوشن و، بێ روحمانە لە لێدانی دەخەن و، ئەو کات گورگەکان دەمان خۆن و، قەل و داڵی ڕووڕەشیش، بە گۆشتمان خەنی دەبن.

٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

---

## ئاستەنگەکانی بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی، چۆن تێکدەشکێن.

گرتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، وردەکاری زۆری دەوێت و، بە قەدەر بەرزی نێوان ئەرز و ئاسمان لە خۆبوردوویی دەوێت و، دەبێ هەر جۆرە بە قازانج گرتنی فەردی و حیزبی، ڕەد بکرێتەوە و، مەبەست تەنیا(کاکڵەی ئەسڵی، بەرژەوەندی نەتەوەیی بێت) من لەم وتارە کورتە دا،

رووی قسەم بە تەنیا لە هیچ حیزب و شەخس ولایەنیکی دیار و موشەخەس نیە و، نەزەری خۆم بۆ چۆنیەتی گرتن

و سەر کەوتنی ئەم کۆنگرە دەردەبرم و، لەم بارەوە بە قازانجی نەتەوەکەم دەدوێم.

بانگەواز کردنی گشت حیزب و لایەنە جیا جیاکانی نەتەوەی کورد بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە لایەن هەر حیزب و شەخس و لایەنیکی کوردی بێت، خۆی لە خویدا کاریکی نیشتمانی و زۆرگەورە و بە جێیە. بەڵام، لێرە دا پێویستە شەخسییەتەسیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە بە نفووزەکانی نێو نەتەوەی کورد بۆ ئەم کۆنگر بانگ بکرین و نەخرێنە پەڕاوێزەوە.

لە گەڵ ئەم بۆ چوونەشمدا، هەرچەند من وەک خۆم، یەک بە یەک رێزێکی تایەتیم بۆ گشت رێبەر و سەرکردەو پیاوە دیار و بەرچاوەکانی نێو گشت کۆمەڵگای کوردەواری و، هەموو تێکۆشەرانی نەتەوەکەم هەیە، بەڵام لە گەڵ ئەوە دانیم کە ئەو کۆنگرەی بە ناوی چەند رێبەر و سەرکردەی کوردەوە بکرێتەوە.

من پێم وایە کە کردنەوەی ئەو کۆنگرە ، کە کۆنگرەیەکی نەتەوەییە و، کاری گشتگیر و نەتەوەیش دەکات، دروستیەکەی ئەوەیە کە: بە ناوی گشت شەهیدانی کوردستان بکرێتەوە، چونکە کۆنگرەکە ئی چەند حیزب و ریکخراوی تایبەتی نیە و، پرسەکە، پرسێکی گشتی و نەتەوەییە.

ئەگەر ئاورێکی کورت لە مێژوو بدەینەوە، مێژوو پێمان دەڵێت: خەڵکی کورد لە مێژە لە درسیمەوە بگرە، تا ئامید و نهری وبارزان، لە رەواندوزوقامیشلوو و کەرووکەوە، تا سلیمانی و کرماشان، لە سنە و مەهابادەوە تا ورمێ و زۆری تر، بۆ مەبەستەکانی کە ئەم کۆنگرەی بۆ دەگێرێ، خەباتی کردوە و، بە سەدان رێبەر و، سەرکردە و، بە ملیۆن کەس لە ئەندامانی خۆی پێشکەش بە گەیشتنی ئەم بیرە پیرۆزە کردوە کە ئەم کۆنگرەی بۆ دەگێری و، مان و مەوجوودیەتی خۆی بەخوێنی رۆڵەکانی لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکەی، پاراستوە.

نابی لە بیرمان بچێت کە برینی ئەم رێگە سەختە، ئاستەنگ و کۆسپی زۆر لە پیش بوون و هەن و، وردەکاریەکی تەواوی دەوێت و، دەبیت بە هۆشیاریەوە کۆسپەکان بشکێندرێن و رێگەکان تەخت بکرێن و، هەوڵی جیددی بۆ بن بڕ کردنی ناڵێکیەکانی یەک ریزی نەتەوەی کورد بدریت.

لە پێش هەموو شتێکدا، پێویستە کە بۆ کارێکی ئاوا بە جێ و گەورە و بەنرخی نەتەوەیی، ریزی هەموو حیزبە سیاسیەکان لە هەر چوار بەشی کوردستان دا، رێک بخری و، ناکۆکیەکان گۆڕ بکرین و، بە هەنگاوی برایانە و ئاشتیەوە، واریدی سالۆنی گرتنی ئەو گۆنگرە بن.

بێ شک ولاتانی دەورو بەرو لە سەرووشیان رەنگبێ بەشێک لە زلهیزانی دونیاش، لە گەل ئەوە دا نالێک بن، بەلام ئەو یەک رێزیە گشتییەیی کورد کە لە سەرەوە ئیشارەم پیکرد، ئەم پیلان و فکرە دواکەوتوانە تیکدەشکێنێ و لەم مەیدانەش دا کورد سەر بەرز دێتە دەر. بەلام نابیت رێبەرانی کە رێبەری ئەم کۆنگرە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، فریوی پێکەنینی دوژمانی کورد لە هەرچوارلای دەورو بەرمان بخۆن، چونکە، ئەوەی بە خۆشی زستان و پێکەنینی زالم باوەر بکات، مڵ وێرانە

۲۳ی جوولای ۲۰۱۳

## رۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستی بە شۆڕشێکی جەماوەری هەیە.

ئازیزانی خوێنەر، پێشەکی پێویستە بۆ نووسینی ئەم وتارە، یان بابەتەکەم، کەمێک بەرە و رابردوو بگەڕێمەوە و، لانی کەمی ئاورێکی زۆر، زۆرکورت لە مێژووی چەند دەیەیی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان بدەمەوە و، جا ئەو کات زەروریە کانی ئەو بابەتەم بینمە بەر چاوی خوینەرانی بەرێز و، گشت جەماوەری بە شەرەفی کوردستان و، هەموو رێکخراو و حیزب و سازمان و جەریانە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتیەکان و ئیدی.

ئازیزان، زۆر لە مێژە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان وەچە بە دوای وەچە دا لە رێزی راپەرینە جیا، جیاکانی وەک مەحمود خانی کانی سانان لە جنووبی رۆژهەلاتی کوردستان و، راپەرێنی جوتیارانی موکریان و، هاتنە مەیدانی ئەمەر حەمە سوور لە ناوچەی سەردەشت و، راپەرێنی سمایلاغای شکاک لە ناوچەی ورمێ و، تێکۆشانی کۆمەڵەی ژیکاف لە مەهاباد کە دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری

کوردستانی لێکەوتەوەو، هەمووحیزب و ڕێکخراو و سازمانە جیا جیاکانی ئەو بەشەی کوردستان، بۆ وەدەست هێنانی مافی خۆیان خەباتیان کردوە و خەبات دەکەن.

ئەم خەبات و تێکۆشانانە هەموویان پێویست بوون و جێی شانازی نەتەوەی کوردن و لە مێژووی نەتەوەکەماندا وەک ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی نیشتمانەکەمان هەمیشە لە بەر چاوی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دا دەدرەوشێن و قەت لە سۆلە ناکەون و زۆریان خزمەت بە بەرەو پێشبردنی مەسەلەی کورد کردوە و، بە دەیان هەنگاو بەرەو پێشیان بردوە کە لەو پێناوە دا نەتەوەی کورد زۆری قوربانی داوە و سەرمایەکی گەورەی خۆی پێشکەش بە بارگای ئازادی و سەربەستی کردوە کە لە ناو ئەو قوربانی دانە دا زۆر سەر کردە و فەرماندە و ڕێبەری بە ئەزموون و نەترس لە هەموو حیزب و سازمان و ڕێکخراوە جیا جیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەبیندرین کە بە گشتی هەموویان لە ناو گەلی کورد دا جیگەی شانازین و فەخریان پێوە دەکرێ کە هەموویان تەئسیر و کارایی خۆیان هەبوە و هەیە کە وێڕای هەموو شەهیدانی کوردستان جێگەی شانازین و نەخشیان دیارە و ون نین. بەڵام با ئەو ڕاستیەمان لە بیر نەچێ و هیچ کام لە خۆبایی نەبین کە لە گشتی دا جگە لە دوو دەورانی کورتی وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرەتای ئینقلابی ١٣٥٧ی هەتاوی گەلانی ئێران، ئەویش لە ماوەیەکی کەم و کورت دا کە ئەویش گشت گیر نەبوون، نەمانتوانیوە شۆڕشێکی گشت گیری جەماوەری و هەمەلایەنە لە ناو جەماوەری کوردستاندا دروست بکەین و شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەینە شۆڕشێکی جەماوەری، بەو مانایە کە لە گشتییماندا مسەلەی حەللی مەسەلەی کوردمان لەو بەشە دا لە مەسەلەی حیزبی و ڕێکخراوەیی و سازمانی و ئیدی پی گرنگتر بێت، چوونکە گەر وانەبوایە یەکمان دەگرت و ئێستا مەسەلەی قەزیەیی کورد جۆرێکی ترو لە جێیەکی تر دەبوو.

مەحموود خانی کانی سانان تێکۆشانی درێژە دا و ماندوو نەبوو، ئەمەر حەمە سوور سربازی نەدا بە ڕێژیمی شاو، خۆ ڕاگری کرد، سمایل ئاغا شەهید کرا و کورد بە چۆکدا نەهات، ڕاپەرینی موکریانیان تێکشکاند، بەڵام بیری نەتەوەیی نەمرد، کۆماریان ڕووخاند و قازی و قازیەکان و ئیدیان لە دار دان، بەڵام شۆڕش هەر وا درێژەی کێشا و ئینقلای ٥٧ بە سەردا هات و، خومەینی گوتی شتێکمان بە نێوی مەسەڵی کورد نیە و، حاشای لی بوونی نەتەوەی کورد. بەڵام شۆڕش دانەمرکا و هەر چەند بە داخەوە حیزبەکان نێوان ناخۆشیان لێ پەیدا بووو، لەو ڕێگەیەشدا بە گشتی نەتەوەکەمان زەبری گەورەی خوارد، بەڵام لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستان و زەبری زۆر گەورەی گیانی و ماڵیان لە دوژمن وەشاند. بەڵام دوژمن پیلانی جۆاو جۆری گێڕا و لە کوردستان و دەرەوەی وڵات ڕێبەری

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان کردە سێرەی چەکی دوژمنانەی و، زۆری لی شەهید کردین و بۆ چاو ترسێنی کردنی نەتەوەکە شمان لە ناو خۆی ولاتیشدا بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ درێژەی بە کوشت و بڕی کچ و کورانی نیشتمانەکەمان دا و، زەبرێکی زۆر قورس و بە ژانی لە نەتەوەکەمان وەشاند.

سەرئەنجام بە دوای هەموو ئەوانە دا، شۆڕشی چەکداری بۆ کاتی کۆتایی پێهات و ئیدی بە هێندیک هۆوە کە لێرە دا پێویست بە روونکردنەوەیان ناکات، هیزە سیاسیەکان وەک رابردوو لە مەیدانی خزووری هێزی پێشمەرگە لە ناو خۆی کوردستان دا نەمان ، کە بە دوای ئەوە دا ئێستا کوردستان چاوروانی شتێکی ترە کە ئەویش شۆڕشی جەماوەریە.

***لێرە دا رەنگبی بۆ هەمومان لەم بارەوە پرسیار بێتە پێش کە بۆ ئەمە، چی بکەین باش و بە جی و زەروریە.؟***

١- بە نەزەری من، بۆ دروستکردنی شۆڕشیکی گەورەی جەماوەری، پێویستە و زەرووریە کە لە پێشدا حیزبەکانی دەرەوە و ناو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان بە جیددی و دوور لە هەر جۆرە دڵە راوکەیەک بکەونە فکری پەیدا کردن و دۆزینەوەی ئەو رێگایە بۆ دەرباز بوونی کورد لە ژیر دەستی و راکیشانی بیر وڕای گشتیی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بۆ لای مەسەلەی کورد.

٢- حیزب و ریکخراو و سازمانەکان، مەسەلە لاوەکیەکانیان وەلا بنین و پەنجەی راکێشانیان بۆ لای حەللی مەسەلەی کورد بکەنە یەک و لە ناو خۆیان دا ریزیکی یەکگرتوو درووست بکەن و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بلاوی بکەنەوە کە بەم کارە ڕاستەو خۆ سەفی تەشکیلاتی خۆیان لە رۆژهەلاتی کوردستان دەکەن بە یەک و، تەشکیلاتێکی ئاشکرای گەورەی جەماوەری لە گشت خەلکی کوردستان دروست دەکەن و راستە و خۆ بە گژ دوژمندا دەچێ و شۆڕشی گەورەی جەماوەری لە خەڵکی نەترس وخۆڕاگر دروست دەبێت.

٣- بۆ ئەم رێکخستن و هاتنە سەر ئەو شەقام بوونەش پێویستە کە هەموو حیزب و ریکخراو و سازمانە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوە و ناوخۆ یەک بگرن و وێکڕا هەموویان دەست بدەنە ناو دەستی یەکتر و، وێکڕا لێبڕاوان دەست پێبکەن و هەرکام بی جیاوازی فیکری بە قازانجی گشتی، لە ناو کۆڵان و شەقامی شارو

شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و ئەو شوێنانەی کوڕ و کچانی کوردی لێدەژین، بکەونە فکری هێنانە مەیدانی گشت مۆرەکانی کوردستان کە دەتوانن جەماوەر ڕاپەڕێن، جا چ کەسانی مامۆستای ئاینی بن و، چ مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆ کان بن و، چ پیاو ما قووڵ و ریش سپی بن و، چ کوڕو کچی بە نفووزی ناو لاوانی کوردستان بن ، کە ئەم کارە سەفی خەلکی کوردستان دەکات بە یەک و شۆڕشی جەماوەری سەر هەڵدەدا و بە هیچ شتیک تیک ناشکێ.

کە یەکگرتنێکی وا دروست بوو، خود بە خود شۆڕشی جەماوەری درووست دەبێ و، شەقامی شار و گوندەکانی کوردستان پڕ لە جەماوەر دەبن و، وینە و دەنگی ئەو شۆڕشە لە میدیاکانی خودی و نیونەتەوەیی و ئیدی دا، دەنگ و ڕەنگی دەدەنەوە و، لە دونیای دەرەوە و لە ئاستی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی دا قسەکان بۆ پشتیوانی لە مەسەلەی کورد باشتر وەردەگیرێن و حیسابی باشتر لە سەر قەزیەیی مەسەلەی کورد دەکرێت و بەرەو پیرهاتنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای مەسەلەی کورد زیاتر و ئاسانتر دەبیت وشەقامی کورد دەگۆڕدرێ و بەرهەمی ئەو یەکگرتنە دێتە دی.

من بۆ خۆم ئاواتم ئەم رۆژەیە کە بەم زوانە بەرەیەکی یەکگرتوو لە هەمووحیزب و ریکخراو و سازمانە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان چ لە ناو خۆ و، چ لە دەرەوە، بە ناوی (بەرەی رێکخستنی شۆڕشی جەماوەی) بۆ وەدەست هێنانی مافی خەڵکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، دروست ببێت، کە بێشک خەڵکی کورد پێشوازی گەرمی لێدەکات و، جاماوەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دە بێت و لە مەقسەدی ئەسڵی نزیک دەبینەوە و کۆمەڵگای نێونەتەوەیش دەبێت پشتیوانی ئەو شۆڕشە جەماوەریە و چیتر کچ و کوڕانی نیشتمانپەروەری رۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر ئەشکەنجە و ئێعدامە بە تاک و کۆمەڵەکاندا دا نامرن ولەو وەزعە ناخۆشە دەرباز دەبن و ئەو کات مەسەلەی کورد بەرەو چارەسەر کردن دەچێ و ریژمی کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانی وەک ئێستا و رابردووی بە شێوەی زەرووی خوین خۆر، خوێنی شۆڕشگێرانی کوردستان بمژێ.

۲۰ جوولای ۲۰۱۳

## درێژەی ئاڵۆزیەکانی میسر.

بە پیی هەواڵی هەواڵدەری بیانیەکان لە میسر، تا بانگی عەسری رۆژی ١٥ - ٤ - ١٣٩٢ی هەتاوی، رادەی کوژروانی ئالۆزیەکانی ولاتی میسر، گەیشت ٦٠ کوشتە و ١٦٠٠بریندار. لەو سەرو کاتە دا، ئەمریکا و بە گشتیش سازمانی نەتەوەیکگرتوەکان لەوە نیگەران بوون و داوایان لە گشت

لایەکی میسر کرد کە کۆتایی بە ناخۆشیەکانیان بێن و ئەرتەش ئەمنیەت و ئاسایشی میسر بپاریزێ.

بە دوای ئەوە دا شەوی ١٦ - ٤ - ١٣٩٢، لایەنگرانی محەممەد مورسی بە مەبەستی پشتیوانی لە مورسی و گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەلات، لە دەورو بەری مزگەتی رابعە هەڵکەوتوو لە عەدەویە کۆبوونەوەو شعاری گەرانەوەی مورسیان بۆ سەر دەسەلات بەرز کردەوە.

لەو وەختە دا زۆرێک لە سیاسەتمەداران لە ملاو لەو لایان کێشەکەی میسریان بۆ نەخوێندنەوەی هەموو لایەک لە لایەن ئەخوانیەکان و مەسەلە کوژرانی نیزامیەکانی میسر لە سەحرای سینا گێڕایەوە و تەفسیری جۆراو جۆر لە سەر ئەمە کرا.
لەو سەرو بەندەدا محەممەد ئەلبرادعی هاتەوەنا و ناوان و ویستیان ریاسەتی ئیتلافی ئحزابی لیبراڵ وچەپی لە میسردا وە ئەستۆ بگرێت.

لەو زرووفە ناسکە دا، لایەنگرانی سوڵح و ئازادی لە میسر دا، لە شەقامی مەیدانی تەحریر گوتیان ئێمە کە هاتووینە مەیدان، دەمانهەوێت حکوومەتێکی فەراگیر لە میسر دابمەزرێت کە خوێندنەوەی بۆ هەموو تاکەکانی میسر یەک جۆر بیت و جیاوازی نەمێنێ.

رۆژی ١٧ - ٤ - ١٣٩٢ شەقام سەرەکیەکانی میسرپر پڕ بوون لە لایەنگرانی مەرسی و مخالیفانی ئەو. مەیدانی تەحریر کە مخالیفانی مورسی لیبوو لە هەموو کاتێک پڕتر لە خەڵک بوو کە لە هەموو جۆر و رەنگ و چینیکی

تێدا بوو. بەلام لە نزیک کاخی ریاست جمهووری کە لایەنگرانی مورسی تێدا بوون، یەک بیر و یەک رەنگ بوون کە ئەوانیش رادەی بەشداری ژنانی تێدا زۆر بوو.
درووست لەم کاتە دا روونتر جیاوازی فکری لە بارە کێشەکانی میسرەوە لە کۆمەڵگای دونیا دا دیترا کە ئەفکاری نێونەتەوەیش لیی نیگەران بوو.

لە حاڵی حازر دا، ئەرتەشی میسر یەکەتازی مەیدانی میسرە و، باشتر بۆ لایەنگرانی دەسەڵاتی فراگیر و هەمەلایەنە دەڕونێ و وەزعی مەوجوودی ئاڵۆزی میسریش ئەو رای گرتووە، دەنا لەو چەند رۆژەی رابردوودا تا ئیستا لە شەقامەکانی میسردا خوێن سەری دەبردن.

لەو کاتە سەختە دا، ئەرتەش کە دەیهەوێت حکومەتیکی کاتی دابمەزرێنێ، تا ئیستا نە یتوانیوە بە سەر ئەو بەرنامەی دا سەر بکەوێت، چونکە لە نێو لایەنە جۆراوجۆرەکانی مخلیفی مورسیش دا جیاوازی فیکری هەیە و ئەوە ئەرتەشە کە دەبێ تاکاتی هەڵبژاردن کەسێک دیاری بکات کە لانی کەمیشی بێت مەوریدی پەسندی هەممو لایەکی میسر بیت.

جگە لە هەموی ئەوانە، ئەمرۆ رۆژی ١٧ - ٤ - ١٣٩٢ی هەتاوی لە نزیک کاخی ریاسەت جمهووری کە مورسی لی زیندانی کراوە، تەقە لە لایەنگرانی مورسی کرا و زیاتر لە ٤٠ کەسیان لێ کوژراو زۆرێکیش برینداربوون کە مورسیەکان بە کاری ئەرتەشیانزان، بەلام ئەرتەش ئەمەی رەد کردەوە و ، گوتی: ئەوانەی ئەوە دەکەن تیرۆریستن و ئێمە نین.

لە لایەکیترەوە مخالیفانی مورسیگوتیان : ئەوانە تەقەیان کردوە، هەر لایەنگرانی مورسین و دەیان هەوێت لە بەر چاوی دونیا ئەرتەشی میسر ناحەز وخەتابار بکەن.
تا ساعەت ٣ی ئێوارەی ١٧ - ٤ - ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەمەی لیر دا هاتووە، بە کورتی هەواڵەکانی ناو خۆی میسربوون و لە دا هاتووشدا بە پێی توانا و ئاگاداربوون لە هەواڵەکان، بە کورتی لەم بارەوە دەدوێین.

٨ی جوولای ٢٠١٣

# ئێستا لە میسر چ خەبەرە؟

دوای لادانی محەممەد مورسی لە سەردەسەڵات لەلایەن ئەرتەشی میسرەوە،لایەنگرانی مورسی هەروەک ڕۆژانی پێشتریان کە بە دژی مخالیفانی مورسی هاتبوونە نێوچەند شەقامیشاری قاهیرەی پێتەختی ئەو وڵاتە، لە بەر دەرکی کاخی ریاسەت جمهووری کۆبوونەوە و، ئەو ڕۆژەیان

ناونا ڕۆژی رق وکێنە کە لەو نێوە دا کێشەیەک لە نێوان مخالفانی مورسی وئەرتەش و، لایەنگرانی مورسی دا رووی دا کە لە ئاکام ئەوە دا ئەو ڕۆژە ٣ کەس لە لایەنگرانی مورسی کوژران و چەند کەسیکیشیان لێ برینندار بوو.

لەو کاتە دا دیسان ئێران خۆی هاویشت ناو کێشەکە و یەکێک لە نوێنەرانی ڕێژیمی ئێران گوتی: لەم ڕۆوە ئەخوان دەبێتە هێزێکی چەکدار ودەستی بە خۆشکردنی ئاگر کردەوە ؟!

لەو کاتە دا یەکێک لە سەرانی ئەخوان کە ڕۆژی پێشتر ئیدیعای گیران و دەست بە سەرکرانی لە کاناڵە جیا جیاکانی بیانیەوە بڵاو ببۆوە، لە ناو خۆ پێشاندەرانی ئیخوانیەکان دا دەرکەوت و خەڵکی بۆ نارەزایەتی تا گەڕانەوەی مورسی بۆ سەر دەسەڵات لە لایەن ئەرتەشەوە هاندا وگوتی: تا کاتی گەڕانەوەی مورسی بۆ سەر دەسەڵات، درێژە بە نارەزایەتەکەمان دەدەین و شەقامی شارەکانی میسر چۆل ناکەین.

لەو کاتە دا لە ئەمریکا و زۆر شوێنی تر پرسیاری ئەوە هاتە گۆڕی کە بڵێت: ئەمریکا پیداویستیە نیزامیەکانی خۆی بە ئەرتەشی میسر رانەگرێت؟! بەڵام ساحیب نەزەران وای بۆ چوون کە لە ناو وڵاتانی عەرەبی دا میسر گرنگترین ولاتە بۆ ئەمریکا و هاوکاری نیزامی خۆی بۆ میسر راناگرێت؟

بانگی عەسری ئەو رۆژە، ١٤ - ٤ - ١٣٩٢، ئەرتەش رایگەیاند کە ئەوەی پێشتر لایەنگرانی مورسی گوتوویانە ئەرتەش تەقەی لیکردووین، ڕەدی دەکەینەوە.

بە پێی هەواڵ و لێکدانەوە جیا جیاکان، لادانی مورسی لە سەر دەسەلاتی میسر، بۆە هۆی خۆشحاڵی ئەمارەت و، بووە هۆی نیگەرای بۆ قەتەر کە رەنگبێ لەم بارەوە هەندیک هەل و مەرجی نوی بینە پێش.

تا رۆژی ١٥ / ٤ / ١٣٩٢ / جیا لە ١٦ کوژراو و، ٢٠٠ بریندارى پیشتر، شەش کەسی دیکە لە قاهیر دا کوژران و چەند کەسیکیتریش بریندار بوون کە هەموویان سەر بە لایەنگرانی مورسی بوون کە بە دوای ئەوە دا تەنیەوە و لەدەورو بەری مەیدانی تەحریر و ناوچەی نەسر لایەنگرانی مورسی بو پشتیوانی لە مورسی دەستیان بە شعاردان کردو لە دواتریش کێشەکەیان گەیاندە سەر پردی ٦ی ئۆکتۆبر وشەڕ لە نێوان لایەنگرانی مورسی و مخالیفانی دا تونتر بوو کە درووست لەو کاتەدا دەنگی تەقە پەیدا بوو.

ئەوەی زۆر جێگە نا خۆشی و تێڕامانە، ئەوەیە کە لە ماوەی ئەو چەند رۆژە دا کە کێشکە لە میسر و بە تایبەتی لە قاهیرە دا قووڵ بۆتەوە، ئەوەیە کە بە پیی راگەیاندنە کانی کە لە وێدا حزووریان هەیە، تا ئیستا زیاتر لە ١٠٠ ژن کەوتوونەتە بەر هیرشی نارەوای تجاوزی لە تاقمی چەند کەسی کە خەڵکی میسر بۆ خۆیان شاهیدی ئەوە دەدەن وبە قسەی ئەوان، دەیگێرنەوە بۆ پۆشینی نادروستی لیباس دەبەر کردن لەو وڵات دا کە بە دوای ئەوە دا ئەرتەش ئەمنیەتی لەم بارەوە بەتایبەتی لە دەورو بەری مەیدانی تەحریر توند کردوە.

بە دوای ئەوانە دا لایەنگرانی مورسی لە شارەکانی تری میسر دا کەوتوونەتە جووڵە کە ئەوەی ساحەب نەزەرانی نیگەرانی کردوە کە شەڕی ناو خۆی دروست ببیت وکێشەکە چارە سەر نەکریت و دەڵین: ئەرتەش وەزیفەیەتی کە هەرچی زووتر لە فکری پێکهینانی دەسەلاتی تازە دا بیت و فکر لە چۆنیەتی بەرێوەبردنی وڵات دا بکاتەوە.

لە ساعەت ١٠ی شەوە ١٥ - ٤ - ١٣٩٢ شەڕ لە نێوان مخالیفانی مورسی و لایەنگرانی دا توند بوو کە ٨ کەس بریندار بوون کە درووست لەو کاتە دا یەکێک لە سیاسیانی حەماسی فەڵەستین لە سنووری میسر و فەڵەستین کە رێگەیان لێ گیروە بۆ ناو خاکی میسر، گوتی :حەماس بەشێکە لە ئیخوان ئەوەتا ئەوان هاتوونە سەر کار ، ئامووشۆی ئیمە فەلەستینیەکان بۆ میسر خۆش ببوو.

درووست لەو کاتە دا وەزارەتی بهداشتی میسر رایگەیاند کە رۆژی ١٤ تا ١٥ - ٤ - ١٣٩٢ ٢٥ کەس لە خەڵکی

میسر کوژراون وسەد مەورید تەجاوزیشی بە ژنانی میسری راست کردەوە.

سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی ڕۆی ١٥ - ٤ - ١٣٩٢، وەزارەتی بیهداشتی میسر دووبارە رایگەیاند کە کوژراوەکانی قاهیرە گەیشتە ١٧ کەس و لە ئەسکەندەرییەش کە کێشەکە هاتۆتە ئاراوە، ١٩ کەس کوژراون و ٤٥٠ کەسیش بریندار بوون.

بەکورتی تا ئیستا لەو ڕۆژەوە ئاڵۆزیەکان لە میسر دا سەریان هەڵداوەتەوە، تا نیوەڕۆی ١٥ - ٤ - ١٣٩٢ی هەتاوی ٣٦ کەس کوژراون و ٦٥٨ کەسیش بریندا بوون.

ئاخرین خەبەریش ئەوەیە کە: بەرپرسی دووهەمی ئەخوانیش گیراوە ولە لایەن ئەرتەشەوە دەست بە سەرە و وەزعەکەش هەروا ئاڵۆزەو، چاوەروا نین کە جا خۆ بە کام ئاقاردا دەڕوات.

٧ی جووڵای ٢٠١٣

## مورسی لە سەرکار لابردرا.

کە ئیخوانیەکان لە میسر دا دەسەلاتیان گرتە دەست و، دەست بە کار بوون، زۆر زوو خەڵکیان فەرامۆش کرد و، کەوتن خۆ تەیار کردنی زیاتری خۆیان، خەلکی راپەری میسر بۆ جارێکی تر راپەرین و لە ڕۆژی ١٠ - ٤ - ١٣٩٢ دا خەڵکانێکی یەکجار زۆر لە مەیدانی تەحریر کۆبوونەوە و،

داوای لادانی مورسی کەوتە سەر زاران و، بنکەی سەرەکە ئەخوان موسلەمین ئاگر تێبەردا و تەواوی کەل و پەلی ئەو بنکە سەرەکیە فڕێدایە دەرەوە و داواشیان کرد کە هەرچی زووترە مورسی کاخی ریاسەت جمهووری بە جی بهێڵێ و، دەست لەکار بکێشێتەوە کە درووست لەو کاتەشدا ئەرتەش هاتە مەیدان و راستەو خۆ لایەنی خەڵکی

راپەریوی گرت و ٤٨ ساعەتی مۆڵەت بۆ مورسی دانا کە لە دەسەڵات واز بێنێ.

بە دوای ئەوە دا کە وا وێدەچوو وەعەکە ئاڵۆز بێت و لایەنگرانی مورسی شتێ لە خۆیان نیشان بدەن، لە لایەن هەندیک چەکداری نەناسراو بە قەولی راگەینەکانی میسر تەقەیان لێکرا کە بوە هۆی کوژرانی ١٦ کەس و بریندار بوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەس کە لەو کاتەشدا لایەنگرانی مورسی و مخالیفانی مورسی هەر دووک لایان لە مەیدان تەحریر دا مانەوە و چاوەروانی پێشهاتەکان بوون کە بزانن بە لای کام لایان دا دەشکێتەوە.

بە دوای تەواو بوونی مۆڵەتی دیاری کراو بۆ مورسی لە لایەن ئەرتەشەوە، هەر لە بانگی عەسری ئێوارەی رۆژی ١٢ لە سەر ١٣ - ٤ - ١٣٩٢ دا هەموو خیابانەکانی قاهیرە و ئیدی گرتن وتەلەفیزین کەوتە کۆنترۆڵی ئەرتەش و قەتح کران و لە گەڵ پیاو ماقووڵ و پیاوانی ئاینی و کەسانی بە نفووزی میسر بۆ رێگا چارەیەک کۆ بوونەوە و رایانگەیان کە لە ماوە یەک ساعەتی تر دا بەیاننامەیەک دەردەکەن کە خەڵکی میسر و گشت دونیا چاوەروانی ئەوە مانەوە.

لەو کاتەشدا کە زۆربەی هاوکارانی مورسی کاخی ریاسەت جمهوریان بە جێهێشت بوو، راگەیاندرا کە مورسی و هەندێک لە هاوکارانی رێگەی دەربازبوونیان بۆ دەرەوەی وڵات لی گیراوە کە ئەمە خۆشحالی خستە ناو دڵی موخایفانی مورسی و، زانیان کار مانەوەی لە دەسەڵات دا کۆتایەتی و دەبێت بروات .

بە پیی هەواڵی هەواڵدەریەکان ساعەت ٧ی ئێوارەی رۆژی ١٢ - ٤ - ١٣٩٢ ئەرتەش بە محەممەد مورسی رادەگەیێنی کە تۆ تازە رەئیس جمهوری میسر نی و، ساعەت ١٠ی شەو بە کاتی کوردستان ئەرتەش بەیانیەکەی خۆی بلاو کردەوە و رای گەیاند کە دەبێت دەولەتێکی کاتی هەڵبژێردرێت و بۆ کاتی قانوونی ئەسای بە شێوەی کاتی رابگیردرێت و سەرۆکی دادگا کار و باری وڵات بەرێوە ببات و لە ئایندەشدا هیچ گروپێکی سیاسی وەلا ناندرێت و کومیتەیەکی وەحدەتی دادەمەزرێت کە بە دوای بڵاو بونەوەی ئەو هەواڵە و خوێندنەوەی بەیاننامەکەی ئەرتەش ، مخالیفانی مورسی کەوتنە شادی و خۆش و کردیانە جیژنی شادی.

٤ی جوولای ٢٠١٣

## ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، لە شاری سەردەشت چی رووی دا؟

٧ی پووشپەڕە، ئێوارەیە، وردە، وردە سێبەری گردە سوور خەریکە بە سەر شاردا دەکشێ و، نەرم، نەرم کزەی فێنکی شنە بای شەماڵ دێ و، گەرووی منداڵەکان پڕ، پڕ لە قاقای پێکەنینەو،لەخۆشی و شادیان مەلایکە سەیریان دەکەن. ئێوارەیە، پۆل، پۆل لاوانی شار، کوڕو کچ لە سەرچاوێ دێن و دەچن و لە ماسیە سەر باڵ سپیەکان راماون و، هەموویان چاویان لە چاوی تیژی یەکتر و ماسیەکان بڕیوە و، رازو نیازی دڵیان لە گەڵ دەکەن و. ماسیەکانیش لە شادی ئەوان لەنگەریان گرتوە و گوێیان بۆ راز نیازەکانیان راداشتووە و، دەیانهەوێ بەقەدرجوانی کیژ و کورانی دەم سەرچاوی جوان بن.

ئێوارەیە، هێدی، هێدی دارەکانی دۆڵی مەسێس و، رەزی جۆلا و، شیوە برایمە، دەلارێن و، بۆ جوانی شار، زکری دەکەن. ئێوارەیە، باڵندەکان لە لانەیان هاتوونە دەر و دەڵێی هەواڵێکیان پێیە و بە دەیان زمان دەخوێن و بە سەر ئاسمانی سەر شاردا دێن و دەچن و کەسیان تێ ناگات. ئێوارەیە، کابانی ماڵ چاوە روانی گەڕانەوەی خۆشەویستانیەتی کە بەرە و ماڵ بگەڕێنەوە و، کۆڕی خۆشەویستی ببەستن. ئێوارەیە و، شار لە خەڵک مەوجان دەدا و، دەنگی خەڵک و پەڵەوەرەکان تێکەڵ بە یەکتر بووە و، شار بە گشتی بۆتە بەهەشتێکی تەواو.

ئێوارەیە، بووکی تازە بەمراد گەیشتوو چاوەروانی خۆشەویستەکەیەتی و چرکەکان دەژمێرێ وهەر چاوە، چاویەتی کە، کەی بەرە و ماڵ دەگەڕێتەوە و تاسەی چەند سات دووریەکانی ی پێ برەوێنێ. ئێوارەیە، کاکی کرێکار بە ماندوویی ونێو چاوان و شان و شەپیلکی ئارەقاوی بەرەو ماڵ و منداڵی دەگەڕێتەوە تا بێ خەم لای خۆشەویستانی ماندووبوون لە گیانی دەرکات وتێر، تێر، بۆی وەحەسێ. ئێوارەیە، دەرگای مەکتەبەکان کراوەنەوە و مامۆستا و قوتابیەکان ماڵاوایی لە یەک دەخوازن و، هەر یەکەیان بە سەدان ئاوات و خۆزگەوە وئارزۆو ئومیدەوە بەرەو ماڵیان دەگەڕێنەوە. ئێوارەیە، برای دوکاندار مترەکەی داناو ودەرابەی دووکانەکەی داخستوە و،کاکی جوتیاریش جووت بەردا و، پاڵە بەرەو ماڵ خۆیان ساز داوە و، هەر یەکەیان بە هەزار خایلەوە رێگە یان گرتۆتەبەر و، نەرم نەرم هەنگاو دەنێن و بەلێوی پڕ لە زەردەوە بۆ ناو کۆڕی بنەماڵەکانیان رادەخوشن.

ئێوارەیە، شادی لە شار نیشتوە و، شار هێندە جوانە گوڵی لێدەباری و، پەریزادە پێدەکەن و، سەرچاوی دەنگ دەداتەوە و، گردە سوور چۆپی گرتوە. ئێوارەیە، کیژانی چاوبەڵەکی شارپیکەنین لە دەمیان دەبارێ و، زەردە لە سەر لێویان هەڵپەرکەی گرتوە.ئێوارەیە، چاو لە ئاستی جوانی شار کز و داماوە و، سەرچاوێ پێدەکەنێ و، لە خۆشیانیش گردە سوور قاقایەتی. ئێوارەیە، شێخ مەولانە لە گۆڕ هاتۆتە دەر و، لە جوانی کوڕ و کچانی شارەکەی دەڕوانی و، بە پێکەنینی منداڵە ساواکانی ناو لانکەی شارەکەی، مەست مەستە.

ئێوارەیە، رووحی ئاوارە لە کەنکان هەستاوەو، بە سەر شاردا دەگەڕێ و، لەشادی و خۆشی خەڵک و رەشبەڵەکی کیژ و کوڕە بە ئاوات گەیشتوەکانی شارەکەی شادە و، وردە، وردە دەروانی و بیری ئازادیخوازی و مرۆڤ دۆستی بە سەر شار و لاوانی دا دەچینی. بەڵام،نەک جارێک، هەزار جارداخەکەم، لەو ئێوارەدا، بیرێکی رەش، بڕیارێکی کۆنە پەرستانە و دوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی دا و، چەند فرۆکەی شەرکەری و بۆمب هەلگرتووی کیمیایی رژێمی بەعثی عیراق، گەیشتنە سەر شار و، وەک هەورێکی رەش و چڵکن، گرماندیان و، زۆر بی رووحمانە، شار، شاری سەردەشت، شاری سەوزیان، کیمیا باران کرد.

لەم ئێوارە دا، منداڵە ساواکان لە باوەشی دایکان فڕیندران، بزەی سەر لێوی منداڵانی سەر لانکە، تاراندرا. لەو ئێوارە دا، دڵی ماسیە باڵ سپیەکانی سەر چاوی هەڵدڕ هەڵدرکرا، لەم ئێوارە دا، بزەی پیکەنینی کیژ و کورانی شاری سەردەشت کوژرا.

لەم ئێوارە دا، خەون و خەیالی پێک گەیشتنی کچ و کوڕانی شار ناردە ژێر گڵ و، پەنجە شلک و نەرمەکان وئاڵقەی زاواو بووکێنی بە چەکە کیمیایەکانی دوژمنانی هەڵوەرین و، سەر روومەت و پاک جەستەی کیژ و کوڕ و منداڵ و پیر و پەک کەوتوەکانی شار، داخ و کون کون کران.

لەو ئێوارە دا، جەستەی کرێکار و، مامۆستاو، دووکاندار و، بازاری و، پاڵە وجووتیار و سەپان وسێکبەران، سووتێندرا وجەرگیان کون کون کرا و ئاگر لە گشت شار بەردرا و، جەستە شلک و ناسکەکان کەوتنە سەر زەوی و سووتان.

لەو ئێوارە دا، بە هەزاران، هەزار دڵ خەمیان ڕێنیشت و، داخورپان و،کەس ئاگای لە کەس نەما، کوچە و کۆلان و شەقامەکانی شار پڕ بوون لە جەنازەی شیواو و، سووتاو و، بێ گیان و، هەزار گوڵ هەڵوەرین و، بە هەزارانیش برینیان هەڵگرت کە ئێستاش زۆر لەوان برینیان ساریژ نەبوونەوە و، بەو زامانەوە دەناڵێنن.

لەو ئێوارە دا، شاری سەردەشت گریاو، ڕەشی پۆشی و، گردە سوور لە تاونی چەمی و، سووجدەی بۆ تەرمی بێ گیان و سووتاوی گشت مندالە ساوا و، نەباڵقەکان و،جوانەکان وگشت خەلکی سووتاو و، غەمینی شار برد.

لەو ئێوارە دا، دارەکانی دۆڵی مەسێس سەریان بۆ کەشکەشان هەڵبڕی و، شکایەتی ئەو تاوانە گەورەیان گەیاندە کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان و،مەزلوومیەتی خەڵکی شاری سەردەشتیان نیشانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا وکزە لە دڵی ئینسان دۆستەکان هەستا.

لەو ئێوارە دا، سەرچاوێ بانگی گریانی لێداو، بانگی لە کچانی رووسووروو، کوڕانی بە هیمەت و، پیرانی بە ساڵدا چووی گاز گرتوو کرد و، گوتی: هۆ ئازیزانم ، ئێوە نەمردوون ونامرن و، تا من زیندوو بم، ناهێلم ناوتان ون بێت و ئەم تاوانە لە مێژووی شار و نەتەوەی کورد دا بسڕێتەوە و، سەرئەنجام دوژمنانتان بەو ئاوەی من کە ئێوەی پێ شۆردراوە، دەخنکێنم وناهێلم ئەو کوڕ و کچانەی بە تەڕی من لێویان تەر کردوە و تینوەتیان شکاندوە، ئێوە لە بیر بکەن.

لەم ئێوارە دا، چۆمی کەڵوێ لە تاوی شاری سەردەشت لەنگەری گرت تاجەستی گیان دەرچووەکان بشوات و، ژەهری زام هەڵگرتوەکان بسڕێ، لەو کاتە دا بانگی لە مەشغەڵ بە دەستانی بیری مرۆڤ پەروەری کرد کە سەیری تاوانی دەستی دوژمنانی نەتەوەی کورد لەو شارەدا بکەن و....؟؟؟

لەو ئێوارە دا، گردەسووربانگی لە باژاڕ و، نۆڕی و، هۆمل و، تەرخان و، مەیدان چۆغە و، گەردەنەی زمزیران و، برایم جەلاڵ و، چوار بەردە و، قوتکی کاکە ڕەشی و، خاڵەباد و، فێرەگ و، سپی ریز و، سەری گۆمی و، سەرچاوەی رەسوە شیتی و، دووکانان و، لانک و، گیار دەنگ کرد و، هەواڵی بریندار بوونی شاری سەردەشتی پێدان و، ڕووداوە تاڵەکەی لە داردرانی مامۆستا مەلا ئاوارەی نەمر و هاورێیانی و کۆچی سووری ڕێبوار و گشت

شەهیدەکانی سەردەشتی بیر هێنانەوە.

لەو ئێوارە دا، دڵ سووتان، فرمێسک رژان، گۆشتی مرۆڤەکان برژا، گریان و ناڵەی خەڵکی شار، گەیشتە ئاسمان و، دوژمنی خوێڕی پیکەنی. لەم ئێوارە دا، رووناکی شار نەماو، گوڵۆپەکان کوژانەوە و، شار تاریکی بە سەرداهات و، چاو چاوی نەدی.

ئەم ئێوارە چەند ناخۆش بوو، دایک دەگریا بۆمنالی و، منداڵ دەگریا بۆ دایکی، دایک دەگریا بۆ کوڕی گەنجی و، لاوان دەگریان بۆ دایکیان و، هەر کاکە رۆ و، بابەرۆ بوو.لەوکاتە دا، فرمێسک بە لێشاو دەهاتن و، چاوەکان سوور هەڵگەڕا بوون و، دڵەکان سست و ئەژنۆ کان سستر بوون و، نازدارەکان نازیان لی شیوا و، خۆشەویستان لێک هەڵبڕان و، هیچ دەنگێک جگە لە گریان و رۆرۆ، نەدەهات و، شار زۆر غەریب بوو و، کەس نەبوو تەرمەکان کۆ بکاتەوە ومنداڵ و گەنج و پیر، لە جۆگە و کۆڵان و شەقامەکانی شاردا کەوتبوون و، ناڵەی زام هەڵگرتوەکان دەچوە عەرشی عەزیم.

ئەو ئیوارە، شار هیندە غەماوی بوو مەگەر خوا بزانێ، ئەم ئێوارە بوو کە سەردەشت بۆگریاوەکان، گریا وگریاو گریا.

هۆدوژمن، رەبی کوێربیت، چۆن دڵت هات ئەو هەموو چاو رەش وچاوکاڵانە کوێربکەیت؟ هۆ دوژمن، تۆ کویر بووی و، کوێرانە دەستت وەشاند، چۆنت دڵ هات ئە و هەموو برینە قووڵانە بخەیە جەستەی ئەو منداڵە جەستە شلک و ناسکانەی سەر لانکە و تازە پیگرتوەکان؟

هۆ دوژمن، چۆنت دڵ هات ئەو هەموو خۆشەویستانە لێک هەڵبڕی و، نازدارەکان بی ناز بکەیت و، لێقەوماوان لیقەوماوتر بکەیت؟

هۆ سەردەشتی سەر سەوز، شەهیدانت نەمردوون وزیندوون، مێژووی تۆیان کردە مێژووی جیهانی. هۆ سەردەشتی لە گیران نەهاتوو، بەو ئێوارە خەماویەتەوە، لە دونیا دەنگت دایەوە و، جیهان تۆی ناسی و، ناوت کەوتە ناو ناوان

و، له ریزی هیرۆشیما و کازاکی و هەلەبجه وئیدی دای.

هۆ سەردەشت، تۆ لە دونیا دا رۆژێکت بۆ خۆت تۆمار کردوه و، تا دونیا مابێت شەهیدانت هەموو ساڵێ جارێک زیندوو دەبنەوە و، لە سەرچاوی و گردە سوور ئاگری یاد کردنەوەی خۆیان دەکەنەوە و، عالەم(دونیا)بە گشتی لیت دەروانن و، لە خیالدا دەتبینن.

هۆ لاوانی کوردستان و، لە سەروویان لاوانی سەردەشتی سەر سەوز، مەهێڵن ئەو ئێوارە تاریکەی شاری سەردەشت لە مێژووی نەتەوەکەماندا بسڕێتەوەو، ناوو یادی ئازیزانی لە دەست چوومان رێز بگرن و، تۆمارگەیەک لەو شارە دا دابنێنن و ناوی هەموو شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە و، برینندارەکانی تێدا بێنە نووسین و، بیکەنە بازدە و شوێنی بیانیەکان تا لە سەر ئەم تاوانەی شارە جوانەکەی سەردەشت، شت بنووسن وزیاتر مەزلوومیەتی نەتەوەی کورد بە دونیا بناسێندرێت و زام هەڵگرتوەکانیش لە بەر چاوان ون نەبن.

بەڵێ، ئەمرۆ، پاش ٢٦ ساڵ، گوڵە هەڵپڕووکاوەکان لە شێخ مەولانە سەریان وەدەر ناوە و، دەڕوانە هیمەتی کچ و کوڕە لاوەکانی شارەکەیان و، دەیانهەوێت نوێنەر بۆ لێپرسینەوە لە دۆسیەکەیان دیاری بکەن و، بینێرنە کۆری رێکخراوی ماڤی مرۆڤ.

من لێرەوە و، لە کۆتایی وتارەکەمدا و، لە دوورەوە، سڵاو بۆ شەهیدانی کارەساتی کیمیا بارانی سەردەشت دەنێرم و، هیوای چاک بوونەوە بۆ برینندارەکان دەخوازم و، هیوا داریشم کە سێبووری بە دڵی کەس و کاری شەهیدەکان بێت و، داواشم لە تێکۆشەر و، رووناکبیر و، کورە بە تواناکانی شاری سەردەشتە کە هەتا بۆیان دەکرێت، واز لەم پەروەندە نەهێن و تا سەرکەوتنی یەکجاری وەدوای کەون کەبی شک سەرەنجام بە ئاکام دەگات.

بمرن دوژمنانی کورد و کوردستان و، هەر ئاوەدان بیت سەردەشت.

٢٦ جوونی ٢٠١٣

## دارساوێن لە مێژوودا.

دارساوێن یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی مەیدان چۆغەی ڕەبەتە کە لە نیوان سنووری ناوچەکانی بانە و ڕەبەت هەڵکەوتوو و، کەوتۆتە بناری بەرزایی ڕشتە کێوەکانی بەندەنی جاتراوی و کەوتۆتە پشت جادەی بانە بۆ ڕەبەت و سەردەشت و، بە سەر زۆربەی ناوچەکانی بانە و ڕەبەت و سەردەشت و بەشێکی زۆریش لە کێو و گوندەکانی باشووری کوردستاندا دەڕوانی و ، گوندێکی زۆر خۆش و دڵگرە و، خەڵکەکەی جگە لە چەند ماڵێک ، هەموویان لە دوو بەرەبابی خزم بە ناوەکانی بنەماڵەی ماڵی حاجی مەولان و، بنەماڵەی ماڵی حاجی عەزیز کەوتوونەتەوە کە: زۆر خانەدان و نیشتمان پەروەرن و بۆ خۆشیان خۆردە مالکن و لە شۆڕشە جیاجیا کانی یەک بە دوای یەکی نەتەوەی کورد، هەمیشە شوێنگەی حەسانەوەی شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمان بووە.

بۆ باس کردن لە سەرگوندی دارساوێن و، بەندەنی جاتراوێ، پێویستە لە دوو دەوراندا، هەرجارەیان کەمێک بەرە و رابردوو بگەڕینەوە و ئاوڕێکی هەرچەند کورتیش بێت لە مێژووەکەی بدریتەوە.

لە کاتی تێک چوونی کۆماری کوردستان دا، بەرزاییەکانی جاتراوێی پشتی گوندی دارساوێن و خودی گوندی دارساوێن ، دەبنە شوێنی حەسانەوە و خۆڕاگری پێشمەرگەکانی جیزبی دێموکراتی کوردستان.

کاتێک هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران، وێڕای بەگزادەکانی بانە بەرەو سەردەشت هێرش دەکەن و دەگەنە گوندی دارساوێن و بەندەنی جاتراوی، سەخت لە گەڵ بەربەرەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە فەرماندەیی حەمەدی مەولوودی خەڵکی مەهاباد و هەمزەی سەعید زادە خەڵکی ڕەبەت، بەرەو ڕوو دەبن کە لەوێدا شەڕیکی سەخت ڕوو دەدا کە لە ئاکامی ئەوە دا زۆرێک لە جاش و ژاندارمەکانی ئەرتەشی شاهەنشایی دەکوژرێن کە لە بەرامبەر ئەوەشدا، پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی بایزی جهانگیری خەڵکی گوندی مەکلاوێ و لە تایفەی گەورکان کە لەو کات دا لە گەڵ بەگزادەکانی بانە نائێک دەبن، بە توندی بریندار دەبێت، بەڵام جاتراوێی پشتی گوندی دارساوێن دەبێتە سەنگەری لە گیران نەهاتووو، کورانی دێموکرات دەپاریزی.

پاش ئەم دەورانەش لە سالەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی دا گوندی دارساوین و بە تایبەتی کانیە گوڵینی وبەرزایی بازگر و کانیە خڕەمۆری هەڵکەوتوو لەو دیو و ئەم دیوی بناری جاتراوی و زۆر شوێنی تری ئەو مەڵبەندە، بوونە مال و مەنزڵگەی کوڕانی گیان لە سەر دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی شەهید مینە شەم وشەهید کاک ئیسماعیلی شەریف زادە و زۆریان پشوو تێدا دا وله هێرشی دوژمن پاراستیانن.

کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرا، خاکی دارساوین کە دوژمن هەڵگر نەبوو، لە بن پێی ژاندارمەکان دا لەرزی و کوڕاتی شۆڕشگێڕی ناوچەی ڕەبەتی بە تایبەتی برایمی مام وسووی گوندی شەمۆڵە و مامۆستا مەلاساڵەی گوندی باریکایە و ئیدی ڕاپەڕاندن و دەست بە کار بوون و پێش لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان پاسگای دارساوێنی هەڵکەوتوو لە سەر جادەی بانە بۆ سەردەشت و ڕەبەت، گێرا و کەوتە دەست کوڕانی دێموکرات و خەڵکی ناوچەکە وبنکەیەکی لێدامەزرا و نەیان هێشت هیچ بێ سەرەو بەرەیەک لە ناوچەکە دا ڕوو بدات..

لەو کاتە دا کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستانەوە ئیجازە درا بوو بە ڕێژیمی تازە دامەزراو کە خواردەمەنی بگەیێنێتە ئەرتەشیەکانی گیرخواردوو لە پادگانی سەردەشت، بنکەی دارساوین، یەکێک لە هەرە بنکە فەعالەکان بوو کە تەواوی ئەو بارانەی بەو بنکە دا تێدەپەڕین، لە بەر ئەوە نەک چەک و تەقەمەنی لە ناو بارەکاندا بە دزی بۆ پاسدارەکانی پادگانی سەردەشت بەرن، دادەگیران و بە وردی دەپشکێندران کە لەوە ڕا مەلا ساڵە و برایمی مام وسووی ناوبانگی تایبەتیان دەرکرد کە سەرئەنجام ئەو بنکە وای لێهات کە لە دورترین شوێنی ئێرانەوە، خەڵک دەهاتن سەردانی ئەو بنکەی دارساوێنیان دەکرد و لە مەلا ساڵە پرسیاریان دەکرد.

بە دوای ئەوە دا کە خومەینی لە پاریسەوە گەڕایەوە تاران و ئەرتەش بی لایەنی خۆی ڕاگەیاند و ڕێژیمی شا کۆتایی پیهات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دامەزرا و ئاخوندەکان دوور لە خوا بە ناوی دینەوە دەسەڵاتی ئیرانیان لە دەست خۆیاندا قەبزە کردو، لە خەڵکی ئێران وەرگەڕانەوە و، لە جیاتی ئاشتی و ئازادی شەڕیان بەسەر خەڵک دا سەپاندو، زۆر ناجوانمێرانە هێرشیان کردە سەر کوردستان و، لە مەریوان و پاوەو نەوسوودەوە دەستیان پێکرد و، درێژەیان پێدا، سەرەنجام لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا خومەینی دەستووری جیهادی بۆ سەر کوردستان دەرکرد و پاسدارەکانی لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان و شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر سەر کوردستان دا

سەپا.

لە درێژەی ئەو پەلامارانە دا، دوژمن لە ڕۆژەکانی ١٥ و ١٦- ٦ - ١٣٥٨ لە بانەوە لە ژێر ئاگری تووندی تۆپخانە و کۆپتەر و فانتۆمەکانیەوە ، گەیشتە نزیک گوندی دارساوێن ، لەوێ شەڕێکی گەرم و زۆر توونـد و خوێناوی لە نێوان هێزەکانی دوژمن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی بەرگری (واتا خەڵکی ناوچەکە) دا دەستی پێکرا. لە گەرمەی ئەو شەڕە دا هێزی پێشمەرگە لە مەڵبەندی دارساوێن و دەورو بەری، دوژمنیان تێکشکاند و وەک گەڵا ڕێزانی پاییز لە ئەفرادی دوژمن خرایە سەر زەوی و هیچ زیانیک بەر پێشمەرگە نەکەوت.

بەڵام ڕۆژی دواتر لە ١٧ - ٦ - ١٣٥٨ دوژمن هیرشێکی گەورەی لە ژێر ئاگری کۆپتەر و فانتۆم و تانک و تۆپەکانی کە زۆر بە خەستی سەنگەری کورانی کوردیان لە جاتراوێ و کانیە گوڵێنێ و بەرزایی بازگری و دەورو بەری دارساوێن دەکوتا، هێرشی دووهەمی خۆیان دەست پێکردەوە کە ئەمجارەیان سەر کەوتنی بە دەست هێنا و لە ڕۆژی ١٨- ٦ - ١٣٥٨ دا گەیشتە پادگانی سەردەشت. بەڵام چەند ڕۆژێک دواتر بەشێک لەو هێزە کە دەیهەویست بەرە وبانە بگەڕێنەوە، بۆ جارێکی تر لە دۆڵی دوبراڵان و شەکیەکەی دارساوێن تووشیان وە تووشی کورە بە جەرگ و خۆڕاگرەکانی ڕەبەت هات وئاگریان لە سەر پشتی دوژمن کردەوە کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران کە کەلاکی ٧٠ کەس لە کوژراوەکانی دوژمن ی کەوتنە بەر دەستی هێزی پێشمەرگەی ودۆڵی دوبرالانی دارساوینیان کردە گۆڕستانی داگیر کەران.

پاش هەمووی ئەو شەڕانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شەڕی سی مانگە ناوی بردن، دوژمن لە کوردستان تێکشکاو خومەینی دانی بە شکستی خۆی دانا و داوای وتووێژی کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازی لیکرد و، وتووێژ لە نیوان دەستەی نوێنەرایەتی کورد و هەیئەتی دەوڵەتەوە دەستی پیکرا. بەڵام ڕێژیم کە هەدەفی کات کوشتن و خۆسازماندانەوە بوو، دانی بە هیچ دا نەنا و زۆر زوو دەستی دایەوە هێرش بۆ سەر کوردستان و لە سەر تاسەری کوردستان دا شەڕ دەستی پیکرایەوە.

لەو کاتە دا هێزەکانی دوژمن لە شاری بانەوە بەرە و سەردەشت کەوتنەڕێ و چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ مانگی خەرمانانی ١٣٥٩، هێزێکی گەورەی دوژمن بە فەرماندەیی سەیاد شیرازی گەیشتە دارساوێن، بەڵام ئەو ڕۆژە کارێک

بە دوژمن کرا کە ئێستاش دوژمن لە بیری نەچۆتەوە و سەیاد شیرازی بۆ خۆی دەڵێت: من لەو شەڕەی دارساوێن دا نەمدەزانی چۆن خۆم دەربازبکەم و بە راستی بۆ ئێمە ببوە جەهەندەم و جەهەندەمم بە چاوی خۆم دیت. ئەم قسەی سەیاد شیرازی لەم بارەوە هێندە راستە کە دەڵێی دووزەخی راستە، چەنکە بەراستی ئاگر لە سەر پشتی هێزەکانی دوژمن کرا بۆوە و زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە هێزەکانی کوژران و زۆرێکیش بریندار بوون، لەو شەڕە دا کە هیزەکانی دوژمن لە لایەن کۆپتەر و فانتۆم و تۆپخانەوە پشتیوانی دەکران، نەیانتوانی هێچ شتیک بە قازانجی هیزەکانیان کە کەوتبوونە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە لە خۆ نیشان بدەن. هیزەکانی دوژمن سەرەڕای ئەوە کە بەو هەموو شتەوە پشتیوانی دەکران و تەقەمەنی زۆریشیان لە ئیختیار دابوو، ناچار نەیانتوانی پێشرەوی بکەن و سەرئەنجام لە بەرزایەکانی جاتراوێ و سەندەلوو زەویە ئاسمانی و کانیە گوڵێنی و دەوروبەری دارساوین جێگیر بوون و، بۆ ماوە ٤٥ رۆژ لەو شوێنانە مانەوە ونەیانتوانی پێشڕەوی بکەن کە رۆژ نەبوو زەبری بە ژانیان وی نەکەوێت کە لەو ماوەشدا زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لێ کوژرا. بەڵام بە داخەمەوە لەو شەڕڕانە دا ٨ پێشمەرگەش شەهید بوون.

لە ئاخری رۆژی کە ئەو هێزە دەیهەویست ببزویت و بەرە و سەردەشت بروات، لە تابلۆیانی نزیک کانیە گوڵێنیی دارساوێن بۆ جارێکی تر کەوتەوە بەر هەڵمەتی کوڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و زەبرێکی زۆر گەورەی لێدرا کە ١٦ ئایفا و، چوار لۆری هەڵگری تەقەمەنی و، چوار جیبی فەرماندەیی و، سی تویتا و، سێ تانگی چیفتین و، تانکێریکی ئاوی و سێ پەدافەندی جووت لوولە لە گەل بە ملیۆن گوڵە تۆپ و فیشەکی جۆراو جۆر، سووتێندران و زیاتر لە ٣٠٠ کەسیش لە هێزەکانی دوژمن کوژران و زۆرێکیش بریندار بوون کە ئەو رۆژە فانتۆم و کۆپتەرەکانی دوژمن لە ئاسمانی ناوچەکەوە دەیانروانیە زەبری دەستی کورانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە بەر دوکەڵی سووتانی ئەوانە نەیاندەتوانی نزیک ببنەوە و لە دوورەوە سەنگەری کوڕانی کوردیان دەکوتاو مال و حاڵی خەڵکیان لە گوندەکانی ئەو ناوچە دا ئاگر دەدا. بەڵام سەد حەیف لەو کاتە دا کە بە راستی هێزی پێشمەرگە زۆر ماندوو بوو، شەوی دواتر لە لایەن چەند خۆفرۆشەوە هیزە شەق و شڕەکەی دوژمن کە لە شاری سەردەشتەوە هێزێکی تری تا پردی بریسوی بە رەوپیری هاتبوو، هیدایەت کرا و بەو حاڵە خۆی گەیاندە شاری سەردەشت وسەرهەنگ سەیاد شیرازی لەو جەهەندەمەی بۆی داخرابوو رزگاری بوو، بەڵام ئێستاش پێەوە دەناڵێنی و ئەو ترسوو خۆفەی لە چاوان ون نەبوە و ون نابێت..

پاش ئەوەش ڕێژیم لە ساڵە کانی ١٣٦٦ و ١٣٦٧ دا کە ئەو زەبرە بە ژانانەی لە بیر نەچوو بوو، لە ترسی ئەوە

کە هێزەکانی لە مەڵبەندی دارساوێن نەکەونەوە بەر هەڵمەتی هێزی پیشمەرگە، ١٦ قوڵەی لە بەرزایەکانی پشتی گوندی دارساوێن هەڵکەوتوو لە جاتراوێ و شابان و زەویە ئاسمانی و سەندەلوو دانا. بەڵام بەم حاڵەش هێزەکانی وا بە سووک و سادە نەیانتوانی بی خەم دابنیش و زۆر زەبری تریان لەو مەڵبەندەدا لێدرا.

٢٤ جوونی ٢٠١٣

## ٢٢ی پووشپەڕە؟

٢٢ی پووشپەڕە، ساعەت ٩ی بەیانیە، لە کانیە ویشکەڵانی پشتی دۆڵی زمزیران کە بە سەرگشت ناوچەکە دا دەڕوانێ، دانیشتووین و، خەریکی پشوودانین. هەمووی چەند کاتژمێرێکە بە پۆلیک دیلەوە لە حەمەلیاتێکی سەرکەوتوانە لە سەر هێزەکانی دوژمن لە ناو گوندی کانی سپی لە بناری کێوەکانی کەکی و، مایندۆش - دوە گەراوینەوە سەر ئەم کانیاوە سارد وفێنکە.

ئێستا هەر چێشتەنگاوە، هەوا گەرمی نەکردووە، تازە یەک، یەک و، دوو، دوو، کادر و پێشمەرگەکان لە خەو هەستاون و، بە مەبەستی چا لێنان، ئاگریان کردۆتەوە و، کتری وقم قمە رەشەکانیان لە سەر کوچکاورەکان بەلای ئاگرەوە ناوە.

ئێستا هەوایەکی بێ گەردە و فێنکی دێ و، کوێستانی ئەوەندەی تر خۆش کردوە و، بۆنی رەوەکی کوێستان دڵی مردوان زیندوو دەکاتەوەو، ئارەقە لەپشت و رووی کاسبکار وکوێستانچیان دەسڕێ و، جوانی سرووشت شا بە سەپانی خۆی نازانێت و، هەروا وردە، وردە قاسپەی کەوی سەر باڵ سپی سەر رنوە بەفران دێت.

ئێستا دڵەکان هەموو شاد و، پڕ لە پیکەنینن، چاوەکان هەموو وەک ئەستیرە دەبزۆزن، لێوەکان گەش و، لە سەریان پیکەنین هەلپەرکەیەتی. بەڵام، داخەکەم، لەو کاتە دا، هەواڵ هات، چ هەواڵێک؟؟؟؟، هەواڵێکی جەرگ

بڕو، دڵ تەزێن، هەواڵی تیرۆر کرانی گەورە پیاوێکی کورد، د. عەبدولرحمان قاسملوو کە نەتەوەی کورد شانازی بە بوونی دەکرد.

ئێستا ئیدی وەزعەکە گۆڕاوە و، شادی و پێکەنین و خۆشی، بوونەتە گریان و فرمێسک و، کەس خۆی پێ وەخۆ ناگیرێ. ئێستا ئەوە گوێ بۆ دەنگی بە سۆزی کوڕی بە ئەزموونی خەباتی نەتەوەکەمان، کاک ئەحمەدی شێربەگی، رادێردراوە کە بە دەنگی پڕ لە غوربەتیەوە هەواڵی تێرۆرکرانی قاسملووو، هاورێیانی دەخوێنیتەوە.

ئێستا ئیدی شک لە کۆچی سووری قاسملوو دانەماوە و، فرمێسک بە لێشاو لە چاوی قوتابیەکانی دەبارێ و، دەرۆن بانگ لە شەپۆلەکانی چۆمی کەلوی دەکەن و، هەوالی مەرگی سەرکردەیەکی نەترسی نیشتمانی پێدەدەن.

ئێستا ئیدی دێلەکان لە ترسی خۆیان رۆژی روون لە لایان تارک بووە، بەڵام لەم کاتە دا قاسملوو، وەک جارانی پێشتری هاتە لامان و، بەپێوە وەستاو، فەرمووی: لە بیرتان نەچێ، زۆر جاران گوتوومە: دێلیش مافی خۆی هەیە و، دەبێ بپاریزرێت.

ئێستا لەم کاتە سەخت و ناخۆشە دا، لە سەر رێنوینیەکانی قاسملوو، دیل، دیل نەبوون و زۆر مرۆڤدۆستانە بەرخوردیان لە گەڵ کرا.

ئێستا ئیدی بە بڵاو بوونەوەی ئەو هەوالە ناخۆشەو، هەناسەی ساردی پێشمەرگەکان، سەری کەپری و، مەیدان چۆغەو، مایندۆش و، برایم جەلال و، فیرەگ و، سپی رێز، تەم گرتنی ولە گشت کوردستان بوو بە شین و گریانە و، لاوان رەشیان پۆشی.

ئێستا ئێوارەیە وبەرەو گوندەکانی سارتکێ و مێونە دەڕۆین و، لە غەمباری کەس دەنگی لیوەنایەت.

تازە گەیشتووینتە ناوگوند و، هەرچی خەڵکی گوندە لە دەوری دەنگی کوردستان کۆبوونەوە و، گوێیان لە هەواڵی تیرۆر کرانی قاسملووو، هاورێکانی گرتوە و، فرمێسک دەوەرێنن.

ئێستا ئیدی لەم گوندە دا، کەس نیە دڵخۆشی کەس بداتەوە و، هەموونیگەرانن ودەگرین و غەمبارن و، خەڵک بە چاوی نائومێدەوە دەروانێتە ڕەنگ و ڕووی خەماوی پێشمەرگەکان.

ئێستا ئیدی کات کاتی خۆڕاگرتن و، ورە بەرخۆدانە، ئێستا کەس لە دەرکی ماڵەکان نەچوونە ژوور و، هەروا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە ڕووی خەماوی کادر و پێشمەرگەکان دەروانن.

ئێستا ئیدی کات کاتی ورە و، خۆڕاگری و، لە مەیدان ڕاوەستانە، ئێستا کات، کاتی قۆڵ هەڵماڵینی کوڕانی دێموکراتە بۆ دڵخۆشی دانەوەی خەڵکی گوندی، ئێستا ئیدی کاتی ئەهد و پەیمان نوێ کردنەوەیە لە گەڵ ڕێبەری شەهید و، خەڵکی کوردستان کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملووو، هاوڕێکانی ، درێژەپێدەری ڕێگاکەیان بین.

ئێستا ئیدی ئەوە کوڕانی دێموکرات لە ناوگوند دا دڵ خۆشی خەڵک دەدەنەوە و، دیلەکان دەدەن بە پیاو ماقووڵانی گوندی تا بەیانی بیانبەنەوە بۆشاری ڕەبەت و ئازاد بکرێن.

ئێستا ئەوە لە مووچەی کیکنی ماوینەوە و دیلەکانیش گەیشتوونەوە شاری ڕەبەت و، ئازاد کراون و، هەرچی خەڵکی شارە لە غیرەت و مەردایەتی و ئاشتیخوازی کورانی قوتابخانەی قاسملوو ڕاماون و، درووود و ئافەرینی بێ پایان بۆ ڕێبەری تیرۆرکراویان دەنێرن.

ئێستا ئیدی ئەوە نیوە ڕۆیەو، دوژمن بەو کارە نامەردانەشی دڵی ئۆقرەی نەگرتووە و، کوڕانی دێموکرات و قوتابییەکانی قاسملووی لە کیکنی داوەتە بەر ڕەهێڵەی کاتویشا و خۆمپارەکانی، بەڵام کوڕانی دێموکرات و مەکتەبەکەی قاسملووی هەمیشە زیندوو، لەوە ناترسن و پەیمان نوی دەکەنەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری، ڕیبواری ڕێی قاسملووو، هاوڕێکانی بن.

٢٣جووونی ٢٠١٣

## بە یادو بیرەوەری (٦) تێکۆشەری گیان بەختکردوو.

لە کۆتایی رۆژەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی دا، سێ هێزو کومیتە شارستان بە ناوەکانی هێزی زمزیران وکومیتە شارستانی رەبەت و، هێزی پێشەوا وکومیتە شارستانی مەهاباد و، هێزی بەیان و کومیتە شارستانی بۆکان و، هێزی قەندیل، کەوەک بەڵەد لە گەڵ ئێمە بوون و دەمانهەویست بە ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشاردا بگەڕێینەوە ناوچەکانی خۆمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرکردایەتی حیزب را، هەڵکەوتوولە بۆڵێی باشووری کوردستانەوە، کەوتینەڕێ و یەک شەو هەمووما چووینە گۆڕتیسوێ لە بناری قەندیلی سەر بەرز.

لەوێ دەستەیک بەو مەبەستەمان و بۆ تاقی کردنەوەی بوارەکان، چەند رۆژێک و چەند جارێک، بەرە و تاقی کردنەوەی بوارەکانی زێی چووک وەڕێ کەوتین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە زستان و بەهارەکەی تووش و بەفر و باراناوی بوو و چۆم لە رادەبەدەر زۆر بوو، بواری نەدا و نەمان توانی بپەڕینەوە و بۆ ماوەیەک لە گۆڕتیسوی ماینەوە.

بەو هۆیەیی کە باسم لێکرد و نەمانتوانی بگەڕێنەوە و بۆ ماوەیەک لە گۆڕتیسوی ماینەوە، وا ساغ بووینەوە کە وا باشە کە گەر رێگەش نیە وەپەڕین، لە ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار، عەمەلیاتێکی هاوبەش لە سەر هێزەکانی دوژمن بەرێوە بەرین.

بۆ ئەم مەبەستەمان کە مۆڵگە و شوێنی تەئمینەکانی دوژمن لە سەر جادەی ئەسڵی سەردەشت بۆ پیرانشار لە ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار هەڵبژاردران، دوو مۆڵگەی دوژمن هەڵکەوتوو لە ناوگوندی سێپەکان و پشت ماڵانی ئەو گوندە ، کە پێشتر لە ١٥- ٣ - ١٣٦٧ی هەتاوی دا هێزی گیارەنگی سەردەشت عەمەلیاتێکی لە سەر بەرێوە برد بوو، بەڵام، لەوێدا چوار شەهیدی بە ناوەکانی رەحیم قارنجی و عوسمان ئەحمەدی و ئەبووبەکر مەمەندی وخالید بووبانەیی لێدا بوو، خالید و ئەبوو بەکریش جەنازەکانیان کەوتبووە بەردەستی هێزەکانی دوژمن و، برردابوونە میراوێی سەردەشت و لەوێ لەلایەن خەڵکەوە وەرگیرابوونەوە و تەسلیم بە خاک کرابوون و جەنازە عوسمان ئەحمەدی و رەحیم قارنجیش گەرێندرابوونەوە بەرقسڵ لە کۆنە سوونێ و لەوێ بە خاک سپێردرابوون، ئەو

مۆڵگانە کرانە هەدەفی سەرکیمان و هێزیکی تێکەڵاو و پۆشتە و پەرداخ و هەڵبژێردراو لەو چوار هێزە، بۆوێ دا ندرا.

لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە، بەشێک لە فەرماندەرانی نیزامی لە هەر چوار هێزەکە بە مەبەستی شناسایی ناوچەکە کەوتینە رێ و بە وردی شوێنی عەمەلیاتەکە شناسایی کرا و گەڕاینەوە بۆ دەورو بەری تاتی دوو لە بەرزایی قەندیل و لەوێڕا چەند کەسێکمان بۆ ئاگادار کردنەوەی پێشمەرگەکان کە بەرە و عەمەلیاتەکە وەرێ کەوین گەڕاینەوە بۆ گۆرتیسوێ.

کە گەڕاینەوە بۆ گۆڕتیسوی و هێزەکان خۆیان ئامادەکرد و وەرێ کەوتین، ئەوەی بۆ من زۆر ناخۆش بوو، ئەوە بوو کە لە کاتی رۆیشتنمان دا کە بەرەو بەرزایی قەندیل و بەرەو کۆترەل دەرۆیشتین، ئێسترێک کە وەسایل و تەقەمەنی پێوە بووێ، لەو هەورزە هەلدێرا کە هەر سەربەقولاتێکی دەیدا، دەنگی شکانی ئێسقانی بەدەنی دەهات کە ئیستاش زیاتر لە ٢٥ ساڵە لە یادم نەچۆتەوە و هەرکات بیر لەو رۆژە دەکەمەوە نارەحەت دەبم.

ئێوارەی ٩ لە سەر ١٠ - ٤ - ١٣٦٧ی هەتاوی وەرێکەوتین و هەر تیم و دەستە و پەل و تاقمە بۆ شوێنی پێ سپاردراومان کەوتینە رێ. بەڵام لە نزیک هەوارەکانی هەلۆێ، دیتمان دوژمن رۆژی پێشتر مۆڵگەیەکی گەورەی لێداناوە کە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو دوژمن هەستی بە هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە کردبوو. قەرا بوو کە عەمەلیاتە کە تیک بدرێتەوە، بەلام دوای کۆبوونەوەیەکی بەرپرسان، قەرار وا دانرا کە عەمەلیاتەکە تێک نەدرێتەوە و لە هەموو تیم و دەستە و بەشەکان، دەستەیەکی باش بۆ لێدانی ئەو مۆڵگەش بە بەرپرسایەتی بایز کەلامی دابندریت کە دەقی ئەمە کرا و دەست بەکار بووین و هەر کام لە دەستە و پەل و تاقمەکان بۆ شوێنی خۆمان کەوتینە رێ.

ئەو دەستەی ئیمە کە ٥٠ پیشمەرگەبووین و، بۆ لێدانی دوو مۆڵگەی دوژمن لە ناو گوندی سێپەکان و، پشت ماڵی ئەو گوندە داندرابووین و، وەک بەڵەدیش حوسێن چەکۆو چەند پێشمەرگەیەکی‌تری هێزی قەندیلیشمان لە گەڵدا بوون، چووین لە یەک کیلۆمتری ئەو گوندە لە شوێنێکی نەدیو لە گوندی تا کاتی دەست بکار بوون، ماینەوە. بەڵام دەمەو نیوەرۆیە هەر ئەوەندەمان زانی مێگەلێک گەیشتە سەر ئەو کانیاوە و پاش تاوێکیش بێری گوندی سێپەکان

گەیشتنەوێ.

بێریەکان کە گەیشتنە وێ و چاویان بە ئێمە کەوت، خەریک بوو بگەڕێنەوە، بەڵام، لە گەڵیان دانیشتین و زۆریان قسە بۆ کرا کە نابێت بە هیچ جۆرێک لە ناو گوند دا دەنگ بکەن و بڵێن پێشمەرگەمان دیتوون. بە دوای ئەوە دا مەر و بزنەکانیان دۆشین و بەرەو گوند گەڕانەوە و، ئێمەش لە بەر ئەوە نەک لە دەمیان دەرچێ وباس بکەن کە پێشمەرگەیان دیتوە و، بە دوژمن بگاتەوە، لە حاڵی ئامادە باشدا دانیشتین و چاوەروانی کاتی دیاری کراوماینەوە. بەڵام لەو کاتەشدا دیتمان ئەوە لە پشت ئێمەوە چەند جاشێک لە مۆڵگە تازە دامەزراوەکەی پشت هەواری هەلوێ را دێنە خوارێ.

لە یەکەم چاو پێکەوتنماندابە جاشەکان، واساغ بووینەوە کە بیانگرین، بەڵام دوایە لە بەر ئەوە نەک تەسلیم نەبن و هەڵێن و ئەو کات ناچار بین تەقەیان لیبکەین و ئاشکرا بین، لەوە پەشیمان بووینەوە و، خۆمان حاشاردا و نەیاندیتین و رۆیشتنەوە بۆ گوندی سێپەکان.

بە دوای ئەوە دا دەوروبەری ساعەت شەشی ئێوارێ، دەست بەکار بووین و، وێڕای گشت شوێنەکانی تر، هەڵمەتمان بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن لە ناوگوند و پشت ماڵان دەست پێکرد و دوژمن زۆر بە توندی کەوتە بەر ئاگری چەکی پێشمەرگەکان کە لەماوەیەکی کورت دا جگە لەوە کە بە چوار بیکیسی مۆڵگەی دوژمن لە پشت ماڵی سێپەکان کەوتبوە بەر ئاگرێکی توند، بە چوار ئارپیچیش لەو مۆڵگە دەدرا کە درووست ١١٠ گوللە ئاریچی - مان لەو مۆڵگە دا و تەواوی پێداویستیەکانی ئەو مۆڵگە کە بریتی بوون لە عەمباری کەلوپەلی خواردن و تەقەمەنی و تانکیەکی گەورەی نەوتی و ئیدی ئاگردران و زەبرێکی گەورەی گیانی و ماڵی پێگەیێندرا، بەڵام، بە هۆی کوتانی سەنگەری پێشمەرگەکان کە بە سەختی بە ئەنواحی چەکی گەورە و بچووک لە لایەن رێژیمەوە دەکوترا، نەتوانرا دەست بە سەر مۆڵگەکە دا بگیرێ. بەڵام مۆڵگەی دوژمن لە ناو گوندی سێپەکان دا بە گشتی تەفر و توونا کرا ونزیک بە ٣٠ جاش و پاسدار لە ناو گوند و ئاودەستی حەوزی پیاوان و کانیە ژنان دا کوژران. بەڵام بە داخەوە لەو کاتە دا پێشمەرگەیەکی هێزی قەندیل بە ناوی حوسێن چەکۆ کەوتە بەر گوللەی جاشەکان و بە توندی بریندار بوو کە بە داخەوە پاش چەند ساعەت بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ، سەرئەنجام گیانی پێشکەش بە بارگای رزگاری گەل و نیشتمانەکەی کرد و ماڵاوایی یەکجاری لە نیشتمان و هاوسەنگەرانی کرد.

جگە لەوەش لەو کاتە دا کە پێشمەرگەکان هەڵمەتی شێرانەیان بردە سەر مۆڵگەی دوژمن لە پشتی هەوارەکانی هەڵوێ و زە بری باشیان لە دوژمن وەشاند، بە داخەوە ٥ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی:

١- غەفوور سەدیقی خەڵکی گوندی نواوێی ناوچەی رەبەت و، قادر بایزیدی خەڵکی گوندی گۆمانی ناوچەی رەبەت و، محەممەد مازووچی خەڵکی گوندی شێواوکانی ناوچەی سەردەشت لە هێزی زمزیران و، جەلالە کوردە خەڵکی مەهاباد و، ئەنوەر یالاوەی خەڵکی مەهاباد و، لە هێزی پێشەوا، کەوتنە بەر رەهێڵە تۆپخانەی دوژمن و شەهید بوون.

لەو شەرە گەورە دا، زەبرێکی گەورە لە هێزەکانی دوژمن دارا و، ورەیەکی زۆر بە هێز درایە خەڵکی کوردستان و، لە ناوچەی بەری مێرگاندا ئاگر لە سەر پشتی هێزەکانی دوژمن کرایەوە کە ئەو عەمەلیاتە بۆ جارێکی تر، گەورەیی و لە خۆبردوویی کورانی دێموکراتی بە دۆست و دوژمنانی نەتەوەی کورد نیشان دایەوە کە ئەگەر کوری دێموکرات بیهەوێت زەبر لە دوژمن بدا، لاترس وجوودی نیە و ئیرادەی بە قەدەر قەندیل بەرزە.

بە دوای ئەوە دا کە عەمەلیاتەکە تەواو بوو، شەهیدەکان کە بوونە شەش شەهید، بەرەو تاتی دوو و، کۆترەلی گەڕاینەوە و، بەیانی رۆژی ١١ - ٤ - ١٣٦٧ی هەتاوی شەهیدەکان - مان لە تاتی دوو و کۆترەلی لە بەرزترین شوێنی قەندیلی سەر بەرز بەخاک سپاردن و، هەر ئەو رۆژە گەڕاینەوە بۆ گۆڕ تیسوێ و، رۆژی دواتریش گەڕاینەوە بۆ سەرکردایەتی حیز ب لە بۆڵی و، بنکەکانی خۆمان لەو دەورو بەرە.

لێرە دا روو لە هەموو ئەو هاوسەنگەرانەم لە هەر چوار هێزەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە لەو عەمەلیاتە دا بەشدار بوون، دەکەم و داواکارم کە لە کەموو کوریەکانی ئەم بیرەوەریە بم بوورن. چونکە رەنگبێت حافزەی من هەر توانیییەتی ئەوەندە هەڵبگرێت.

هەر لێرە شدا سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هەڵەم بۆ راست دەکەنەوە و کەموو کوریەکانم بۆ دەست نیشان دەکەن و بە راو بۆچوون و بیرەوەری خۆیان، بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکەن و یادەکە زیاتر رێز دەگرن.

بە هیوای ئەوە کە هەر کام لەو کادر و پێشمەرگانەی لەو شەڕە دا بەشدار بوون و ئەم بابەتە دەبین و دەیخوێننەوە، لە بۆ چوونەکاندا، بۆچوون ورای خۆیان دەربڕن تا ئەم بیرەوەریە ببێتە لاپەرەیەکی زێرین لە مێژووی خەباتی پڕ لی هەورازو نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تا وەچەکانی ئیستا و دواتری نەتەوەکەمان، لە، لە خۆ بردوویی جیلەکانی پێش خۆیان ئاگادار بکرین. بە بۆچوونەکانتان ئەم نووسینە دەوڵەمەنتر بکەن.

۱۸ی جوونی ۲۰۱۳

## چۆنیان پێ خۆش بێت وای دەبڕن؟

ماوەیەکی زۆرە لە سەر راگەیێنەکانی ناوخۆی ئێران و بیانیەکان وکوردیەکان، باس هەر بۆتە باسی هەڵبژارنی رەئیس جمهوری لە ئێراندا و سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش زۆر بەوردی بۆ چەواشەکردنی بیر ورای ناو خۆی ئێران و دونیای دەرەوە، رەوتێکی تەبلیغی بەرفراوان و قوراوی،

قوراوتر لە مێژووی ۳۳ دەسەڵاتدارتیان لە ئێرانی بەڵا لێدراو دا، دەست پێ کردوە و سەران و کار بە دەستە سەرەکیەکانی ئەو رێژیمە بە ئەندەن بۆوونە چەند دەستە و ئەوەی بۆ هەموو کەس رون بووە و رووی داوە و رۆژانە کاوێژی سەر زاریان بووە، بۆ تەفرەدانی خەڵک بە یەکتری دەڵێن کە هیچیان لە چوار چێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناچنەدەر و مەبنای کار و تەبلیغ و چەواشەکارین بۆ سەر خستنی پرۆژەی هەلبژاردنەکەیانە کە دەمێکە کەسی باوەڕ پی کراوی خۆیان داناوە.

پاش سێ رۆژی تر یەکێک لە ئەو تیرۆریستانە کە لە ئوروپا و ئەمریکا و لووبنان و عیراق و زۆر شوێنی تر، کەسانی وەک قاسملوو و، رەزا مەزلوومیان و، بەختیار و، رەجەوی و، شەرەفکەندی و کورە رووناکبیرەکانی کە لە قەتڵە زنجیرەیەکاندا، بەشدار بوون دەکرێتە سەر کۆماری ئێران و هیچ لە وەزعەکەش ناگۆڕێت.

ئەرێ بەراست کام یەک لەو چەند کەسەی ئێستا لەو مەیدانە ڕەوالەتیەدا ماونەوە دلسۆزی خەڵکی نەتەوەکانی ئێران بوون؟ کامیان دە ستیان لە قورگی لاوەکانی ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین نەناوەو سەروەت و سامانیان بە تالان نەبردوون؟کام یەک لەوانە لە گیران و زیندانی و ئیعدامەکانی بە تاک و کۆی کورانی نەتەوەکانی ئێران بێ خەبەر بوون؟ دەی گەر وایە، ئەم هەموو هەراو هووریایە بۆ چی؟

ئەوەی لە ڕاستی دا بێ، خەڵک بەشداری بکات و نەکات بەقسەیان ناکرێت و نەکراوە و چۆنیان پێ خۆش بێت وای دەبڕن.

۱۲ی جوونی ۲۰۱۳

## بە یادی هێمای خوێنکارانی کورد.

٤٥ سال بەر لە ئێستا، لە شەوی ١١ - ٢ - ١٣٤٧ی هەتاوی دا، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ناوچەکانی بانە دا خەریکی کارو تێکۆشانی حیزبی بوون، لە کوێستانەکانی ناوچەی میدانانەوە. داگەڕانە خوارێ و بەرەو ناوچەی حەوتەوانانی بانە کەوتنەڕێ و، هەر ئەو شەوە سەریان لە چەند گوندی ئەو ناوچەدا.

لەو کاتە دا کە بەر جادەی ڕێگای سەردەشت بۆ بانە دەبن، لە نزیک گوندی حەسەناوا، هەڵکەوتوو لە نزیک شارەدێی گوندی کۆخان،کە پاسگایەکی مەرکەزی ڕێژیمی شای لێ دەبێت، کوێخا شەریفی مێرە دێ یا کێلە شینی سەر شیوی سەقز، کە بە دەستووری ساواک خۆی خزاندبووە نێو تێکۆشەرانی ئەو کاتی دێموکرات، بە مەبەستی ئاگادار کردنی دوژمن لە پیشمەرگە لە ناوچە کە دا، گوللەیەک دەتەقێنێ و دەڵێت لە دەستم دەرچوو.

پێشمەرگەکان لەوە بە دوا زۆرلە کوێخا شەریف نیگەران دەبن و ئەو شەوە تا دەکەونە ئێوارێ، هەر لە ژێر

چاوەدێری دەگرن.

ئێوارەی ئەو رۆژ، یانی ئێوارەی ١١ لە سەر ١٢ی ٢ی ١٣٤٧ی هەتاوی بە مەبەستی کاری حیزبی دەچنە گوندی دارێنە و، بە سەر یەک دوو ماڵدا دا، بەش دەبن.

لەو کاتە دا کوێخا شەریفی خائین کە برازایەکی خۆشی لە گەڵدا دەبێت، دەرفەت پەیدا دەکات و زۆر ناجوانمێرانە تەقە لە کاک ئیسماعیلی شەریف زادە دەکات و بە تووندی دەستی بریندار دە کات.

بە دوای ئەوە دا، ئەو خائینە رادەکات ودەچێتە گوندی سیاومە کە لەو کاتە دا پۆلێک ژاندارمەو جاشی خۆفرۆشی لێدەبن و خۆی تەسلیم بە ئەوان دەکات و هەواڵەکەیان پێدەلێت کە هەر ئەو شەوە رێژیم بە مەبەستی گەمارۆ دانیان هێزێکی زۆر لە جاش و ژاندارمەکان کۆدەکاتەوە.

پێشمەرگەکان بە دوای ئەوە دا کاک ئیسماعیلی شەریف زادە هەڵدەگرن و بەرە و لای گوندی سەر تەزێن دەکەونە رێ و لە شوێنیک بە ناوی چاڵە سووتاوان کە کانیاوێکی چووکی لێیە، دەمێنەوە.

لەو کاتە دا کە لەوێ دەمێنەوە، برازاکەی کوێخا شەریفی نامەردیش، هەڵدێت و دەچێتە سیاومە وجاش و ژاندارمەکان لە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان ئاگاداردەکات و، هێرشیان بۆ دەکەن.

لەو کاتە دا کە دەیانهەوێت ئەو شوێنە چۆڵ بکەن و برۆن، دەبینن لە چەندلاوە بۆیان دین.

کە ئەوە دەبین، وا ساغ دەبنەوە تا ئاخرین هەناسە و پی بوون یەک فیشەک، شەڕ بکەن.

لەو کاتە دا بە پێی ئەوەی کەسێکی نزیک لە رووداوەکە بۆمنی گێڕاوەتەوە، ئەحمەد خانی بانە کە ئەوکات چەکداری رێژیمی شا بوو، زۆر هەوڵی ئەوە دەدا کە هێزەکانی دوژمن لە شوێنی پێشمەرگەکان دوور بخاتەوە و دەرگیر نەبن و بە سڵامەتی دەربچن، بەڵام کوێخا شەریف و یەکێک لە سەرۆک جاشەکانی تر لە ناوچەی بانە، کە

بە داخەوە بە درووستی ناوەکەم فەرامۆش کردووە و، هیوا دارم ئەو کەسەی جەریانەکەی بۆ من باس کرد، کە ئەم بابەتە لە سەر سایتەکان دەبینێ، لە بۆچوونەکاندا ناوی ئەو جاشە بەرێت تا لە ناو خەڵکی کورد دا ببێزرێت ،

بە داخەوە کە هێزی زۆری دوژمن هێرشیان بۆ دەکەن پاش شەڕێکی زۆر لە خۆبوردوانە، چوار تێکۆشەری نیشتمانەکەمان بەناوەکانی:

١- ئیسماعیلی شەریف زادە

٢- عەلی عەولا کۆڵی

٣- حوسێنی ڕەحمان ڕابی

٤- مەحەممەدی ئەستیە مەنگور، شەهید دەبن و یەکێکیش لە ئەوان بە ناوی عەولارەشی بانە زێر کە بەسووکی بریندار دەبێت، دەرباز دەبێ کە پاش یەک مانگ پێشمەرگەکانی ناوچەکانی تری کوردستان دەگرێتەوە.

کاتێک ئەوانە شەهید کران، تەرمەکانیان بەرە و شاری بانە بران و، دواتریش بە پێی ئەوەی بۆ منیان باس کردووە، دەیانبەن شاری سنە و، دوای چەند رۆژ لەوێ بە خاک دەسپێردرین.
کاک ئیسماعیلی شەریف زادە کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بە کاک مەلا عەزیز ناسرا بوو، کەسێک بوو کە زۆر شۆڕشگێر و ڕووناکبیرو خەڵکی و خاکی بوو.

دڵۆپە خوێنەکانی ئیسماعیل شەریف زادە ئێستاش لە مەڵبەندەکانی بانە دا وەک هەور بە سەر دوژمن دا دەگرمێن و، زەندەقیان چوە ولە گشت کوردستان دا دوژمن لە ترسی ڕووناکبیرانی ڕێرەوی ئەوکەڵە پیاوە کە بۆتە سیمای خوێند کارانی کورد، خەو لە چاویان زڕاوە.

لە کۆتایی ئەم یادکردنەوەکورتە دا، هیوا دەخوازم کە رووحی ئەم گەورە پیاوە بە بەهەشتی بەرین شاد بێت و، ئامانجی کە سەرکەوتنی نەتەوەکەی بە سەر دوژمندا بوو، بێتە دی.

٣ی مای ٢٠١٣

## رووح و و بیری قاسملوو، زەریا بوو، بەچڵکەباران، لیڵ نابێ.

پاش ئەو هەموو فیداکاری و، کوێرەوەری و، زەحمەت و تێکۆشان و، دەربەدەری و، بی خەوی و خواردن و، لێدانی ئەو هەموو سەرماو گەرماییە و، تێرۆر کرانی، ئیستاش وەک رابردوو، تاک و تەریک هەن کە زۆر ناجوانمێرانە دوور لە ئەخلاقی ئینسانی و، بە شێوەی دوژمنانە بۆ قاسملووی شەهید دەڕوانن و لە ناو ماڵی ئەبەدیشی دا وازی لێ ناهێنن و بۆختانی پێدەکەن و نا رەوایانە و بە قازانج دوژمنانی کورد لە سەری دەدوێن کە وتە و، قسەکانیان لە دڵی نەتەوەی کورد دا زۆر لەو فیشەکانەی پێی تیرۆر کرا، بەژانتر و دوژمنانەترن.

ئەوەی قاسملوو بۆ کورد کردوویەتی، ئێستاشی لە گەڵ دا بێت هیچ رێبەرێکی کورد نەیکردوە و نەیتوانی بیکات.کە ئەوە دەڵێم ، بە بەڵگەوە دەیڵێم و لە مەیدانی کردەوە دا دیار بوو، دوکتور قاسملوو، لەو سەردەمانە دا کە لە زۆر شوێن و لە زۆر بارەوە ناوهێنانی نەتەوەی کورد تاوان بوو، هێنای کتێبێکی بە ناوی کوردستان و کورد نووسی و هاویشتیە بەر چاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بە چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدرا و کەوتە نێو دانیشگاکانی وڵاتانی بێگانە و سەرەڕای ئەوە کە خزمەتێکی گەورەی لە بارەی ناساندنی کورد و کوردستانەوە بە نەتەوە کورد کرد، لە بارەی بازدەی شێوەی ناسینی چۆنیەتی هەڵدانی ئابووری خزمەتی گەورەشی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کرد کە گەڵی کورد قەت لە بیری ناچێت و ئیستاشی لە گەڵ دا بێت زۆر لە ئابووری زانانی بەناوبانگی دونیا کە لە حاڵی حەیات دان، وێڕای زۆر لە کار بە دەستانی پایە بەرزی وڵاتانی دونیا کە ئەمڕۆ هەر کامیان لە وڵاتانی خۆیان دا نەخشی سەرەکی دەگێڕن، شانازیان بە قاسملوو دەکرد.

قاسملوو قەت نەبووە دار دەستی کەس بێت و هەمیشە سەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی پاراست و، لە ژیانی دا لە بەر کەس و دوژمن هەڵنەهات و، شێرانە لە مەیداندا راوەستا و، تۆسقاڵێکیش شەرمی لە دوژمن و کەسە خۆ بە زۆر زان و دۆڕاوەکان هیچ لە دەست نەهاتوەکان نەکرد.

ئەوانەی ئەمڕۆ تاوان بۆ قاسملوو درووست دەکەن و بە ترسەنۆک و دزی دادەنێن. فەرقیان نیە لە گەڵ ئەو کەسانەی دوێنێ تیرۆریان کردو لە رۆژنامەی ئیتلاعات دا تەوهینیان پێ کرد..

دوکتور قاسملوو سەردەمانێک دەچوو پارەی لە باوکی دەستاند و کاری حیزبی پێ دەکرد وخزمەتی یەکیەتی لاوان پێ دەکرد و تایپی بۆ دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان پێ دەکڕی، بەڵام وەک ئیدی ماستاوی بۆ ئەم و ئەو نە دەگرتەوە.

من پرسیار لەوانە دەکەم کە تۆمەتی بێ هوودە لە قاسملوو دەدەن، کێ بوو دوکتور قاسملووی لە کوردستان و لە بەغدا بە دەرکردن دا؟؟؟

ئەوە قاسملوو بوو لەو کاتە دا کە حیزبی بەعسی عێراقی داوای لە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە شت لە سەر بزووتنەوەی کوردی باشوور و شەخسی بارزانی نەمر بنووسێ، رەدی کردەوە و ئامادە نەبوو خیانەت بە نەتەوەکەی بکات و بەغدای بە جێهێشت و لە سەر ئەوە رێبەرایەتی حیزبەکەی پرش و بڵاو بوو.

ئەوە قاسملوو بوو کە لە پێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ حیزبی بەعسی عێراق دا سەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی پاراست کە نموونەش بۆ ئەم راستیە، ئەمەیە کە: پاش رووخانی رێژیمی حیزبی بەعسی عێراقی، دوکتور مەحموود عوسمان ئەندامی پارلمانی سەربەخۆ، لەپارلمانی عێراقی ئیستادا، لە کۆبوونەوەیەک دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دەشتی کۆیە بۆی پێک هێنا، گوتی: شانازیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە سەرەڕای ئەو هەموو پیوەندیەیی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی دێموکراتی کوردستان، پاش رووخانی حیزبی بەعسی عیراقی کە ئەو هەموو بەڵگە و مەدارکەی ئەو حکوومەتە کەوتە بەر دەستی خەڵک و لایەنە سیاسیەکان، یەک شتی تێدانەبووە بە زەرەری خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان بێت و، بەڵکوو زۆر شتی باشیان تێدا بوو کە بۆ ئەمە دەبێت ئێمە و ئیدی دەرسیان لێوەربگرین و لێیانەوە فێر ببین.

قاسملوو قەت رێبەرانی کوردی لە هیچ شوێنێکی کوردستان بە جاش و خائین دانەناوە و نەزانیوە، بەڵام ئەو تاک و تەریکانە ئەمرۆ پشتیوانی لە بەزیو و وابەستەکان دەکەن، بەزیوەکانیان، قاسملوو یان بە جاش دادەنا و و خودی پێشەوا قازی محەممەدیشیان بە خیانەتکار لە قەڵەم دەدا.

دوکتور قاسملوو لە هیچ کاتێک دا فەرقی بە سەددام و خومەینی و محەممەد شا و ئیدی نە دەکرد، نموونەش بۆ

ئەم راستیە ئەمەیە کە: لە کاتی خۆیدا، رۆژنامەنووسێکی ئەمریکی کە بە داخەوە لە حاڵی حازردا ناوەکەم فەرامۆشکردووە، کە لە بارەی رژێمی بەعس و سەدام حوسێنەوە پرسیارلە قاسملوو دەکات. قاسملوو دەڵێت: بۆ ئێمە سەددام و خومەینی هەر یەکن، بەڵام جارێ با خومەینی برووخێنین و، ئەوکات نۆرەی سەددام - ە.

دەبێ ئەو پیاوە گەورە کێبێت کە هێندە بە سامە و لە تاران دوکتور قاسملووی لە بەر هەڵات بێت؟؟؟! ماشاڵڵا لەم .....

قاسملوو، کەسێک بوو، شەخسییەتێکی تایبەتی هەبوو بوو کە دوای تیرۆر کرانی، هەزاران منداڵی کوردی بە ناوەوە کراوە، تازە قاسملوو لە ناو کوردان دا وەک پێغەمبەر وایە و دەریایەکە کە هەموو کات شەپۆلان دەدا و کەنارەکان ئاوەدان دەکاتەوە و کەسیش ناتوانێ پێش بە شەپۆلەکانی ئەو دەریا گەورەیە بگرێ.

لێرە داناچارم کە رەخنەیەک ئاراستەی هەر دوو باڵی دێموکرات بکەم کە لەم لاو لەو لایان ڕا کەسانێک تاک و تەریک و زۆر دوژمنانە و دڵرەقانە هێرشی نارەوا و بەدکارانە دەکەنە سەر قاسملووی رێبەر و بەئەزموونمان، بەڵام دەنگیان لێوە نایەت.

٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## کارەساتی ئەنفال، قەت لە بیر ناچێ.

دوێنێ و پێری بوو کە دەستێکی رەش، رەشتر لە قەقناسی رەش، بەدوو چاوی پیس و دوژمنکارانەوە، سێرەی دوژمنانەی لە دڵی کوردستان گرت و، لە گەرمێن، بیتوێن، پشدەر، بادینان، دەهۆک، بارزان، هەولێر، سلیمانی، کەرکووک و هەڵەبجە و گشت باشووری کوردستان، زۆر دڕندانە و، دوور لە عورفی ئەخلاقی مرۆڤایەتی و،

بەو پەڕی بێ شەرمیەوە، لە بەر چاوی کۆمەڵگای جیهانی، بە هەزاران ژن و پیاو و منداڵیان لە خەڵکی کوردستان لە زیلە ئەسکەریەکان کرد و، بەرە و مەرگی نا بەووخت و نادیار و کۆڵەبارو دەستە جەمعیان بەرێ کردن.

لەو کاتانەدا چها کچی جوان و منداڵکار و، کوڕی تازە پێگەیشتوو و، منداڵی سەر لانکە و، تازە پێگرتوو و، تازە لاو و ئیدی، وێڕای هەزاران ژن و پیاوی بە ساڵداچوو، لە زیلە ئەسکەریەکان و بەردەرگای بەندیخانە و حەسارە کاولبوەکانی سەدامی گۆڕ بە گۆڕ دا، بە تاک وبە کۆ، کەوتنە بەر قۆنداخ و لوولەی چەکی ئەسکەرە جەلادەکان و بزەی پێکەنینیان لە سەر لیوەکانیان تاراندن و، لە جێی بزەکان فرمێسکی ترس و وەحشەتیان لە چاوان باراندن و بە رادەیەکی زۆریان لە تینوەتی و برسیەتی دا قڕ و خنکاندن کە ئێستاش کە ئێستایە کەس و کاریان بۆیان داخ دارن و بە دوای تیتۆڵێک لە قوڵاغیانەوە حەوداڵن.

بەڵێ، با کەمێک وردبینەوە و باش بچینە نێو ناخی مەسەلەکە و، پرسیارێک لە کۆمەڵگای جیهانی بکەین کە چۆن بوو ئەو کات دڵیان بە ئەو هەموو منداڵە ئەنفالکراوانەدا نەهات کە زۆر بێ ویژدانانە لە باوەشی دایک و باوکانیان فڕیندران و بە زیندوویی ژێر خاکیان کردن؟

ئەوانەی ئەو ئەنفالەیان کرد، بۆ خۆیان بێ دایک و بێ باوک بوون و ماڵ و منداڵیان نەبوو و، زۆڵی کوڕی زۆڵ بوون، دەنا گەر وانەبوایە، تۆزقاڵێک سیلەی روحمیان بەو هەموو منداڵ و جوان و پیرو پەککەوتوانە دەسووتا و زیندە بە چاڵیان نەدەکرن.

کێ نەیدیتوە، مرۆڤ لەو کاتانەشدا کە زۆر نارەحەتە، بە بزەی مندال شاد نەبوویێت و بۆ تاوێک غەمی دڵ و دەروونی نەڕەوییێت؟ بەلاّم ئەدی بۆسەدام و پیاوەکانی ئەو روحمەیان بۆ ئەو هەموومنداڵە نەباڵق و تازە پێ گرتوانە نەبزووت؟ ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە دوژمنایەتیەکی زۆر قووڵیان لە گەڵ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەبووو هەیە و ویستیان ریشەی کورد لە بن هەڵقەنن.

ئەمشۆ رابردووله کوردسات کە گوێم دایە دایکێک کە چۆن باس ئەنفالەکە دەکرد و باسی شکەنجە وبرسیەتی و

تینوەتی منداڵەکانی دەگێڕایەوە وباسی لە چۆنیەتی هەڵسووکەوتی ئەسکەرە نەعلەتیەکانی سەدامی سەبارەت بە منداڵەکانی دەکرد، مچوورکی غەم دایگرتم و لە نارەحەتی دا جەستەم تەزی و کزەم لە دڵ هەستا و کەوتمە بیرکردنەوە و فرمێسک لە چاوم رژان و هەموو نەهامەتیەکانی کە لە درێژەی مێژووی کورد دا بە سەر نەتەوەکەم هاتوون هاتوون هتنە بەر چاوم چۆن کە بە ملیۆن گوڵی رەنا و رەنگیان لێ سەر هەڵپووچقاندووین و نیشتمانی کوردانیان کردۆتە ئی خۆیان.

دەی هۆ برای نیشتمان پەرست و زادەی کوردستانەکەم، تو خوا ئاورێک لەو کارەساتانە بەنەوە و دڵتان بەو هەموو قوربانیانە بسووتێ و ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆ کە بە دانی ئەو هەموو گیانە پاکانە وخوێنە رژاوەکان هاتۆتە دەست، بپارێزن و لە کیسی مەدەن وکوردستان بپاریزن.

من کە کوردێکی رۆژهەلاتیم، لەم ئەزموونە، جگە لەوە کە وەک تاکێکی کورد پێی دڵخۆش و سەربەستم و شانازی پێوە دەکەم، هیچ قازانج و بەرژەوەندیی مادیم تێدا نیە، بەلام چونکە کوردم و بە خاکی خۆمی دەزانم، شانازی پیوە دەکەم. بەلام ئێوەش کەموو کۆریەکانتان لە سەر مێزی وتووێژ چارەسەر بکەن وبرایانە دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێنن و لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا ببنە یەک و مەهێڵن جارێکیتر دوژمنان ئەنفالیتر بکەنەوە، رووحی هەموو ئەنفالکراوەکان لێتان قبولڵ ناکەن و خواش لە سەریان وەجواب دێت و بە خوێنی خۆتان کوردستان بپارێزن.

سەرکەوتن بۆ کوردستان،. مردن و رووڕەشی بۆ دوژمنانی کوردستان و دژی ئاشتی و برایەتی.

١٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

## کەی لە بەکار بردنی ئەو وشە نامۆیانە، رزگار دەبین.

وڵاتی ئێمە ( کوردستان) جگە لە کوردان ئی کەس نەبوە و ئی کەس نیە و داگیرکراوە و دوژمنان و نەیارانی بە مەیلی خۆیان دەستیان تێناوە و قاش، قاش و پارچە، پارچەیان کردوە و ئەوەی روحم بێت بە کورد و کوردستان نەکراوە و وەک مار ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواریان گەزتوە. بەڵام رۆڵەکانی کورد قەت تەسلیمی ئیرادەی دوژمنان نەبووین و ساڵەهایەک بە دژی داگیرکەران جەنگاون و لەخۆبوردوویان لە خۆ نیشان داوە کە لەو خۆڕاگریانە دا زۆر سەر کردە و پیاوی لە خۆبوردوو گیانیان فیدای رزگاری نەتەوە و نیشتمانیان کردوە. بەڵام ئەوەی زۆر لە مێژە بۆ من پرسیارە، ئەمەیە کە زۆربەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و لە پێشەوەیان سەرکردەکان و رووناکبیرانی کوردستان واز لە وشەکانی کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیە، کوردستانی عێراق، کوردستانی سووریە، یان کوردستانی رۆژهەڵات، کوردستانی باکوور، کوردستانی باشوور، کوردستانی سووریە، نایەن بۆ خۆیان، وڵاتی خۆیان کردۆتە پاشکۆی وڵاتانی بێگانە وناراستەو خۆ بێ ئەوەی پێ بزانن، تەئیدی ئەوەی دوژمن دەیهەوێت دەکەن کە سەرزەویەک، یانەتەوەیەک بە ناوی (کوردستان و کورد) نیە ونەبوو.

من وەک تاکێکی کورد لەم وتارە کورتە دا، داوا لە گشت کۆمەڵگای کوردەواری و بە تایبەتی رێبەران و رووناکبێران و نوسرانی کوردستان دەکەم لە لەمە بە دوا، با واز لەم وشانە بێنین کە بە کەیفی دوژمنانە و، وشەکانی (رۆژهەڵاتی کوردستان، باشووری کوردستان، باکووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان) بەکار بەرین، چونکە ئێمە چوار کوردستانمان نیە و، یەک کوردستان هەیە و ئەوە دوژمنانن وایان لێکردوە.

ئازیزان، خۆشەویستان، خەڵکی بە شەرەفی کوردستان، با بەس بێت و، واز لەو وشانە بێنین و، لەمە بە دوا، ئەو منداڵە کوردانەی لە دایک دەبن با فێری وشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری کوردستان، باشووری کوردستان و رۆژاوای کوردستانیان بکەین و، واز لە وشە نادروستەکان بینین و چیتر لە ئەوانە نەترسین کە زۆر لە مێژە وەک گورگ لە چوار لاوە دمیان لێکردووینەوە و ساڵەهایە گۆشتی تاکەکانی کوردستان دەخۆن و ئۆقرەشیان نایەت.

هەزار سڵاو لەو رێبەر و نوسەر و خوێندکار و جوتیار و شوان و گاوان و پاڵە و کرێکارو ئیدی ، کە لەمە بەدوا

تەرکی گوتنی وشە نامۆکانی کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیە و کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریە دەکات و، وشە راستەقینەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، باکووری کوردستان، باشووری کوردستان و رۆژاوای کوردستان، دەخاتە سەر زاری.

سەرکەوێت بیری نەتەوەی و بمرن دوژمنانی کورد و کوردستان

۲ی ئەپریلی ۲۹۱۳

## ئەمشۆ بوو.

ئەمشۆ بوو لە پێتەختی ولاتەکەم غەم باری و دوژمنانم پێکەنین، ئەمشۆ بوو کە کوردستانم زامی هەلگرت، ئەمشۆ بوو کە رووحەکان لە چوار چرا بالێیان گرت و وەک فرشتە فڕینە سەر ئاسمانی نیشتمان و وەک خۆر، کوردستانیان رووناک کرد و لە رۆژهەلات و باکوور و باشوور و رۆژئاوای کوردستان، نەتەوەکەیان لە خەو راپەراند.

ئەم شۆ بوو کە کوردستان نرکاندی و، وەک چرایەک داگیرساو لەبەر پێی دوژمنان دا بووە ئاگر و دەروونیان دەسووتێنێ. ئەمشۆ بوو کە مەلەکان لە خەو هەستان و لە سەر ئاسمانی نیشتمانمان بۆ سەرکردەکان شینیان گێڕا، ئەمشۆ بوو کە قەندیل لە گەلْ تاران و دمشق و بەغدا و ئانکارا کەوتە ململانەو پەیامی نەبەزی بە نەتەوەی کوردی دا، ئەمشۆ بوو کە ئارارات سەری بەرزی هەلْبڕی و لە هەر چوار لاوە بانگی لە نەیارانی کورد کرد و گوتی: خەیالْتان خاوە و قازیەکان نامرن و لە جێی هەر دارێک هەزاران نەمام دەڕوێن و بە دەورەی گشت کوردستان دا دەبنە پەرژین و کوردستان دەپارێزن، ئەمشۆ بوو کە دالاهۆ بانگی لە نەیارانی کورد کرد و پەیمانی لە گەلْ رۆلْەکانی بەست کە تا سەر کەوتنی یەکجاری سەنگەری بەربەرەکانیان لە گەلْ دوژمنانیان بێت و زەرەیەک نەلەرزێت.

بەڵێ، دوژمنانی کورد و کوردستان قازیەکانیان لە دار دا، بەڵام هەزاران قازی مەیدانی خەباتیان گرتەبەر و نەیانهێشتوە سووک و سادە کوردستان جێی رمبازێنی نەیاران بێت و ئیستا لە زۆربەی کوردستانی گەورە دا وەزعەکە گۆڕاوە و کورد لە شوێنێکیتر و سەرئەنجامیش هەر چوار پارچەی کوردستان یەک دەگرێتەوە و دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئاڵاکەشی لە بەر دەرکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەشەکێتەوە و ئەوەی قازیەکان دەیانهەویست دێتە دی.

**٢٩ی مارچی ٢٠١٣**

---

## *بۆ هەڵەبجەی شەهید.*

ئێوارە بوو، رۆژ بەرە و سەران دەرۆیش و ، منداڵە چاوگەشەکان، مەیدانی یاریەکانیان چۆل دەکرد و بەرە و خۆشەویستی دایک و باوکیان و بەرەو منزڵگەکانیان رێگەیان دەگرتەبەر.

ئێوارە بوو، کچانی شۆخ و نازدار، منزلگەیان بۆ باوک و دایک و براکانیان دەڕازاندەوە تا ماندوو بوونیان لە بیر بەرنەوە و،

بە خۆشی و شادی لە دەوری یەک پێکەوە دانیشن و کاتەکان تێپەڕ بکەن.

ئێوارە بوو، بووکی تازە بەمراد گەیشتوو، دەهات و دەچوو، تا ماڵی نۆماڵی، بۆ خۆشەویستەکەی برازێنێتەوە و، ماندوو بوونی لە گیان دەر بکات.

ئێوارە بوو، تازە قوتابییەکان لە مەکتەبەکان دەر دەکەوتن و، هەر یەکەیان بە هەزاران ئاواتەوە، بەرە و ماڵ هەنگاویان دەنا.

ئێوارە بوو تازە پەلەوەر و گیان لەبەرانی بی زمان، بەرە شوێن و لانەی خۆیان دەرۆیشتن تا بی غەم لەوێ شەو تێپەر کەن. بەڵام داخەکەم، لەم کاتە دا، دەستی ژەهراوی دوژمن، وەک پەڵە هەورێکی رەش و چڵکن و پڕ قین گەیشتە سەر ئاسمانی شارە جوانەکەی هەڵەبجە و، هەڵی رشتە گازی سەمیی و خنکێنەر و بە هەزاران کەس لە ژن و منداڵ و گەنج و پیر، بوونە قوربانی سیاسەتی کورد کوژی و کوچە و کۆڵان و شەقام و رێگا و بانەکانی شاری هەڵەبجە پر بوون لە تەرمی بێ گیانی خەڵکی ئەم شارە و کوردستانیان گریاند و رەشی پۆشی ئێستاش ئاسەواری ئەو کارە نا مرۆڤانە، لە سەر خاکی هەڵەبجە و جەستەی گاز وێکەوتەکان ماوەتەوە و، زۆریان بە ئازاری ئەو زامانەوە دەناڵێنن.

ئیستاش هەن لەوانە کە هەڵبڕاون و تا ئیستاش نەدێتراونەوە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بۆیان داخ دارن.

دەی هۆ خەڵکینە، زامەکانی هەلەبجە و قەڵادزی و کەرکووک و دەیان شار و ئەو هەموو ئەنفالە لە بیر مەکەن و، ئەم دەسکەوتەی هەرێمی کوردستان، کە بە خوێن و مەرگی هەموو ئەوانە وەدی هاتوو، لە دەست مەدەن و، لە بەرامبەر دوژمن دا سەفی خۆتان یەکگرتوو بکەن و، تف بۆ دوژمنان بنێرن و رووحی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە شاد بکەن کە بێ شک برایەتی ئێوە، رووحی ئەوان شاد دەکات.

سڵاو لە هەڵەبجە، سڵاو لە شەهیدانت، بمرن دوژمنانت، سەرکەوتووتر بێت کوردستانت.

١٦ای مارچی ٢٠١٣

## ئەوەی قەت نەورۆز لە بیر ناکات، شاری خۆرە.

أهۆ خومارۆ، شاری شاران، شاری رۆژ، شاری رووناکی، تۆ کە ٣٥٠٠ ساڵ پێش لە ئێستا ناوەکەت شاری رۆژ بووە، سەلمێنەی رووناکی خوازیەکەتە و قەت سەرت بۆ دوژمنان نەوی نەکردوە و بە گڕ و رووناکی خۆت ئاگرت لە دڵ و دەروونی دوژمنانت بەرداوە و رێی خەبات و تێکۆشانت بۆ لاوەکانت رووناک کردوە و پێشەنگ بووی.

هۆ خومارۆ، شاری بیری کوردایەتی، هەستە و کاتی هیمەتە و وەک هەمیشەت شۆعلە ببەستە وروووناکێت بگەێنە بە ئاسمان و دڵی تاریک پەرستان بدڕە.

چاو لێبکە و بڕوان بەرزایەکانی جاتراوێ، تەرخان، بڵێندە، بەردەکوڕ، کەپری، مەیدان چۆغە، برایم جەلاڵ، بەردەزەرد، نێو کێل و فێرەک و سپی رێز کە چۆن دەڕوانە دەست و پەنجەی کچ و کوڕانی لاوت بۆ هەڵگیرساندن ئاگری نەورۆزی ئەمساڵیش و دەیانهەوێت بێن و ببنە مێوانت و سەر چۆپی گەڕی شایی نەورۆزیان بۆ بگرن.

هۆ، شاری خۆمارۆ، بڕۆانی کانیە خۆمارۆیە، چۆن بانگ لە شەپۆلەکانی چۆمی کەڵوی دەکات و دەیهەوێت پێکەوە مەیدانی هەڵپەرکەی کوڕانی ئازادیخوازی کوردستان لە رەبەتی خۆڕاگر، پێکەوە ئاوپڕشێن بکەن تا تۆز لە بەرگی کوردانەیان نەنیشێت و چاوی دوژمن کوێر بکەن.

هۆلاوانی چاو سووری شاری رۆژ، سەر بەرز بکەن و بڕوانە لوتکەی بەرزی قەندیل چۆن دەروانێتە شارەکەتان و چاوەروانی هەڵگیرسانی ئاگری نەورۆزتانە تا پەیامی شۆعلەی ئاگری نەورۆزتان بە کرماشان و مەهاباد و ورمێ و دیاربەکر و وان و ئامێد و قامیشلوو کەرکووک و هەولێر و سلێمانی بگەێنێت.

دەی رەبەتی خۆڕا، ئەم ساڵیش بانگ لە لاوان و نووسەران و هونەرمەندان و شاعیرانی شارەکانی هاوسێت بکە و هەموو پێکەوە لە رەبەت، ئاگری نەورۆزی ئەم ساڵیش بکەنەوە و شادی بخەنە دڵی نەتەوەکەتان و گڕ بە دڵی نەیارانتانەوە بنێن.

هۆ رەبەتی لە خۆ بوردوو، بۆ جارێکی تریش ئیسپاتی خۆر بوونی خۆت بسەلمینەوە و مێژووی ٣٥٠٠ ساڵەت کە شاری خۆربووی، دووپات بکەرەوە و بانگ لە نستانی دوژمن تۆقێن و سیسێری رووناکبیر و گۆڵێی چاو سوورو دوژمن بەزێن و گشت گوندەکانی ترت بکە و، با ئەوانیش وەک هەمێشە رابن وبلێسەی ئاگری نەورۆزیان بچیتە ئەشق ئاسمان و پەرژینی پاریزەریت بۆ دروست بکەن.

سڵاو لەڕەبەت، شاری رۆژ، شاری خۆر،شاری مێژوویی، سڵاو لە نستان، نستانی هەزار داستان، سڵاو لە سیسێر، سیسێری قەڵای مەردان، سڵاو لە گۆڵێ، گۆڵێی شەهیدان، رەبەتی هەمیشە زیندو، سڵاو لە گشت گوندەکانت، سڵاو لە نەڵاسی جیرانت کە بلێسەی ئاگری نەورۆزی پاری ئیستاش هەر دیارە و دوژمن دەسووتێنی.

لاوانی لە خۆ بوردووی رەبەت قەت نەیان هێشتوە گڕی ئاگری نەورۆزیان بکوژێتەوە و هەمیشە لە شۆعلە دا بووە و بێشک ئەم ساڵیش هەروا دەبێت و تیشکی ئاگری نەورۆزیان بە قەت مەیدان چۆغە و بەردە کوڕ و تەرخان خۆ بەرز دەکات و بە دیاریەوە سروودی، نەورۆز، نەورۆز هاتەوە، دەڵێنەوە.

١٥ی مارچی ٢٠١٣

---

## با نەورۆزی ئەمساڵیش، گڕ لە دڵی دوژمن بەردەین.

نەورۆزی جێژنی کۆن و گەورەی کوردان، سرووشت دەنەخشێنی، دڵان شاد دەکات و غەمان دەتارێنێ، فەرعانی هێنەرە و دوژمن تۆقێنە، ورە دەدا بە کێژ و کوڕانی شۆڕشگێر و نیشتمانپەرەست، جوتیارو پاڵان بە خەبەر دێنی و، سەرمەست، مەستی دەنگی بولبول و ئاونگی سەر پەڕی گوڵانیان دەکات.

نەورۆز دڵی تاریک و تاریک پەرەستان شەق دەکات و رووناکی دەردەخات، هەر بۆیەش دوژمنانی کورد و کوردستان هەمیشە دژی بەهار و نەورۆز بوون و چاویان بەو جێژنە مەزنەی کورد هەڵنەهاتووە و تا بۆیان کرا بێت نیشانەیان تێگرتووە و ویستوویانە برینداری بکەن و سەرئەنجام شوێنەوارێکی لێ نەهێڵنەوە. بەڵام وەچە بە دوای

وەچە دا رۆڵەکانی کورد کە پشت بە پشت تائێرە هاتوە، نەیانهێشتوە ئەم جێژنە لە ناو نەتەوەی کورد دا بسرێتەوە و بە پێی توانا بە گژ دوژمنان دا چوونەوە و نەورۆزیان رێز گرتوە کە لەو پێناوەشدا نەتەوەی کورد زۆری خوێن داوە.

بە پێی تێپەر بوونی کات و زەمان و ساڵ و سەدەکان، نەتەوەی کورد، وردە وردە لەو یادکردنەوە دا زیاتر هەنگاوی بەرە و پێش ناوە و ئێستا ئیدی نەورۆز بۆ کورد بۆتە رۆژێکی نەتەوەیی و یاد لێکردنەوەکەی ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواریە و پێویستە کە لە سەرتاسەری کوردستان بە بەر بڵاوی بەرێوە بچێت و هێندەی دیکەش دوژمنی پێ کوێر بکرێت.

ئەوەی جێگەی ئاوڕدانەوەیە ئەوەیە کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لەو چەند ساڵەی دوایی دا، لە ژێر حوکمڕانیەکی دیکتاتۆر دا، بەو پەڕی لە خۆبوردوویییەوە ئەو جێژنە گەورەیان رێز گرتوە کە جێگەی رێزن و هەر ئەو چاوەڕوانیەش لە لاوانی کوردستان دەکرێت.
لێرەدا پێویستە کە دەست خۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان بکەین کە وەک لە سەرەوە باسم لێکرد لە ژێر باری دەوڵەتێکی دیکتاتۆر دا چەند ساڵە جێژنی نەورۆز بە باشترین شێوە بەرێوە دەبەن.

لێرە دا هەرچەند وەک مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە جارێکیان لە کۆبوونەوەیەک دا گوتی: خۆشەویستی بۆ ئەو ناوچەی لێی لە دایک بووی، ناوچە پەرەستی نیە و بەڵکوو نیشتمانپەرەستیە، دەستخۆشی لە هەموو خەڵکی ناوچەی رەبەت دەکەم کە لەو چەند ساڵەی دوایی دا لە رۆژهەلاتی کوردستان، رچە شکێن بوون بۆ بەرێوە بردنی مەراسمەکانی نەورۆز کە هیوادارین ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی رابردوو پێش قەدەم بن و( گڕی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵیشیان، گڕ لە دڵی دوژمن بەردا) و سەرئەنجام رەبەت بکەنە دەروازەی راپەرین و تا لە کاتی خۆیدا حکومەتی ئایندەی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک دوێنێ و پێرێ لە باشووری کوردستان چۆن یادی راپەرینی رانیە، دەروازەی راپەرینی کرایەوە، ئاوا یادی لێبکرێتەوە کە بێ شک ئەو رۆژە نزێکە و حکوومەتی دیکتاتۆری مەلاکان دەڕوات و گەلانی ئازادیخوازی ئێران بە ئاواتی خۆیان دەگەن.

٦ی مارچی ٢٠١٣

## تەبا تەبایی لە سووریە چی دەکرد؟

ڕۆژی رابردوولە رەبەتەوە هەواڵمان پێگەیشت کە یەکێک لە بەرپرسانی رێژیمی کوماری ئیسلامی بە ناوی تەباتەبایی کە ماوەی چەند ساڵە رەبەت فەرماندەی گوردان بوو،
لەم یەک دوو روژەی دواییدا لەولاتی سووریە کە بو سەرکوتی خەڵکی رزگاریخواز ناردرا بوو بۆ ئەو وڵاتە، لە گەڵ ٥٠ کەسی دیکە لە پاسدارو کارشناسی نیزامی دیکەی رێژێمی مەلاکان، کوژرا و بووە قوربانی سیاسەتی چەوتی مەلاکان.

تەباتەبایی پاسدارێکی پیسی مەلاکان بوو کە لە نارەحەت کردنی خەڵکی ناوچەکانی رەبەت دا دەستێکی باڵای هەبوو و هەمیشە دەگەڕا و خەڵکی نارەحەت دەکردو دوژمنی شۆرشی خەڵکی کورد بوو.

من لە چەند بابەتێک دا نووسیومە و بڵاوم کردووەکە کوماری مەلاکان لەسەرکوتی خەڵکی سووریە دا دەستی سەرەکیان هەیە و قاتڵی سەرەکی منداڵەکانی سووری و هیدین و بە لێشاو قەسابیان بو قەسابی کردنی منداڵانی سووریە ناردۆتە وڵاتی سووریە و لە سووریە دا بەحری خوێنیان وەرێ خستووە و ڕوحم بەمنداڵی سەر لانکەش ناکەن.

دەی کومەڵگای نێونەتەوەیی، بەڵگە لەمە رونتر چییە و بو دەنگتلێوە نایەت و دەمیش لە مافی مرۆیی دەدەن وتەنیا بەرژەوەندی خوتان بەلاوە گرنگە و بەس؟

دیکتاتورەکان، کومەڵگای مرۆیی با لێتان روون بێت کە تازەگەلانی سووریە لەم هەموو خوێن رشتنە خوش نابن و تا سەرکەوتنی یەکجاری وراماڵینی دەسەلاتی دیکتاتۆری سووریە ناوەستن و دەیسەلمینن کە کەس بەئیرادەی گەلانی رزگاریخواز ناوێرێ و حەتمەن دیکتاتۆر و زاڵمان دە بەرامبەر شورشگێڕان بە چوک دادێن و دەرووخێن.

٢٨ی فێبریوێری ٢٠١٣

# یادێک لە شێتەکان.

گەر بەوردی و بە گشتیی بڕوانینە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دونیا، دەبینین کەلە نێو هەریەک لە کۆمەڵگا جیا جیاکانی سەر رووی ئەم زەویە دا،

چەندان قشر و چین و توێژی جۆراوجۆر هەن کە هەر کامیان بە شێوەی خۆیان و بە جۆرێک لە جۆرەکان، دین و ئایین و داب و نەریت و کەلتوور و رۆژی خۆیان هەیە و بەرێزەوە یاد لە رۆژەکانیان دەکرێتەوە، بەلام ئەوەی کە تا ئێستا یا من نەمدیتوە و نەم بیستوە، شێتەکان کە سادقتر و بێ بووغزتر و هەتا نیشتمانپەروەرترین کەسەکانی نێو کۆمەڵگاکانی دونیان، بۆ دەبێ رۆژێکیان نەبێت.

لێرەدا من پێش ئەوەی درێژە بە وتارەکەم بدەم، هیوا دەخوازم کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و ئازادیخوازانی دونیا بە تایبەتی و لە سەروی ئەوانیشەوە نووسەران کە هەمیشە کاریان وەئاگا هینان و گەیاندنی زانیاریەکان بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە، بکەونە خۆ بۆ دیاری کردنی رۆژی شێتەکان.

بەرێزانی خوێنەر، من شارەزایی پێویستم لە سەر گشت شێتەکانی دونیا نیە. بەلام لە سەر هەڵسووکەوتی شێتەکانی کوردستان حیسابی پاکی و سادقی و نیشتمانپەروەریم بۆ گشت شێتەکان جیهان کردووە، چونکە وەک دەڵێن: شێت، شێتە جا چ لێرە بیت و چ لەوێ.

بۆ ئەم راستیە و رێز گرتن لە شێتەکانی کوردستان، هەر چەند بە کورتیش بێت، باس لە سەر چەند شێتی ناوچەی خۆمان و دەورو بەر کە بی شک ئی ناوچەکانی تری کوردستانیش هەر وابوون و رەنگبێ ئیستا چەندیان لە حاڵی ژیان دانەمابن، دەکەم.

لە جەریانی شۆڕشی خەڵکی کورد دا بە گشتی شێتەکان جووڵانەوە رزگاری خوازەکانی و پێشمەرگەکانیان خۆش ویستوە و قەت نەبووەکە شێتەکان، کادر و پێشمەرگەکان ببینن و لە لای جاش و خۆفرۆشەکان دەنگ بکەن و

هەمیشە نیشتمانپەروەری و ئەرکی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە و جاش و مەجووشەکانیان لە وەی بەرزی پێشمەرگە تۆقاندوە.

لێرە دا نامەوێت زۆری درێژ بکەمەوە و تەنیا چەند نموونەیەک بۆ راستی ئەم قسەیەم لێرە دا دێنمەوە کە ئەمانیش ئەوانەن کە لە خوارەوە دا دێن.

لە ناوچەی بانە، شێتێک هەبوو بە ناوی رەحمانە شێت کە بەراستی زۆر خۆش و تا بلێیت قینی لە جاش و پاسدارەکان بوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتیم دا سەدان جار رەحمان تووشی ئێمە بوو، بەڵام جارێکیش نەبوو رەحمان راپۆرت بدات و بڵێ پێشمەرگەم دیتوون. پێشمەرگەی خۆش دەویستن کە دەیان شەو لە مزگەوتی گوندی ورچەکی ناوچەی بانە لە لای ئێمە شەو و رۆژەکانی تێپەڕ دەکردن.

رەشیدە شێتی گوندی گۆمانی ناوچەی رەبەت، سەر سەخت دژی جاش و پاسدارەکان بوو کە هەمیشە بە چاوی سووکەوە بۆی دەروانین و لاسای کاسە لیسیەکانی دەکردنەوە و رێزی تایبەتی بۆ پێشمەگەکان دادەنا. قەت شتی لە جاشەکان وەرنەدەگرت، بەڵام بۆ خۆی داوای هاوکاری لە پێشمەرگەکان دەکرد و پیشمەرگەکانیش زوریان خۆش دەویست و هەمیشە ماچیان دەکرد و لە باوەشیان دەگرت و کە پێشمەرگەکانی لە هەڵسووکەوتی جاشەکان ئاگادار دەکرد.

عەلیە شێتی مرانێ، زۆری پێشمەرگە خۆشدەویستن و هەر لە دوورەوە جاش و پێشمەرگەی لێک جیا دەکردەوە وتفی لە جاشەکان دەکرد و ماچی بۆ پیشمەرگاکان دەهاویشت. لێرە دا نموونەیەک دێنمەوە، زستانی ١٣٦٨ی هەتاوی لە گەڵ قادر مەکلاوەیی و بەکرە ئاسیناوەیی و سێ پێشمەرگەی تر دا بە مەبەستی ئەنجامدانی مەئموریەتێکی حیزبی چووینەوە ناوچەی رەبەت، پاش سێ رۆژ مانەوە لە ناوچەکە دا، رۆژێک لە بەر ماڵی مرانێ، تووشی عەلیە شێت و مستەفای باوکی بووین کە لە نێو بەفرێکی زۆر دا لە سەر دانگە گەڵایان بۆ مەڕ و بزنان دانا بوو و ئاگرێکی خۆشیان بە دیاریانەوە کرد بۆوە.

کە ئێمەیان دیت، مستەفای باوکی عەلی، بۆ ئەوەی عەلی لە لای خەڵک دەنگ نەکات و نەڵێت پێشمەرگەیان دیتوە، رووی لە عەلی کرد و، بە ئیشار پێی گوت ئەوانە چەکداری دەوڵەتن، بەڵام عەلی کە زۆر باش جاش و

پێشمەرگەی لێک دەکردنەوە، بە ئیشارە گۆچانەکەی دەستی وەک چەک گرت و بۆ لای باوکی راداشت بە نیشانەی شەپکەی پاسداران دەستێکی لە سەر نێو چاوانی دانا و بە باوکی گوت، نا، نا، ئەوانە پێشمەرگەن و جاش و پاسدارەکان دەکوژن و هاتە پێشمان و بە پیکەنینەوە یەک بە یەک دەستی لە گەڵ لێک داینەوە و بە ئیشارە بە خێر هاتنی پێگوتین و هەر بە ئیشارە هەواڵێکی زۆر باشیشی داینێ و پاش نیو ساعات سەرکەوتنی باشمان لێوەدەست کەوت.

حوسێنە شێتی بریسوێ، لە نیزیکەوە دەمناسی و روو دەرروو بانگی لە جاشەکان دەکرد، هۆ کەرەکان. زۆری رقی لە جاش و پاسداران بوو کە قەت حیسابی بۆ نەدەکردن. هەر بۆیەش شەوێک کە بە پردی بریسوێ دا دەڕوات، پاسدارەکان دەنگی دەدەن کە بگەرێتەوە، بەلام حوسێن کە هیچ حیسابێکی بۆ جاش و پاسدارەکان نەدەکرد، گوێیان پێ نادات و هەر دەڕوات کە بە داخەوە، پاسدارەکان تەقەی لێدەکەن و دەی کوژن.

پاش چەند رۆژێک، ئێمە وەک هێزی مینەشەم کە ئەو هەواڵەمان بیست و لەو کاتە لە گوندەکانی گەنگێ و بانەزێر و بناویلەی کوردان و وسوەکەل لە حاڵی جەولە دا بووین، بە تۆڵەی حوسێنە شێت لە سەر جادەی سەردەشت بۆ بانە، هەڵکەوتوو لە لە نێرگزان و ناو گوندی بریسوێ، لە رۆژی ٦ - ١١ - ١٣٦٣ دا عەمەلیاتێکمان ئەنجام دا کە لەوێدا زەبرێکی باش لە دوژمن درا و خەڵکی ناوچەکە ئێستاش شاهیدی ئەم راستیەن و عەمەلیاتەکەشمان هەر بە تۆڵەی حوسێنە شێتەوە دا بە رادیۆ دەنگی کوردستان کە رنگ بێ ئێستا لە ئارشیڤی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا مابێت.

خوێنەرانی بەڕێز، ئەگەر نەشڵێم هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان شاهیدی ئەم راستیەن، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان شاهیدی ئەم راستین کە شێتەکانی کوردستان دژی هێزەکانی دوژمن بوون و دۆستی باوەفای جوڵانەوە و پێشمەرگە بوون، هەر بۆیەش لێرە دا دەخوازم لە کادر و پێشمەرگەکانی کە شاهیدی ئەم راستیەن، هەرکام بە نۆرەی خۆیان یادێک لە شێتەکانی ناوچەکانیان بکەنەوە و داخوازیەک بۆ دیاری کردنی رۆژی شێتەکانی کوردستان بخەنەروو، چی دەبێت، با ئەوانیش رۆژێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت؟

**٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٣**

## کێ لە بەرامبەر ئەو هەموو خوێن ڕشتنە دا بەرپرسیارە؟

درێژەی ئەو ڕەوتەی سیاستمەداران و زۆرێک لە خەڵکی دونیا و زلهێزانی دونیا کە ناویان نا بەهاری عەرەبی و گەیشتە وڵاتی سووریە، خەڵکی تامەزرۆی ئازادی و سەربەخۆیی ئەو وڵاتەش بە هیوای لە گۆڕ نانی دیکتاتۆری لەو وڵاتە دا، زۆر لێبڕاوانە هاتنە مەیدان و وشەی ئازادی لە کۆڵان و شەقامەکانی ئەو وڵاتە دا دەنگی دایەوە و، دەوڵەتی ئەسەدی وەلەرزە خست کە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانیش لەو ڕاپەڕینە دا نەخشی بەرچاوی خۆی گێڕا.

بەڵام لەو کاتە دا کە خەریک بوو وردە، وردە دەسەڵاتی ئەسەد بەرەو کۆتایی دەچوو، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، ئێران بە خۆی و نۆکەر و چڵکاوخۆرەکانیەوە، لەم لاو لەو لاوە، کەوتە خۆ و لە گەڵ چین و ڕووسیە، بە تایبەتی ڕووسیە، دوو قودرەتی جیهانی بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان، یەکیان گرت و ناجوانمێرانە و دوور لە ئەخلاقی بەشەر دۆستی، پێیان لە خوێنی بە ناهەق ڕژاوی منداڵەکانی سەر لانکەی وڵاتی سووریە ناو و پشتی ڕێژیمەکەی ئەسەدیان گرت و لە زەوی و دەریا و ئاسمانەوە، بە تانک و تۆپ و کۆپتەر و کشتیە ئاویەکان، پێداویستیە سەربازیەکان و ئەفرادی لێزانی نیزامی و هێزیان بۆ ئەسەد حەواڵە کرد و بەر بوونە گیانی خەڵکی بێ تاوان کە لە سەرەتاوە تا ئێستا نزیک بە نەوەد هەزارکەس لە خەڵکی ئەم وڵاتە بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوتی ڕێژیمەکەی ئەسەد و دیکتاتۆریەتی ڕێژیمی ئێران و پاوانخوازی چین و ڕووسیە و حیزبووڵڵای لووبنان و هیدی و بەزەییان بە منداڵی سەر لانکەش دانەهاتوە.

ئەگەر لە سازمانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا چین و ڕووسیە خۆیان بە داکۆکیکاری دونیا و بەشەرییەت دادەنێن، بە قەت گەورەی وڵاتەکانیان درۆ لە گەڵ خۆیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەن و بەرامبەر بە ڕووداوە تاڵەکانی سووریە و خوێن ڕشتنی منداڵانی سەر لانکە و نەباڵقی سووریە و ئیدی بەر پرسیارن.

سەرانی ڕێژیمەکەی ئێستای ئێران و بەرپرسی حیزبە تیرۆریستەکانی وەک حیزبووڵڵای لووبنان و ئیدی و سەرانی وڵاتانی چین و لە سەرەوەیانەوە ڕووسیە، با باش بزانن کە کۆمەڵگای ئازادیخواز و مرۆڤدۆست و دێموکراسی خوازی ڕاستەقینە و نووسەرانی سەر بە خۆی دونیایی پێکەوە ژیانی بە برایەتی، ناویان لە لیستی ڕەشی

تاوانبـارانی جـەنگ دا تۆمـار دەکـەن و بەڵگـە و مـەداریکی پێویست لـە سـەر ئەوانـە کـە هەیـە، کۆدەکەنـەوە و دەیاندەنە دادگا سەلاحیەتدارەکانی وەک لاهە و، سەرئەنجام چ بە زیندوویی بێت یابە مردوویی دەکێشرێنە پـای لێ پرسینەوە و لە بەرامبەر وەکیلی ئەو منداڵانەی سەرلانکەی وڵاتی سووریە کە بێتاوان بوونە قوربانی و دەبەنە قوربانی سیاسەتی چەوتیان، مل کەچ دەبن و بۆ دیفاع لە خۆیان هیچیان پێ نابێت.

رێژیمی کۆنەپەرست کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران کە لە حاڵی ئێستای دا لە قەیران دا دەژی، بۆ خۆ دەربـاز کردنی لەو گێژاوەی تێیدا دەژیت، هەر وەک رابردووی کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا، بۆ چەواشەکردنی بیـروڕای گشتی دونیا، لە هەموو کاتە تەنگانەکانی دا دەستی لە هیچ پیلانگێڕی و شەر فرۆشیـیەک نەپاراستوە، ئێستاش ئەوە تەبلیغی ئەوە دەکات کە دەیهەوێت فیلمێک لە سەر ژیان و بە سەر هاتی پێغەمبەر، محەممەد درووی خـوای لێبێت، درووست بکات کە هەرلە ئێستاوە لە گەڵ نارەزایەتی یەکیەتی زانایانی ئیسلام لە دونیا دا بە رەو روو بووە و، بی شک زیاتر دەکەوێتە بەر هێرشی تەبلیغی کە ئاکامی ئەوە و هەمووشتە نادرووستەکانی بەرەو هەڵدێری دەبات و هاوپیمانەکەشی لە سووریە فاتیعای ئاخری بۆ دەخوێندرێت و حیزبوڵڵای لووبنانیش زیاتر رووڕەش دەبیت و، چین و رووسیەش سەرئەنجام دان بە شوورای یەکگرتووی سووریەیی دژ ئەسەد دا دێنن و مل کچی ئیرادەی پۆلایینی ئەو خەڵکە خۆڕاگرە دەبن و وەک لە سەرەوە باسم لێکردن، بیروڕای ئاشتی خوازی دونیا هەروا بە سووک و سادە لێیان خۆش نابن و بە شێوەی تاوانبارەکانی رابردوو، یان لە کونە رەشەکان دا دەگیرێن و ئێعدام دەکرێن، یا ئەوە تا دەدرێنە دادگای لاهە و دەبێ سزاکەیان کە خوێن رشتن منداڵانی سەر لانکەی سووریە و ئیدی بووە، بکێشن.

بە هیوای ئەو رۆژ

۲۱ی فێبریوێری ۲۰۱۳

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤

## ٢٦ ی سەرماوەز و، ئاڵا و پێشمەرگە.

ئەگەر بە گشتی ئاوڕێکی کورت لە مێژووی نەتەوەی کورد بدەینەوە،دەبینین، بۆیەکەمجار ٦٩ ساڵ بەر لە ئێستا، لە ڕێگە و فکری نوخبە و ڕێبەر و خەڵکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری نێو کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە،

ناوی پێشمەرگە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و نیزامی گشت نەتەوەی کوردەوەو، هەر بۆیەکەمجاریش لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەو ساڵە دا، بە دەستی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئالای کوردستان هەڵدراو، وەک تیشکی خۆر، هەموو تەم و لێڵیەکانی سەر ئاسمانی کوردستان و، ناو دڵ و دەروونی گشت ئەندامانی نەتەوەی کوردی لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکەی کوردستان ڕاماڵی و، ئاسۆی ڕوونی لە کەلەکانی کوردستاندا دەرخست و، زەردەی پێکەنینی خستە سەر لێوی هەموو ئەندامێکی کوردەواری و، لە ناو زێدی کوردان و ئیدی دا پەیامی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بلاوکردەوەو، لە ناو دڵی کۆمەڵگای کوردەواری دا تۆوی هیوا و سەربەستی چێندرا و، کورد بە گشتی بووە ساحەبی کۆمار و ئالاو سپایەکی نەتەوەیی، واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ٦٩ ساڵە ئەو هێزە کوردیە لە بەرامبەر گشت سەختیەکاندا خۆی ڕاگرتووەو بە هیچ جۆرێک مەیدانی چۆڵ نەکردووەو، چ بەناوی پێشمەرگە، یا سەرچاوە گرتوو لە ناوی پێشمەرگە، بە ناوی گریلا، یا بە ناوی شەرڤان و پارتیزان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا، بەرامبەر بە دوژمن و نەیارانی کورد وەستاوەو، تێک نەشکاوەو، زۆری لە خۆبوردوویی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاندوە و، داستانی گەورە، گەورەی لە مێژووی نەتەوەی کوردا لە سەر دوژمن تۆمار کردوون کە جێگەی شانازین و، بێ شک تا کورد هەبێ، وەچە بە دوای وەچەی دا، ئەو سەر کەوتن و لە خۆ بوردوویانە فەرامۆش ناکات و لاوانی کوردستان بە کچ و کورەوە ناهێڵن ئەم هێزە، لە هێز بکەوێت و بە هێزتری دەکەن و، زیاتر لە ئەمڕۆش چۆن ناوی پێشمەرگە وشرڤان و گریلا لە گشت دونیا لە نێو میدیا و ڕۆژنامە و کۆڕ و

کۆبوونەوەکانی نێو پارلمان و شوێنە گشتی و کوچە وشەقام وبازار و ماڵەکان دا وەک سومبولی ئاشتی و ئازایەتی کەوتۆتە سەر زار و زمانی گشت کۆمەڵگای دونیا و، لە دونیا دا بە ئازاترین هێزی دژە تیرۆر ناسراوە و باسی لێدە کرێ و بە چاوی ڕێزەوە بۆی دەڕوانن، خۆشەویستتر و خۆراگرتری دەکەن و، کوێرە ڕێگاکانی تریش ڕووناک دەکەن و تاک تاک دەرگا گاڵدراوەکانی کە ئێستاش لە دونیادا ماون و بە هۆی دوژمنانەوە بە ڕوو قەزیە و مەسەلەی کورد دا داخراون، دەشکێن و، دەکەنەوە.

ئەمرۆ کە بە هۆی هەلومەرجی پێکهاتوو، پێشهاتوو لە گشت دنیاو سێ بەشی کوردستان لە خۆپێشاندانی کوردەکان لە دونیای دەرەوە بە بۆنەی، بۆنە جیا جیاکانی کوردەوە لە زۆر شەقامی شاری دونیا و لە نێو خۆی سێ بەشی کوردستان دا ئازادانە و بێ ترس و دڵە خورپە لە بازار و سەربان و نێو ئیدارە و ماڵ و شوێنە گشتەکان، ناو و رەنگی ئاڵا و پێشمەرگە دەبیسترێ و دەبیندرێ و وەک لە سەرەوە باسم لێکرد، لە دونیا دا شانازی بە پێشمەرگە دەکرێ و لە بەر چاوی دۆست و دوژمن لە کاتی ئیلاقاتیەکانی نێوان سەرانی کورد و سەفیرە بیانیەکان دا کە لە میدیاکانی ناو خۆیی و دونیادا دەبیندرێن، ئاڵاکەمان گەش، گەش لە سەر سەری سەفیرە بیانیەکان دەشەکێتەوە، زۆرتر شانازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی هەڵکرانی ئاڵا و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، واتە خەڵکی گەلدۆست و ڕووناکبیر و نیستمانپەروەری نێو کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام داخەکەم کە جێگەی گلێییەکی گەورەیە، ئەمڕۆ ئەندامانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری لەو سێ بەشەی کوردستان چ لەناو خۆو، چ لە دەرەوەی وڵات، ئاوڕێک جیددی لە ڕۆژی (٢٦ی سەرماوەز) ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان و هەڵدەرەکەی، واتە هێزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نادەنەوەو، چ لە دونیای دەرەوەو، چ لە ناو خۆی ئەم سێ بەشەی کوردستان دا، نەک وەک پێویست لە یادو بیرەوەریە خۆش و ناخۆشیەکان ومانگرتنی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو خۆو ئەندەران کە بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و بە گشتی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچن، بەدەنگی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە ناهاتوون و نایەن ، بەڵکو بە داخەوە زۆر جارانیش تاک و تەریکیان، ئاگاو نا ئاگایانە، نادروست و نارەوایانە، سێرەی خراپیان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتووە دەگرن و بریندار دەکەن کە ئەمەش ڕاست، ڕاستە و خۆ، یا ناراستە و خۆ، سێرە گرتنێکی خراپە لە پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان. بەڵام خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان زیندووییە و سەرکەوتنەکانی کورد لە باکور و باشور و ڕۆژاوای کوردستانیش هەر بە هی خۆی دەزانێ و، چۆن بۆ ئاوارە بوونی خەڵکی باشووری کوردستان باوەشیان کردەوەو، چۆن بۆگیرانی بەڕێز ئۆجەلان و کۆبانی ڕژانە نێو شەقامی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و،

لە دەرەوەی وڵاتیش دۆست و لایەنگرانی حیزبە سیاسیەکانی رۆژ هەلاتی کوردستان و هیدی بەشداریان لە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی ئاوارەی شەنگاڵ و کۆبانی و ئیدی کرد، هەروا دەمێنیتەوەو، شان لە تێکۆشان شل ناکات و، ئەمجارەش وەک دوێنێ و پێرێی کە هەر لەقەسری شیرین و سەر پوولی زهابەوە تا خۆ وماکۆ - یان کردبووە گۆڕستانی جاش و پاسدارە بەکرێگیراوەکانی خومەینی و خامنەیی، هەڵدەستێتەوەو، بۆ جارێکی تر رۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆفرۆش و داگیر کەران دەکاتەوە بە دۆزەخ و ئاگر لە جەستەی قاتڵی کچ وکورانی کوردستان بەردەدەن و، بێ شک سەر ئەنجامیش دوور یا نزیک، ئەو رۆژە دێت کە بە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە سەر چاوەکەی خەڵکی کوردستانە، ئاڵای کوردستان، بۆ جارێکی تر وەک سەردەمی کۆماری کوردستان لەنێو ماڵ و ئیدارەو سەربانی شوێنە حوکمی و گشتیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەڵدەدرێتەوە و، ئاڵاکەی سەر تاڵاری کۆماری کوردستان وەک زۆر لە ئاڵای نەتەوەکانی تری دونیا، بە دەستی هێزی لەشکان نەهاتوو، واتە خەڵکی رۆژهە ڵاتی کوردستان، دەگاتە بەردەم کۆشکی رێکخراوە نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژنێڤ و، بە بیری ئازادیخوازیخوازی کوردەوە هەڵدەدرێ و، دڵی دۆستان شاد و ،چاوی نەیارانی کوێر دەکات و، رەنگی ئاڵا و ناوی دەوڵەت و، وڵاتمان(کوردستان) بەرەسمی دەکەوێتە سەر نەخشەی دونیا.

١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## بە یادی شەهید هەژار قاسمی، بۆ هەڵوی سەربەرزی نیشتمانم، بۆ کوڕی نێو سەنگەری ڕۆژهەڵاتم.

مانگی خەرمانان بوو، وەرزێرەکان خەریکی کۆکردنەوەی بەروبوومی ساڵ بوون، لەوکاتە دا، هەڵۆ چاو سوورەکان، تاریکی شەویان شەق کرد و وەک بروسکە، بەرەو رۆژهەڵات کەوتنە رێ. کە گەیشتنێ،

هێور، هێور، لایاندایە دەشت و پێدەشت ودوند و قەت پاڵان. لەوێ بۆ رووسووری و سەربەرزی نیشتمان، نەرم نەرم، کەوتنە جووڵەو لەو سەر تا ئەو سەری وڵاتی من، گەڕان و لە شارو گوند و هەوارگە، شاییان خستە نێو

دڵی جوان و پیری وڵاتی من. لەو کاتە دا، کیژی گوندان، جووت جووت و تاک تاک، جوانتر لە کەو و کەوباڕان، شەو پەڕیان کرد و لە دەم کانیاوی لاماڵان، دەسنوێژیان گرت و روو بە قیبلە وەستان و لە سەر تاتی نوێژ کردن، بۆ ساغ و سڵامەتی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، تێر لە یەزدانی مەزن پاڕانەوە.

لەو کاتە دا مناڵەکانی نێو بێشکەی نیشتمانم ،خەویان دی و زەردە کەوتە سەر لێویان و لە خۆشیان دایان لە قاقای پیکەنین و، نەک جارێک، بەڵکوو هەزار جار، شادیان خستە دڵی خەڵکەوە. لەو کاتەدا، مەلی سەر ئاسمانی نیشتمانم، لە هەموو دوند و قەتپاڵێکی رۆژهەڵاتەوە، کۆبۆوونەوەو بە فەرسەخان بەرز. بەرەو شنۆ کەوتنە رێ، تا لە ئاست چاوی دوژمن بۆ پارێزەرانیان ببنە سەد و پەرژین. بەڵام داخەکەم، لەوکاتە دا، نەیارن، دوژمنان، چاوی خێلیان خستە سەر جاسووسی چەکە ژەنگاویەکانیان و کوێرانە، تەقەیان لە کورانی کورد کرد.

لەو کاتە دا، هەڵۆکان زامیان هەڵگرت، داخەکەم، لە نێویاندا، هەژارێکی وڵاتپارێز، کە زامەکەی زۆر سەخت بوو، بۆ هەمیشە چاوی لێکنان و بۆ هەتا هەتایە، ماڵئاویی لێکردین. لەو کاتە دا، مناڵەکان دیسان لە ناو لانکە دا، گوێیان بە تەقەی گوللەی چەکی خۆفرۆشەکان زرینگایەوەو کوڕی لە خوێن سووربووی نیشتمانیان کەوتە بەرچاو. لەو کاتە دا، دایکی کوڕی کورد، بوومەڵەرزەیەک رایتلەکاند و جەستەی سووری هەژاری دیت. لەو کاتە دا، هەستایە سەر پێ و پەنجەرەی هۆدەکەی کردەوەو بۆ هەژار روانی، بەڵام چاوی شەو هێندە تار بوو، کەسی نەدیت. نیگەران بوو، کە رۆژ سیوادی هەڵدا، هەستاو بۆ بوونەوەی میدیاکەی هەژار، کاتی ژماردن. داخەکەم، کە میدیا بۆوە، هەواڵی هەژاری راگەیاند و دایک بە رواندا کەوت و هەرکە دەرو جیران و خەڵکی شار لێی کۆبوونەوەو هەریەکەی لە بەر خۆیانەوە باس لەباسی کوڕی سەربەرزیان بۆ گێڕایەوە، لە پڕ دای لە قاقای پێکەنین و، گوتی ئۆخەی هەژارەکەم، چەند سەر بەرزم بەتۆ، برۆ سەفەرت خێر بێت و شیری مەمکەکانم حەڵاڵت بێ ئەی حەڵاڵ زادەی نیشتمانم.

۳۰ سێپتەمبەری ۲۰۱٤

## قاسملوو کێ بوو؟

ساڵ بەر لە ئێستا، لەشەو یەلدای ١٣٠٩ دا، لە مەڵبەندی بیری نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی دا، ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمان و عەرز و بوومی نیشتمانەکەمان دا دەرکەوت و، بە رووناکی خۆی چڵکە هەورەکانی دەستی دیکتاتۆری پاشایەتی لە ئاسمانی سەر کوردستانمان رەواند و، خۆری ئاوات و ئومێدی رۆژی روونی بۆ نەتەوەی خۆی لە کەل و ئاسۆین دەرخست.

زۆری نەخایاند کە ئەم ئەستیرە گەشە، زیاتر درەوشاو، لە نێو ژوورو، لە بەر دەرگای حوجرەو قوتابخانان دا، بلێسەی سەند و، رێی خەباتی رزگاری نەتەوەکەی کەوتە بەرچاو، بە ناکامڵی چوست و چالاک، بە بیرو هۆشی کوردانەو مرۆڤدۆستی، رووی کردە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و، لە دامەزراندنی رێکخراوێکی گەلی و نیشتمانی لاواندا، رەوتی بەرەو پێشچوونی بیرو فکری خۆی دیتەوە.

پاش ماوەیەکی کەم کە ئێستا بە تەمەن هەر تازە لاو بوو، بە بیرو هۆشی گەورەو، بەر پرسانەوە، زیاتر بەلای مەسەلەی نەتەوەکەی دا کشاو، شارەزاو جسوورانە لە ناو خۆو لە ئەندەران، لە خویندنگەو زانستگەکان، کەوتە بیری دارشتنی چۆنیەتی خەباتی نەتەوەی و، لەم رێبازە دا زۆری کۆێرەوەری دیت وگەلێک شەو شەونەخونی کێشاو، زۆر شەو و رۆژی لەبن شاخ و بەرد و دارو دەوەنان دا تێپەڕ کردن و، پێڵاوەکانی پێی خۆی کرنە سەنیری ژێر سەری و، بە ئاوی گرمی نێو قمقمە تێنوەتی رێی خەباتی شکاند و برسیەت رێی ماندووبوونی ئەو خەباتەی بە نانە ورکەو رەقی نێو کۆلە پشتی پێشمەرگایەتی رەفع کردو، ژیرانە و لێبڕوانە بە ئیمانی پۆڵاینەوە رۆژە سەختەکانی خەباتی رێی رزگاری نەتەوەکەی و، دابین کردنی مافی ئێنسانی، یەک بە دوای یەک دا تێپەر کرن و، بە هیچ جۆرێک نەچەمی و، لە مردن سڵی نەکردو، لە ئاست گەل و نەتەوەکەی بەرزتر لە کێوەکانی کوردستان مایەوە کە هەر پێشەنگەو، وەک ئەستێرەی گەش لە مێژووی نەتەوەکەماندا

رەوشێ و، وەچە بە دوای وەچە دا رێزی لێدەگرن و، لە ناو گەلاندا پێی دەنازن و، دەی پەرستن.

سەرئەنجام کۆسپەکانی سەر ڕێی ئەو مەبەستەی تەخت کردن و، بیری نەتەوە پەرستی و ئینساندۆستی ئەم کەڵە پیاوە، لە شارو گوندەکانی کوردستان و، ناو خۆی وڵات و لە ئەندەران بڵاو بۆوەو، ناوو ناوبانگێکی ناوچەیی و جیهانی پەیدا کرد و، ژیرانە مەسەلەی کوردی بە دونیا ناساند و، وەک مانگی چواردە شەو لە ئاسمانی پێنج قارەی دونیا دا دەرکەوت و، بیری ئینساندۆستی ئەو پیاوە مرۆڤدۆستە لە زەوی عالەمدا شەوقی دایەوە و، لە بەر ڕووناکی ئەو شەوقەیدا سەر زەوی کوردستان و نەتەوەی کوردی نیشانی جیهانیان دا و، سەرنجی زۆر لە خەلک و ڕێبەرانی دونیای بۆ لای مەسەلەی کورد ڕاکێشا و، دەرگا گاڵدروەکانی سەر مەسەلەی کوردی شکاندن و، لەوێرا خۆی گەیاندە نیو کۆرو کۆبوونەوەی حیزب و ڕیکخراوە جێهانیەکان و، وڵاتانی بیانی و، لە پەیامە بە نرخەکانیدا بەزمانە جیاجیاکانی کە لێیان شارەزا بوو، باسی چەوساندنەوەو مەزلوومیەتی کوردی بۆ کردن و، گەلێک دۆستی لە شیوەی حیزب و دەولەت و شەخسییەتی سیاسی دا بۆ گەلی کورد و حیزبەکەی پەیدا کردن کە ئێستاش بیرو فکری ئازادیخوازی قاسملووی نەمر لای ئەوان بە ئەرزشە و، بەچاوی ڕێزەوە بۆ ئەو و نەتەوەکەی دەڕوان و، باس لە فیدارکاری ومرۆڤدۆستی ئەو دەکەن.

دوژمنانی کورد لە سەروی هەموویان کۆماری ناموبارەکی بە ناوئیسلامی ئێران، کە زانیان قاسملوو خەریکە کاروانی دووری خەباتی نەتەوەکەی دەگەیێنێتەجێ، بۆی کەوتنە بیر و فکری لە ناو بردنی و، لە چەند لاوە ڕاویان بۆ دابەشی کە بە داخەوە سەرئەنجام بە هۆی بەرژەوەندی خوازی وڵاتی ئوتریشەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، لە ویەنی پێتەختی ئەو وڵاتە، بە بیانووی ئەوە کە دەیانهەوێت مەسەلەی کورد لە ڕێگەی وتوویژەوە چارە سەر بکەن، خستیان ناو کەمین و، لە ئینساندۆسی ئەو گەورە پیاوە کەڵکی خراپییان وەرگرت و، زۆر ناپیاوانە بۆی چوون و خستیانە ناو کەمین و لە ناویان برد و، تیرێکی بە ژانیان لە دڵی نەتەوەی کورد وگشت ئازادیخوازانی جیهان دا.

کە هەوڵی تیرۆر کرانی بڵاو بۆوە، کوردستان بۆی گریاو، وەک سیروان و، سەرچاوەکان دیجلە و فوورات و، زێی گەورە و بچووک، فرمێسک لە چاوی تاکەکانی ڕژاو، دایکانی کوردستان شینیان بۆ گێڕاو، کچانی ڕووسووری نیشتمانەکەمان بە گشتی، لە شار و گوندەکانی کوردستان دا، دایان لە هاوار و ڕۆڕۆوو، بۆ لە ناو چوونی سەرکردە و ڕێبەرەکەیان ڕەشیان پۆشی و، لە تاوی قاسملوو ئەژنۆی خەمیان لە باوەش وەراندن و، هەرچی خوێندکاری نیشتمانپەروەر و گەدۆست بوون، بۆ مەرگی سووری قاسملوو دایان لە ئەژنۆ، بەڵام قەڵەمەکانیان، لە

ناو پەنجەکانیاندا دەستیان بە نوسین کردو، نوسیان: هۆ قاسموو، تۆ نەمردووی، زیندووی و، قەت ون نابت و، لە یاد ناچییەوە.

لەوکاتەدا کە دایکانی کوردستان بۆ مەرگی سووری قاسملوو گریان، کۆرپەکانی نێو بێشکەو لانک، تیلکی مەمکی دایکانیان بەرداو، چاویان بە مۆلەق وەستان و، بە نیشانەی درێژە پێدانی رێبازەکەی قاسملوو، بە زمانی نەپژاو، دەستیان بە گغە گغ کرد و بیری تۆڵە ئەستاندنەوەی قاسملوو لە نێوچاوانیان دەکەوت.

لەوکاتەدا لاوانی کوردستان کە ئەوەیانی دیت، مچوورکی خەم گشت گیانی داگرتن و، وێکرا بە نیشانەی قین لە دوژمن و، تۆڵە ئەستاندەوەی، پەنجەی دەستی خۆیان گستن و، مشتیان توند کردن و، هەناسەی سارديان بۆ هەڵکێشا و، پەیمانی وەفادارییان لە گەڵ نوێ کردەوەو، زۆریان بە تاک و جووت جووت، یا پۆل پۆل، خۆیان گەیاندە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، چەکی پارێزگاریان کردە شان و درێژەیان بەرێبازەکەی قاسملوو دا.

١٤ی جوولای ٢٠١٤

---

## ڕۆژێکی تاڵی سەردەشتی زامدار.

پێش نیوەرۆی ٧ی پووشپەرو دەورو بەری سەعات ١١ی سەر لە بەیانی کە لە گەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران کە زۆربەمان خەڵکی گوندی مەکلاوێ بووین و بە مەبەستی کارو ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان

چووبووینە ناوچەی باسکی کۆڵەسە و لە نزیک گوندی زێڕەمیرگی ناوچەی سەردەشت بە مەبەستی پشوودان لەسەر مووچەیەک مابووینەوە، لە پڕ دا دیتم دوو فرۆکەی مێکی لووت ماسی و رەش لە ئاسمان ناوچەکە دا پەیدا بوون ونزم و نەوی خۆیان بەسەر شارە جوانەکەی سەردەشتی سەر سەوز دا کرد وشاریان لە دووکەڵ و تەپوو تۆزی بارووت

دا ون کرد و هەورێکی رەش رەش بەسەر شارەوە لەنگەری گرت ومەرگەساتیان لەو شارە دا دروست کرد و رووحی بە سەدان منداڵی ساواو کیژ و کوری لاو و ژن و پیاوی بە ساڵدا چوویان لە باوەشی شاردا فراند وشاریان لە شاروەندان کردە دۆزەخ وخەڵکی ناوچە و گشت کوردستانیان ماتەم بار کرد.

دوێنێ و پێری کە بە یادی ئەو رۆژەوە چاو برِیە سەردەشتی سەر سەوز، دیتم کزەی فێنکی شنەی شەماڵی لانک وگیارەنگ هێدی هێدی فرِی بۆ سەر شارو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فرمێسکی دایکە جگەر سووتاوەکان. کە زۆرتر لێی وردتر بوومەوە، دیتم گردە سووری سەر بەرز، لە ئاست رووحی پاکی منداڵە سووتاوەکانی شار سەری داخستوە ویادیان لێدەکاتەوەو لە لای خوا شکایەت لە دیکتاتۆرو سەبەبکارەکان دەکات ولە قبرستانەکان داوێنی خۆی فاتیحا بۆ بە ساڵدا چوە تێداچوەکانی ئەو کارەساتە دەخوێنێ.

لەو کاتەدا کە زۆرتر بیرم لەو کارە ساتە کردەوەو وردتر هەنگاوم نا و زیاتر گوێم بۆ هەستی خەماوی یاد و بیرەوەری شار بۆ لە دەستچوانی راگرت، دیسان دەنگی ماسیە پەرِ سپیەکانی سەرچاوێی سەردا پۆشراو هاتەوە گوێم کە بە خەمناکیەوە یادیان لە خۆشەویستە پێک نەگەیشتوەکان دەکردەوەو فرمێسکی چاوی مرواریان بۆ لە ناوچوونی کیژە کوڵم سوور وچاوشین و بەژن باریکەکان تێکەڵ بە ئاوی سەر چاوێ دەکرد وبە شلپە و شەپۆل لێدانی باڵیان پەیامی یادکردنەوەی ٧ی پووشپەریان بە ناو شارو گەرەک و ماڵ و دووکانەکاندا بڵاو دەکردەوە.

لەو کاتە کە لە وەفاداریان روانیمە ئاسمانی سەر شار، دیتم هەرچی باڵدار و پەلەوەری ئەو مەڵبەندەیە بە سەر شاردا دێن و دەچن وبە یادی ئەو رۆژە تاڵە بە هەزارن جۆر سروودی خەماوی دەخوێنن.

دەی هۆ لاوەکان، کیژان وکورانی تازە پێگەیشتووی شاری سەر سەوزی سەردەشت، هەستن دەست تێکگرن وئەو بیرەوەریە تالانە لە بیرمەکەن و بکەونە نێو شەقامەکانی شارو پرِ بەو گەرو هاوار بکەن وسەبەبکاران رسوا بکەن و وێنەی شەهیدو بریندارەکانی کیمیا بارانی سەردەشت بەرز بکەنەوەو دڵی داگیر کەران بلەرزێنن وبۆ هەمیشە بیرو ئەفکاری ئاشتی گشت دونیا بۆ لای شارە بریندارەکەمان رابکێشن.

٢٧ی جوونی ٢٠١٤

## حیزبە رۆژهەڵاتیەکان و وڵاتانی بیانی و رێژیمی پەت وسێدارە.

دروست ٣٥ ساڵ بەسەر کۆتایی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا تێپەڕی و رێژیمی پەت و سێدارەش، ٣٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە جینایەتی خۆی تەواو کرد. لە ماوەی سێ دەیەو نیودا، ئاخوندە دەسەڵات بە دەستەکانی رێژیمی دژی گەلی کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران، بە هەزاران هەزار کەسیان لە مافخوازو، روناکبیرو،گەلدۆست و،وڵات پارێزو، رێبەری حیزب و رێکخراوە سیاسی وشۆڕشگێڕە ئێرانیەکانی لە نێو خۆو دەرەوەی وڵات، یا ئێعدام، یا تیرۆر کردون کە ئەگەر لە گشتی دا بەوردی حیسابی بۆ بکرێت، لەو ئێرانە پان و بەرینەدا، کەم بنەماڵە هەیە کە لە لایەن سەرانی رێژیمی ئاخوندی و پیاوکوژەکانیەوە، دڵ و دەرونیان داخ نەکرابێت و، ئازاری گوللە و کێرد و قەمەو پەتی سێدارەی دەستی حاکمیەتی دوور لە ئینسانی کۆماری بەناو ئیسلام - یان نەچێشتبیت.

ئەگەر ئەو خوێنانەی لەجەستە و دەماری کیژ و کوڕانی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی ئێرانی بە دەستی پیاوکوژ و تیرۆریستەکانی ئەو دەسەڵاتە رەشە، رژاوە، بەزەویدا نەچووبا خوارێ و، نەمەیبایە و، کۆکرابایەوە، دەبووە دەریایەک کە کشتیە بارهەڵگرەکانی وڵاتانی زلهێز و، قازانج پەرست، کە لە ئاست راستیەکان و، جینایەتەکانی رێژیمی خوێن و خیانەت دەرهە بە گەلانی ئیران و کۆمەڵگای بەشەرییەت، چاویان نووقاندوە، بە ئاسانی هاتوچۆیان پێدا دەکرد.

لە درێژەی ئەو هەموو جینایەتانە شدا، بە ملیۆن کەس لە کارزان، پسپۆر، موهەندیس، دوکتور، پیشەساز، رووناکبر، مامۆستا، خوێندکار، ئوستاد، شوان، کاسبکار و فەلاح، لە ترسی گیانیانی خۆیان ماڵ و حاڵ و، خزم و کەس وکارو، وڵاتیان بە جێهێشتوەو، پەڕیوەی ئەندەران بوون. بەڵام بەم حاڵەش، ئەو دەسەڵاتە نەگبەتەی تووشی گەلانی ئێران بووە، لەوێش وازی لە مخالیفانی خۆی نەهێناوەو لەرێگای جیا جیاوە لێی تیرۆر کردون و لە زۆر شارو شەقامەکانی وڵاتانی بیانیشدا هەروەک نێو خۆی وڵات بەڵام لە رادەی شێوەیەکی کەمتر دا، بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور کردون کە ئەگەر ئێستا بە نێو ئارشێڤی ولاتانی بیانی دا بگەڕێت و،چاوێک بە سەر وێنەو نوسراوەکانی کە لە سەر کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی نوسراون و هەڵگیراون بخشێندرێت، شاهیدی بۆ ئەم راستیە حاشا هەڵنەگرە دەدەن.

کە کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران دامەزرا حیزبە کوردستانیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو رێژیمەوە، ویستیان لەریگەی ئاشتیەوە کێشەی مەسەلەی کوردلە گەل کۆماری ئیسلامی چارەسەر بکەن. بەڵام سەرانی کۆماری ئیسلامی ملیان بە داوای حیزبە سیاسیەکان نەداو، سەرئەنجام خومەینی دەستووری جیهادی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەرکرد و، پاسدارەکانی ڕەوانەی کوردستان کردن و شەڕیکی ماڵوێرانکەرو خوێناوی و نەخوازراوی بە سەر خەڵکی کورد دا سەپاند و لە هیچ کردەوەیەکی جینایەتکارانە دەستیان نەپارست و ئەوەی لە دەستیان هات، بەرانبەر بە خەڵکی کورد کردیان و، کوردستانیان کرد بە پادگانێکی گەورەی نیزامی و ئەوەندەیان لە خەڵکی کورد کوشت کە لە کوردستان لافاوی خوێنیان وەرێخست و، هەزارن بنەماڵەیان داخ دار کرد. بەڵام حیزبە کوردیەکان هەر چەند زۆر جارانیش لە گەرمی شەڕەکاندا بانگەوازی ئاشتیان دەکرد و، لەو پێناوەشدا زۆریان قوربانی داوە، بەو پەڕی توانایانەوە، بە دژی ئەم رێژیمە سەرەرۆیە و سیاسەتە نادروستەکانی جەنگان و، لە بوارە جیاجیاکاندا خەباتیان درێژە پێداوە کە لەو ڕێگەشدا بە هەزارن کادرو، پێشمەرگەو،ئەندام و، لایەنگری خۆیان لە شەڕوبەربەرەکانی لە گەڵ ئەو رێژیمەدا، چ لە ناو خۆ لە کاتی شەڕی روبەروودا،چ لە ناوبەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کە لە دار دراون و چ لێرەو لەوێ و لە ئەندەران تیرورکراون. بەڵام ئەوەی جێگەی رەخنە و نیگەرانیە، ئەوەیە کە لەماوەی ئەو ٣٥ ساڵە دا، تەنیا لە کاتی وتوێژەکانی سەرەتا لە گەڵ کۆماری ئیلامی دا نەبێ، خوێندنەوەیەکی زەرووری یەکگرتنیان نەبووە،لە جیاتی یەک ریزی و یەک گرتن لە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی دا، زۆر جاران پێکەوە بەشەڕ هاتوون و، لە ناو ریزەکانی خۆشیاندا تووشی لەت لەت بوون هاتوون کە: هەر چەند بە خۆشیەوە ئێستا ئامووشۆ و نێوان خۆشیەک لە نێوانیاندا هەیە، بە داخەوە لە دژی ئەو هەموو پیلان و خوێن رشتنەی کۆماری ئیسلامیدا، نەیانتوانیوە بگەن خاڵی هاوبەش و کۆدەنگیەک لە ئاست خەڵی کوردستان و، وڵاتانی بیانیدا بە دژی کۆماری ئیسلامی درووست بکەن و، لە کاتی گشت رووداوو، پێشهاتەکانی ناوخۆی ئێران و، ناوچە و دونیا دا، یەک دەنگ و، یەک بریاربن و، بە دژی کۆماری ئیسلامی، سەفی خەڵکی کوردستان بکەنەیەک.

بەهۆی ئەو کەمتەرخەمیە و، پرش و بڵاوی خۆیان و جەماوەری کوردستان، رێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە لە کاتی هەلبژاردنەکاندا کەوتۆتە فیڵ و تەڵەکەو، خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی خافلگیرکردون کە بە تایبەتی لە دوو دەورەی محەممەدی خاتمی و، ئەم دەورەی حەسەنی رووحانیدا، لێکدانەوەکانیان دروست لە ئاو دەرنەهات و، محەممەدی خاتمی توانی بۆ ماوەی هەشت ساڵ کۆماری بەناو ئیسلامی لە ئینزوا بێنێتەدەرو، دەرگا گاڵدراوەکان

بە رووی وڵاتانی دونیا دا بكاتەوەو، حەسەن روحانیش بە هاوفكری خامنەیی و دارو دەستە سەركوتكەرەكانی بۆ جارێكیتر توانیان بە بەرنامەیە كی پێشتر دارێژرا، لە ئاخرین هەڵبژاردنی سەر كۆماری دا، چ لە ناوخۆی ئێران و، چ لەئاستی رووبەروو بە دونیای دەرەوە ، دەسەڵاتەكەیان لە ژێر باری قورس و گرانی تەحریمی ئیقتسادی و.. راست بكەنەوە، كە: بەنەزری من، پاش ٣٥ ساڵ بینینی دیكتاتۆری و جینایەتی كۆماری ئیسلامی، ئیرادە حیزبە رۆژهەلاتیەكانی كوردستان و ئیدی، بەبەژن و باڵای ئەوو، ئەمی كۆماری ئیسلامی هەڵبلێن و، وەك كوردەواری خۆمان دەڵێت: مانگە شەو سەر لە ئێوارێ دیارە و پیویست بە لێروانین ناكات و، لەو رۆژەوە كە حەسەن رووحانی هاتۆتە سەركار، بەئاشكراو لە بەر چاوی دونیایی ئاشتیخواز و ساحەب دەسەڵاتی تاكی جیهانی ((ئەمریكا)) نزیك بە ٤٠٠ كەسی لە كچ و كوارنی ئێرانی ئێعدام كردوە كە: دەبێ بە شاراوەیی چیان كرد بێ وچیان بە سەر ئەو كەسانە هێنابێ كە دەنگیان نەگەیشتۆتە هیچ رێكخراوەیەكی مرۆڤدۆستی جیهانی وئیدی؟؟؟

لە بارەی دونیای دەرەوەش، كۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنە سەركاری دا دژایەتی خۆی لە گەڵ ئاشتی و هاوپێوەندی بە دونیای دەرەوە و، لە سەرویان ئەمریكا، بە گرتنی سەفیرەكانی ئەمریكا لە تاران دەست پێ كرد و، دواتریش دەستی كرد بە ناردنە دەرەوەی بیری دواكەوتوویی و، دروستكردنی ئیمپراتۆرێكی گەورە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست داو، بۆئەو كارەشی لە رێگەی وڵاتی سووریەوە دەست بەكار بوو كە زۆر زوو توانی حیزبووڵای لووبنان و چەندین گروپ و تاقمی تیرۆریست و بەناو ئیسلامی دروست بكات و لە ناوچەكە دا دەستی كرد بە خوێن رشتن و ئاژاوەی خستنە ناوچەكەو، وڵاتانی ئەمریكا و ئوروپا و ئیدی و، هەررۆژە لە شوێنێك لەوڵاتانی بیانی داخەڵكی تێكۆشەری ئێرانی تیرۆركردن و، لە تەقاندنەوەی بنكەو سەفارەتخانەكانیان وەك نموونە لە ئارژانتین و لووبنان وزۆری دیكە دەستیان نەپاراست و زەرەرو زیانیكی زۆری ماڵ و گیانیان پی گەیاندن و، لە هیچ كردەوەیەكی غەیرە ئینسانی دەستیان نەپارست و، ئەوەی بۆیان كرا، كردیان و، سەرئەنجامیش بۆ گەیشتنیان بە نیازی گڵاو و، خۆسەپاندنی خۆیان بە سەر جیهانیان دا، زۆر بە نەرمی و نهێنی بۆ دروستكردنی بۆمبی ئەتۆمی دەست بەكار بوون كە لە سەرەتادا ئەمریكاو هەندێك لە هاوپەیمانەكانی بۆ پێشگیری لەو كارەیان دەست بەكار بوون كە لەم چەند ساڵەی دوایی دا بەو بۆنەوە تەحریمێكی قورسی ئبووریان لەسەر رێژیمی تاران دانا كە لە ئاكامی ئەو بار قورسیەدا، رێژیمی تاران وەزیقە كەوت و بۆ دەرباز بوونی خۆی لەو وەزعە نالەبارەی تێیكەوت بوو، كەوتە دۆزینەوەی رێگا چارە و، بۆ هەڵفریواندنی خەڵكی ناوخۆو، دونیای دەرەوەی و زلهێزەكان، لەكاتی هەڵبژاردنی ئاخرین دەورەی سەركۆماری دا، كە ئێستا لە سەر كارە، هاتن بانگی حەسەن رووحانیان كرد

و، وا ساغ بوونەوە کە حەسەن رووحانی دەست بکات بە تەبلیغ و بەڵێنی دانی بە درۆ بە خەڵک تا لە پیلانەکەیاندا سەر بکەون کە بەو پێە چوونە پیش و، سەرکەوتنیان بە دەست هێناو، خۆش باوەڕی کەوتە نێو حیزبە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکان و، وڵاتانی دونیا و، لێکدانەوەی سەیر و سەمەریان لە سەر حەسەن رووحانی کرد و، هەر ئەوەندە مابوو کە بڵێن حەسەن رووحانی دەیهەوێ حکومەتیکی خەڵکی دروست بکات کە لەو خۆش باوەڕیە دا، وڵاتانی ئورووپاو ئەمریکا لە گەڵ حەسەن رووحانی تەڵقین کراو لە لایەن خامنەیەوە، کەوتنە وتووێژ و، بە دانی هەندێک ئیمتیازی بە درۆ بەو زلهیزانە کە بێ شک لە ئایندەیەکی نەزۆر دووردا لێیان پاشگەز دەبێتەوە، کەوتنە وتووێژ و، رێکەوتنێکی کاتیان ئیمزا کرد و، بەو پێیە بۆ جارێکی تریش وەک لە سەرەوە باسم لێکرد، حەسەن رووحانیش وەک محەممەد ی خاتمی بە هاوکاری و رێنوێنی وەلی فقیدەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێرانی لە تێدا چوون رزگارکرد و، زۆریشی نەخایاند کە زۆر خراپتر لە دەورانی ئەحمەدی نەژاد، دەستیان کردەوە بە ئێعدامی لاوانی ئێران و، لە ماوەی چەند مانگێکدا نزیک بە چوارسەد کەسیان لە زیندانیەکان ئێدام کرد و ،خەڵکی ئێرانیان لە هیوا بە رزگاری نائومید کرد و، بە درۆ دەلەسەش چاوی بیر و رای دونیاو، وڵاتە زلهێزەکانیان بەست و، بێ ترس بۆ جارێکیتر لە تاران شانیان وە باڵنجە نەرمەکانیان دایەوە و، بەرژەوەندی ئابووری چاوی زلهێزەکانی کوێر کرد و، لە ئاست ئەو هەموو خوێنانەی کە بە دەستی پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناو خۆی ئێران و سووریە و فەلەستین و لووبنان و عیراق و ئوروپا و ئیدی لە دەماری ژن و منداڵ و لاو و پیر و پەککەوتوەکان رژا، خۆیان گێل کرد.

٣١ی جانێوێری ٢٠١٤

---

## کۆماری کوردستان لە مێژوودا.

کۆماری کوردستان کە رۆژی ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ی زایینی لە رێ و رەسمێکی بێ وێنەو لە نێو چەپڵە رێزانی ئاپۆرای خەڵک و سروودی نیشتمانی دا کە بە دەنگی کوڕ و کچانی قوتابی تامەزرۆی ئازادی و سەربەخۆیی قوتابخانەکانی مەهاباد گوترانەوەو پاراستنەکەشی هێزی شۆخ وجوانی

پێشمەرگە وەئەستۆی خۆی گرتبووو، تەواو پیاو ماقوڵانی شارو شەخسی مستەفا بارزانی و یارانی و سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ، مامەش، گەورک، زەرزا، هەرکی، شکاک، جەلای و چەندین سەرۆک عەشیرەتی پشدەری وەک جوامێراغای تەنگژەو برایماغای برای لەوی بوون و،لە لایەن قازی محەممەد راگەیێندرا، لە بواری حوکمرانی دا، چ لە ئاستی کوردستان و، چ لە ئاستی ناوچەکە و چ لە ئاست نەزەری ولاتانی بیانی، بە یەکەمین ئەزموونی دیار و بەر چاوی نەتەوەی کورد هاتۆتە ئەژمار.

لەو رۆژو کات و ساتەدا کە کۆماری کوردستان لە لایەن قازی محەممەد راگەیێندرا، قازی محەممەد زۆر بە وازعی باس لە زەروریەتی یەک ریزی نەتەوەی کوردو خۆڕاگریەکەی دەکات کە ئێستاشی لە گەڵدابێت ئەو بیری نەتەوەیی ئەو کات لە هەموو کاتێک پتەوتر دەبێت کە نموونەکەشی ئەوەیە کە ئەو رۆژە قازی محەممەد لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان دا دەڵێت: ئێمە هێزێکی میللیمان(نەتەوەیەی) تەشکیل داوە کە ئەگەر بەوردی لێکی بدەینەوە ئەم چەند وشەی ئەو نەمرە لهبارەی مەسەلەی نەتەوەیی دا دەتوانرێ دەیان کتێبی لە سەر بنوسرێت.

ئەو رۆژە کە کۆماری کوردستان پێکهات، لەشادی و خۆشی ئەو حکومەتە، منداڵانی سەر لانکەی کوردستان بە گشتی لە ناو بێشکەدا خەونی ئازادی کوردستانیان بینی و لە خۆشیان دایان لە قاقای پیکەنین و بە زەردەی سەر لێوو رەنگی گەش و جوانیان، کە وەک نوور لە ناوچاوانیان دەباری، بەفرو بەستەڵەکی چوارچرایان شەق کرد و پڕ بە شار خۆشیان باراند و دڵی خەڵکیان وەک گوڵ گەش کرد و بە تێکرایی مانگی رێبەندانیان کردە مانگی بەهار و گولان و وەک مامۆستا هێمن گوتویەتی: سەد بەهار، نۆکەری ئەو زستانە بوو.

کۆماری کوردستان، هەر ئەو رۆژەی راگەیێندرا، دەری خست کە ئیمانی بە دێموکرسی و بەرابەری ژن و پیاو هەیە کە دوو خوشک بە ناوەکانی ویلمەی سەیادیان، کە بەرێوە بەری قوتابخانەی (پەروانەی کچان)ی شاری مەهاباد بوو، لەگەڵ خەدیجەی حەیدەری کە راوێشکاری هەر ئەو قوتابخانە بوو، یەکی وتارێکیان خوێندەوە کە لەوێدا ئامۆژگاری ژنانیان کرد کە بۆ پاراستنی کۆمار و کوردستان ببنە هاوکاری براکانیان و دەست بە تێکۆشان بکەن کە لەوێدا گوتیان: ئەمرۆ، دونیا موحتاجی کچ و کوڕە کە بە خوشک و برایەتی دەست بدەنە دەستی یەک بۆ رزگارکردنی دایکی نیشتمان.

ئەوەی زۆر جێگەی تەقدیرە ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان دروست بوو، کومیتەی ناوەندی حیزی دێموکراتی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی میللی کە پێکهاتبوو لە چواردە وەزارەتخانە راگەیاند.

کۆماری کوردستان کە سنوورەکانی تا مەهاباد و، شنۆو، میاندواوو، سەردەشت و، بانەو، سەقز و، نەغەدەو، بۆکان و، ورمی و شاپوورو، خۆی و، ماکۆبوو، وەک باسی لیکراوە, هێزەکانی بە گشتی بە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی چەکدارەوە، گەیشتۆتە ٤٥٠٠٠ کەس، بەڵام لە شوێنی واشدا هەیە کە گوتراوی هێزی پێشمەرگەی ١٢٧٥٠کەس بووە و، لە شوێنێکی تریشدا گوتراوەکە ١١١٠٠ کەس بووە.

کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی زۆر کەم بوو، بەڵام توانیویەتی کۆمەڵێک دەستکەوتی زۆر گەورە و باش و گرنگ و بێ وێنەی لە مێژووی خەباتی رزگایخوازی نەتەوەی کورد دا لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، رووناکبیری و کۆمەڵایەتیدا بێنێتە دی.

کارێکی تری کۆماری کوردستان ئەوە بووە کە رێگەی بە کەمایەتیە ئاسۆری و ئەرمەنی وجوولەکەکانیش داوە کە لە کوردستان دا قوتابخانەی تایەت بە خۆیان هەبێت.

جگە لەوانەش، وتارەکانی کە لە مزگەوتەکاندا دەخوێندرانەوە، بە پێی بریاری حکوومەتی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێندرانەوە کە لە گەڵ ئەوەشدا کتێخانەی گشتی کرا بوونەوە تا خەڵک بەرە و رۆشنبیری برۆن.

لە بارەی رێکخراووگرووپ و پیشە دا گەلێک رێکخراوی جۆر بە جۆر دروست ببون، وەک رێکخروەکانی یەکیەتی جەوانانی دێموکرتی کوردستان کە یەکێک لە چالاکیەکانی ئەوەبوو کە توانی رۆژنامەی هاواری نیشتمان بڵاو بکاتەوە کە سەر نووسەرەکەی سەدیق ئەنجیری ئازەر بوو و تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو بۆوە.

هەرلەو کاتە دا بە هەوڵ و هیمەتی قازی محەممەد و مینا خانمی هاوسەری و کۆمەڵیک ژنی چالاک یەکەمین رێکخراوی ژنی کورد بەناوی یەکێتی ژنان دامەزرا.

جگە لە وانەش لەو کاتە دا تونرا رادیو دەنگی کوردستان دابمەزرێ بۆ ئەوەی کۆمەلانی خەلک لە بارودۆخی کۆماری کوردستان و هەوالە جیهانیەکان بە ئاگا بن.

هەروەها جگە لە هێنانی سینەماو بایخدان بە بواری رۆژنامەوانی، چەندین بلاوکراوە و رۆژنامەوگۆڤارو کتیب بلاو کرانەوەکە خزمەتێکی گەورەیان بە بەرەو پێش چووی باری فەرهەنگی نەتەوەکەمان کرد و لە ناو کۆمەلگا بیانیەکانیش لە زۆر بوارەوە تە ئسیری خۆی داناو هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیاندا تایبەتمەندی و خەسلەتێکی زیاتر و دەولەمەندتریان بە کۆمەلگای کوردەواری بەخشی کە چەندەیان بریتی بوون لە هاواری نیشتمان، گۆڤاری ئاوات، هەلالە، رۆژنامەی کوردستان کە لە گەل ئەوانەشدا بۆ خزمەت کردن بە مندالانی کورد، گۆڤاری گروگالی مندالانی کورد بلاو کرایەوە.

هەر لەو کاتە دا بۆ یەکەم جار رۆژمێری باخەی رەسمی کۆماری کوردستان چاپ و بلاو کرایەوەکەهەوالی بلاو کردنەوەکەی، وەک مزگێنیەک پێش دەرچوونی لەلایەن هەندێک رۆژنامەی کوردستانەوە بلاو کرایەوە،
لە بواری کشتوکالی و بازرگانییەوە کۆماری کوردستان بایخێکی گەورەی بەم لایانانە دا کە بە رادەیەکی زۆر باش چوونە پێش و خزمەتێکی باشی بەباش کردنی باری گوزەرانی کۆمەلگای کوردە واری کرد.
لەبواری یاسایەوە وەک بنەمایەکی شارستانی، حکومەتی کوردستان سەرچاوە یاساکانی هەمە جۆرو فرەلایەن بوون و، وەک کوردەواری خۆمان دەلێ: کەل بە موو بەند بوو.

سەرەرای ئەو هەموو کۆسپانەی کە لە دەرباری شاو دەرەوەی ولات لە لایەن ناحەز و دوژمنانی کوردەوە بۆی دروست دەکران، کۆماری کوردستان بە تەواوی هەولی بە جیهان بوونی خۆی داو بە دروستی دەستی دۆستایەتی بۆ دراوسێ و جیران و دونیایی دەرەوە درێژ کرد و, زۆر ژیرانە هەنگاوی نا. بەلام دوژمنانی ئەوەندە زۆر بوون کە بەداخەوە زوو جوانە مەرگیان کردو نەیانهیشت نەتەوەکەمان زیاتر لە بەر سیبەریدا بحەسیتەوە.

سەرچاوە، و نوسراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

۲۱ی جانێوێری ۲۰۱٤

## زۆرن ئەوانەی بەمراد نەگەیشتن و لە سەرەمەرگدا بۆ خۆشەویستەکانیان گریان.

بەهارە تازە لە ناوچەی مەیدان چۆغەی رەبەت لە عەمەلیاتێکی سەرکەوتووانە گەڕاوینەوە، بۆ شوێنەونکە و بە جێهێشتنی ناوچەی شەرەکە، ئێوارەی ١٢ - ٢ - ١٣٦٤ ی هەتاوی بەر جادە بووین و چووینە گوندەکانی وسوەکەل و بناویلەی کوردان و گەنکێ و بانەزێر، بەڵام ئێوارەی ١٣ - ٢ - ١٣٦٤ ی هەتاوی هێزەکانی دوژمن هێرشیان کردە سەر ناوچەکەو بە سەختی دەرگیر بووین، بەڵام بەو حاڵە دوژمن لە بەر هەڵمەتی کورانی دێموکرات دا خۆی نەگرتوو، بە کوشتە و برینداری زۆرەوە بەرە و جادەی بانە بۆ سەردەشت پاشەکشەی کرد و لە مۆڵگەکانی هەڵکەوتوو لە بناویلەی کوردان و کانیە گوڵینێی دارساوێن و دەوروبەری جێگیر بوون.

بە دوای ئەوەدا کە دیسان دەمانهەویست ناوچەکە بە جێ بهێڵین و بگەرێنەوە بۆ پشت جادە، هێزەکانی رێژیم لە هەموو لایەکەوە دەستیان کرد بە تۆپ بارانی رێی رۆیشتنی پێشمەرگەکان کە لە ئاکامدا سێ پێشمەرگە بریندار بوون کە برینی دوو پێشمەرگەیان بە ناوەکانی لەتیف شۆکە خەڵکی کانیبی سەردەشت و کەریم مەکلاوەیی زۆر سەخت بوو کە بە داخەوە پاش دوو سەعات بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ کەریم شەهید بوو، بۆ بەیانیش لەتیف شەهید بوو کە تەرمەکانیان لە ناو خەم و پەژارەی خەڵکی گوندی شەمۆڵە دا لە شێخ مەولانە بە خاک سپێردران.

قەت ئەو کاتم لە بیرناچێ کە گەیشتمە لای کەریم و سەری ئەوم لە سەر کۆشم دانا و بانگم کرد، چاوی هەڵێناو پڕ بە چاوە جوانەکانی چاوی لێ کردم و گوتێ: ئەگەر چوویەوە بۆ وێ، سڵاوی من بە خۆشەویستەکەم (ن) بگەیەنە و پێی بڵێ: با یادگاریەکانی منی هەر لە لابن.

کە ئەوەی گوت، فرمێسک لە چاوەکانی یەک بە دوای یەک دا قەتارەیان بەست. بەڵام نەمهێشت ئەو فرمێسکانەی برژێنە سەر زەوی و بەو دەسرەی لە ئەستۆی دا بوو بۆم سڕین و هەڵمگرت.

پاش مانگێک کە رێمان وەگوندی خۆشەویستەکەی کەوت، بەدڵێکی پڕ لەخەمەوە رووم کردە ماڵی خۆشەویستەکەی، کە گەیشمە نزیک ماڵەکەیان، دیتم بە پارچەیەکی رەش سەری خۆی پێچاوە و زۆر کز و نارەحەتە.

**کە چاوی بە من کەوت، خۆی پێرانەگیراو دەستی کرد بە گریان و گوتی ئەدی کوا خۆشەویستەکەی من؟؟**

**لەوکاتە ناخۆشە دا، ئەو دەسرەی فرمێسکی کەریمم پێ سری بوون، لە گیرفانم دەرهێناو دامە دەستی.**

**دەسرەکەی لێ وەرگرتم، بە سینگیەوە نا و زیاتر لە هەزار جار ماچی کرد و گوتێ، ئۆخەی کەریم گیان، ئەوە بۆنی تۆی لێدێت.**
**هەر کە ئاوام دیت، لە نارەحەتیان خوا حافیزەم بۆ لێنەکراو راست رۆیشتم و ئێستاش کە ئێستایە لە نارەحەتیان نەمتوانی سەردانی بکەمەوە.**

**خوێنەرانی ئازیز، باوەڕ بکەن ئێستا کە ئەم دێڕانم نووسی، لە گەڵ نوسینی هەر وشەیەک لەو وشانە، فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوار.**

**٧ی جانێوێری ٢٠١٤**

---

# *کیژۆڵە قژ زەردەکە.*

**زستانێکی گەلێک سارد وسڕ بوو، چەند نوا بەفرباری بوو، وڵات یەک تەختە بەستەڵەک و سەهۆڵ بوو، زۆر بە ئاستەم بە کۆڵانی گوند و شارەکان دا ئامووشۆ دەکراو سەرما ئەوەندە سەخت بوو، تفت هەڵاویشتبا دەی بەست.**

**لەو کاتە سخت و دژوارە دا، کە بۆ کارێکی شۆڕش بە زەحمەت بە کۆلانی... بە گەرەکی چاوجوانانەدا تێدەپەڕم، دیتم کیژێکی ساوا و چاوشین و قژ زەردو باریکەڵە، کە زۆر لە مێژ نەبوو دایک و باوک و کەس و کاری لە بن چادرێکدا کەوتبوونە بەر رەهێڵەی کاتویشابارانی حاکمی دیکتاتۆری وڵات و کۆچی دواییان کرد بوو، زۆر بە کزی و گریانەوە، لە بن سوانەی خانوێکی قوڕینە دا، دانیشتوەو، رووی لە ئاسمانی پڕ لە تەپ و مژی سەر سەری شارە**

وێرانەکەیان کرد بوو و بە نیگەرنیەوە لە شێخە سەهۆڵەکانی بن سوانەی خانوە قورینەکەی دەڕوانی و هەزار داستان بۆ دەرباز بوونی خۆی لەو وەزعە ناخۆشەی تێیدا بوو، لە یەزدانی مەزن دەپارایەوە.

کە ئاوام دیت، بە دڵێکی پڕ لە نارەحەتی و بە چاوی پڕ پڕ، لە فرمێسکەوە، بە مەبەستی دڵدانەوەی و گرتنە باوەشی خۆم، وردە وردە، بەرەو ئەو ئەسیرە گەش و پاکە، هەنگاوم نا.

کە لێی نزیک بومەوە و زۆر بە وردی لێم ڕوانی، دونیایەک ئاوات و ئارزوو لە نێوچاوانیدا خوێندرایەوە ، کە گشتیان سادە و ساکار و مافی ئینسانی بوون.

کە ئەوانەم لە رووخساریدا خوێندنەوە، بە ئەسپایی دەستم برد و تاوم دایە و توونـد، توونـد، گرتمە باوەشم و چەندین جارماچم کرد. بەڵام کە گرتمە باوەشم، جەستەی ئەوەندە سار و سڕ بوو، کە دەتگوت: شێخە سەهۆڵە و لە سەرمان وەک مێژۆکە دەلەرزێ.

کە ئەوەم لە باوەشمدا هەست پێکرد، دامنەناو، راست بەرەو ماڵ و شوێنی خۆم گەڕامەوە، بەڵام ئێستا کە هەر لە نیوە رێی گەڕانەوەمدا بووم، داخەکەم کیژە چاوکاڵە کە، چاوی لێک نان و، لە باوەشمدا سارد بۆوەو گیانی دا.
کە ئاوام دیت، دەستم لەرزین و ئەژنۆم تەزین و دڵم گڕی گرت و فرمێسک لە چاوم بارین و تێر تێر، بۆی گریام و لە داخی زۆردارو چەوسێنەران، بێ ئەوەی هەست پێ بکەم، کەوتمە سەر بەفرەکە.

پاش تاوێک، کە هاتمەوە سەرخۆ، هەلم گرتەوە و ورد بەرەو ماڵی خۆمان شۆڕ بوومەوە و بێ راوەستان خەڵکی ئاوایم لەو ڕووداوە تاڵە ئاگادارکرد و کێژە چاوکاڵەکە کە ئێستاش نەمزانی ناوی چیە، بە هەزار ئاوات و ئارزۆوە، کە لە سەرەوە باسم لێکردن، بە خاک سپێردرا و بۆ جارێکی تر، لە نێو باوەشی نیشتماندا، بۆ لای دایک و باوکی گەرایەوە.

٢ی جانێوێری ٢٠١٤

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥

### (رووحەکانی گردێنە).

هۆ رووحەکانی گردێنە، سەر هەڵێن و،
بە ئەسپایی هە نگاو بنێن و، بڕۆنە سەری گۆمێ ،
لەوێوە، تاوێک لە فێرەک و،چیاو، زمزیران ڕامێنن ،
کەمێک گوێ بگرن، دێت دە نگێکی خۆش،
دەخوێنن هەڵۆ، لەچیاو، هە رد و، بنارو، بەندەنان،
هۆ رووحەکانی گردێنە،
لە مەڵبەندی رەبەتی حەماسەو خوێنەوە،
وەک سیە سەر باڵ سوورەکانی گۆمەشین،
بەرەو ئالان بفڕن و،
تاوێک لە سەربەندەنی هۆملی،
لە جێ راوگەی ئاوارە بنیشن و،
هێدی هێدی،
بڕوانە نۆڕی و جەماڵدین،
بەم هاوینە، بەم گەرمایە،
لە ئالان و، سوێسنایەتی، گوڵ پشکوتوون
هۆ رووحەکانی گردێنە،
دەی ئەمجار، لەوێڕا، سەبر، سەبر،
بەسەر گاکرو، سوورکێو دا بفڕن و،

گەشتێکی چووک،
بەسەر بابۆس و ئاربەبا دا لێبدەن و،
لە بەرزایی حوجرەی فەقێیان،
لەنگەرێک بگرن و، تاوێک وەحەسێن،
هەست راگرن و، کەمێک گوێ رادێرن،
بزانن چۆن دێت بۆنی کۆنە ڕاوچیان،
هۆ رووحەکانی گردێنە،
لەوێوە، زۆر لە سەرخۆ،
بانگ لە شێخ غەریب بکەن و،
پێی بلێن،
با لە خەوی سەربەستی هەستێتەوە و،
نەرم نەرم، هەنگاوبنێ و،
لە گەڵ کۆڕی یاران کەوێتەوە،
هۆ رووحەکانی گردێنە،
چاو لێبکەن و، هەست راگرن،
چۆن دێ،
هەستی پێی، پیرە هەڵۆکانی سەرشیو،
دەی ئەمجارەیان، زۆر لە سەرخۆ،
وەکو مەلی ئاشتی،
بە سەر بەرزایی بەنەوشەدا پەڕ لێبدەن و،
جووت، جووت،
بەرەو مەڵبەندی زرێباری شین بڕۆن و،
لەوێ، وەک مەلەوانێکی بە ئەزموون،
سوارشەپۆلە نەرمەکانی زرێبار بن و،
زۆر لە سەرخۆ،

بە بێ ئەوەی، لەخەوی سەربەستی راپەڕن،

بانگ لە رووحی بێهروز و نەدیمی بکەن و،

پێکەوە تاوێکی خۆش،

تا تێر دەبن،

گوێ لە دەنگی کچ و کورانی مەریوانی بگرن،

چۆن سروودی شۆڕشگێری دیلێنەوە،

هۆ رووحەکانی گردێنە،

کە لە زرێبار مالاوایی و خواست،

بەسەر زهاو و، قەسری شیرین و، ئیلام دا راببرن و،

لەوێندەرێ، لە یەک، یەکی ئەو دەڤەرانە لادەن و،

تێکەڵ بە ئاپۆرەی کچ و کورانی شۆڕشگێڕ ببنەوە و،

تاوێک سەیری هەستی شۆڕشگێریان بکەن،

وا خەریکن،

هەوری رەشی دیکتاتۆری رادەماڵن،

هۆ رووحەکانی گردێنە،

توخوا، کە گەڕانەوە،

وێکڕا، تاوێک لە شاری شاران لادەن و،

لە بن بێستون لە شوێنی شیرین و فەرهاد،

تاوێک پاڵ بدەنەوەو،

کەمێک لە خۆڕاگری بەندیە سیاسیەکانی دزێلاباد رامێنن،

تا لە خۆشی جوانی ئێوە،

تێنوەتی برینە قووڵەکانیان بشکێنن،

هۆ رووحەکانی گردێنە،

کە بە نەوسوود و، پاوەو،دیواندەرە دا،گەڕانەوە،

ماندوو نەبونی لە کچ وکورانیان بکەن و،

لەوحی تەقدیری شۆڕشگێریان بدەنێ،

کە هاتن، لەوێ تێپەڕین،

تاوێک میوانی کەلیخان و سەرتوون بن و،

گەر ویستیان لە ئاستان سەر نەوی بەکەن و،

سەر بەرزی و پێو وەگۆڕن،

رامەوەستن و،

دەست لە ملیان کەن و، تێر، تێر، ماچیان کەن

کە هەستانە سەرپێ و، ویستان بڕۆن،

نەکەن لە یادتان بچێ،

بە، بە هەشتی مەیداناندا تێپەڕن و،

لەبەندەنی تەرخان و کەپری ڕا، شۆڕببنەوەو،

سەرێک لە نالە شکێنەبدەن و،

لەوێوە، لە جێات گشت هاوسەنگەران،

بە نێو شەقامەکانی بووکی رازاوەی کوردستاندا،

سووڕیک لێبدەن و،

ئەمجار، وەک بەبرەکانی عەزیز یۆسفی،

بە سەر خاکی جوانی هەوشار دا پەڕ لێدەن و،

وەک باشووی هەڵمەت بەر،

بۆ پێتەختی کۆمار بگەڕێنەوە و،

لە دەم سەدی سابڵاغ ،

بانگ لە رووحی مەنسووری ئاروەند بکەن و،

پێکەوە پشوێکی خۆش بدەن و،

ئەمجار، هەرووەک جاران،

چەک لە شان و، کۆڵەپشت لە کۆڵ،

بکەونەرێ و،

لە گەورکایەتی و مەنگوڕان،

ماندوو نەبوونی لە ڕێبوارانی ڕێبازەکەتان بکەن و،

بۆ شکاندنی تینوەتی ڕێی خەباتیان،

لە لوێچی دەستان دا،

ئاوی سەر چاوەی سەهۆڵانیان بۆ بەرن.

هۆ رووحەکانی گردێنە،

لەوێوە، وەک مەلی ئاشتی،

بەرەو مەڵبەندی قەلای دم دم هەنگاوبنێن و،

بە سلماس و، خۆ و، ماکۆو، قتووردا رابرن و،

لەوێ، لە گەڵ لاوانی نیشتمانپەروەر،

هەڵپەرکەی هاوخەباتی بگرن،

ئەمجار وێکرا،

بەرویێکی پڕ لە پێکەنینەوە،

بەسەر زیندانی دەریادا سووڕ لێبدەن و،

چاوسوورتر لە رابردووتان،

بە سەر زیندانبانەکانی جەهل و نەزانیدا بقریشکێن و،

پێکەنین بخەنە ناو دڵی بەندیە سیاسیەکان.

هۆ رووحەکانی گردێنە،

لەوێوە باڵ بگرن و،

بەرەو شنۆو، نەغەدە پەڕ لیبدەن و،

لە بن دار گێلاسەکان،

سەر خەوێکی ماندوو بوون بشکێن و،

ئەمجار، نەرم نەرم،

بانگ لە رووحی هەژار بکەن و،

وردە وردە، وێکرا،

ڕوو لە شیناوێی سووتاوو،
بناری بەری مێرگان بکەن و،
هەر حەمووتان، وەک گەلاوێژو حەوتەوانە،
شەوی تاریکی ڕووناک کەن و،
پێکەوە، لە گەڵ کچ و کورانی ئەو مەڵبەندە،
ماندوو نەبوونیەکی خۆش،
لە پارێزەرانی ڕۆژهەلات بکەن،
هۆ ڕووحەکانی گردێنە،
ئەمجار لەوێوە،
بەرەو بەرزایەکانی قەندیل بکەونەڕێ و،
لەوێ، زۆر لە سەرخۆ،
چاوێک لە درێژەپێدەرانی ڕێبازتان بکەن،
وا خەریکن، بەرەو لووتکە سەر دەکەون،
هۆ ڕووحەکانی گردێنە،
ئەمجارلە کۆتایی گەشتەکەتان دا،
بەرە و گیارەنگ و مەیدان چۆغە، پەر لێبدەنەوەو،
لەوێوە، لە ئاوێنەی شۆڕشی کۆن ونوێوە،
چاو لیبکەن،
شوێن پێی کەوشی ڕێبواری ڕێتان دەبینەوە.
هۆ ڕووحەکانی گردێنە،
تو خوا، لە پەیامێکدا،
بە ڕووحی هەموو شەهیدان بڵێن،
نەکەن خەمگین بن،
دەی توخوا،ئەمجارەشیان،
با، وەک هەوری بەهار، قاقا بکێشن و،

به تیشکی بریسکەی شادیتان،
تاریکی، تاریک پەرستان شەق کەن،
تا لە ناوچاڵە رەشەکانی دوژمن و،
لە ناو خۆی وڵاتمان،
لە تاریکی شەودا،
رێبوارانی رێگەتان، نەکەون و،
بەر پێی خۆیان ببینەوە.
هۆ رووحەکانی گردێنە،
دەی تو خوا،
وەک ئەستێرە، راخوشن و،
تاوێک وەرن، لێرە و لەوێ، لادەن،
چاولێبکەن،
چۆن، کوڕو کچی وڵاتی من،
وا خەریکن بەزمی شایی وشادی،
هەستانەوەو، نوێ بوونەوەی شۆڕشەکەو بۆ دەگێرن،

۱۳ی سێپتەمبەری ۲۰۱۵

## هەڵگورد تارانی هەژاند.

لە کەس شاراوە نیە کە دوای بە جێهێشتنی قەندیل وبە گشتی سنورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و جێگیر بوونی هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە قوڵایەکانی باشووری کوردستان و کەمرەنگ بوونەوەی شەڕی چەکداری و حزووری هەمیشەی هێزی پێشمەرگە لە ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان، کار بەدەستانی کۆماری بە ناو

ئیسلامی ئێران و لە سەروی هەموویانەوە دەسەڵاتی موتڵەقەی وەلی فەقی، کە زۆر لەمێژ بوو گیرۆدەی توانای خەباتی حەق و ڕەوا و ئازادیخوازانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، هەناسەیەکی راحەتیان هەڵکیشاو، خەوی زڕاو لە چاویان تۆراو لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر لە رابردوویان دەستیان لە خەڵکانی نیشتمانپەروەری کوردستان وەشاند و بە تاک و بە کۆمەڵ، وەک لافاوی رەش وەبەر خۆیان دان و بەرەو سیاچاڵەکانی رێژیمی غەدرو خیانەت بەڕێ کران و بە ناحەق سزای مەرگیان بە سەردا سەپاندن و رووحیان لێ ئەستاندن و سێبەرێکی رەش رەشیان لە سەر کوردستان دروست کرد. ئەوان ویستیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان رێگەی ئازادی و سەربەستی لە نەتەوەی کورد بگرن. بەڵام نزیک بە دوو دەیە دواتر کە بۆ جارێکیتر لە بە هاری ١٣٩٤ ی هەتاوی دا چەخماخەی شۆڕشێکی نوێ بە پشتیوانی خەڵک و هیممەتی هێزی پیشمەرگە لێیدرایەوە، هێزی لەشکان نەهاتووی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرزایەکانی هەڵگورد و سنوورەکانیتر گەڕانەوەو، دەنگی قاقای کیژە کوردان و شەپۆلی بزەی سەر لێوی لاوانی بە هەست و گەشی و شادی وخۆشی دڵی دایکی شەهیدان و شەوقی تیشکی چاوی خوشکی شەهیدان، لرفەی شەپۆلی کەیف خۆشی باوک و براو منداڵی شەهیدانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە گشتی خەڵکی نیشتمانپەروەری وڵاتەکەمان، تارانی هەژاند و خەوی لە چاوی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی زڕاندەوە.

جوڵەی هێزی پێشمەرگە، سەرانی رێژیمی ویلایەتی فەقی و دەسەڵات بەدەستانی دوور لە ئەقڵ و مەنتقی دونیای مرۆڤایەتی لەرزاند و ناچار لە میدیاکانیانەوە دانیان بەم جوولە پیرۆزەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دانا. دەمیان لە هەرەشە داو بە پەلە کەوتنە خۆو بە مەبەستی گلاویان بۆ جاریکیتر لشکرکێشیان بۆ سەر کوردستان دەست پێکردەوەو بە درێژایی سنوورە دەستکردەکانی رۆژهەڵات و باشووی کوردستان هێزە سەر کوتکەرەکانیان جێگیرکردن و لە ناو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەستیان بە ئاوەدان کردنەوەی مۆڵگە کۆنەکانیان کر. لە زۆر شوێنیتریش مۆڵگەی تازەیان دامەزراندن و هەروەها لە سنوورەکان دا مۆڵدراون، تا رێگە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگرن. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەیان خیاڵی خاون، چونکە زۆر لە مێژ بوو کیژ و کورانی نیشتمانپەروەری رۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی رۆژێکی وەهابوون.

ئێستا کیژ و کورانی دڵ پڕ لە ئازادی، هێندە شاد ودڵخۆش و لێو بە بزەن، ئامادەن و خەریکن بە برژانگی چاویان رێگە بەستراوەکانی دەستی نۆکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ براکانیان دەکەنەوە و کاڵەی ئاسن بۆ رێی

خەباتیان هەڵدەبەستن و بە تەڕی فرمێسكی چاویان ڕێگەی تەپووتۆزاوی و ویشكەرۆكان ئاوپڕژێن دەكەن تا تۆز لە ڕوخساری شۆڕشگێڕیان نەنیشێت و زیاتر لە ڕابردووش ببنەوە بە چەقڵی چاوی دوژمن.

ئەوەتا ئەمڕۆ لاوەكان و بە گشتی خەڵكی نیشتمانپەروەری كوردستان و لە سەروویان كەس وكاری شەهیدانی كوردستان بە گشتی بۆ میدیاكانی خۆیان دەڕوانن ولە حاڵی حازردا لە كوردكاناڵ و ڕووداوەوە كە بوونەتە ئاوێنەی باڵانوێنی وێنەی مەفرەزە سەرەتاییەكانی هێزی پێشمەرگە لە ناوخۆ و لە بەرزاییەكانی هەڵگورد، وێنەی كور و كچانیان دەبینن و لە خۆشیان شاگەشكە دەبن و خەمی چەند ساڵەی دوریان بە دەم ڕووباری خەمبردوو دادەكەن و وشەی خەباتی چەكداری جۆش دادەدەنەوەو ڕووحی خەباتێكی نوێ ژیوەتەوە كە چرۆكەی لە هەڵگورد و لە ناوخۆ لە نیو چاوانی هێزی پێشمەرگە و لاوان دا دەبیندرێت و كاردانەوەكەی تارانی هەژاندوە.

**٢٧ی جوولای**

---

## جووڵەیەكی پیرۆز، وردبوونەوەیەكی ژیرانەی پێویستە.

پاش بەجێهێشتنی قەندیل و داگەڕانە خوارەوەی هێزی پێشمەرگەو بنكەو بارگاكانی سەركردایەتی حیزبی دێموكراتی كوردستان بەرەو قوڵایی ناوچە گەرمێنیەكانی باشووری كوردستان و جێگیر بوونی لە چەندین شوێنی وەك كۆیە و ئیدی و كزبوونی تێكۆشانی هێزی پێشمەرگە و كاری ڕێكخستن، بێ ئەم لاو ئەولا، بووە هۆی هەڵكێشانێ پشوێكی هێزەكانی دوژمن و چاو لێكنانی خەوێ زڕاوی سەرانی كۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران.

لەماوەی ئەو چەند ساڵانە دا، حیزبی دێموكراتی كوردستان هەر چەند لە تێكۆشانی سیاسی و نیزامی خۆی غافڵ نەبیوو، بەڵام گەر ڕاستیمان بوێ ئەو تێكۆشانە، هەر چەند زۆری بووە قوربانی بەرژەوەندی فكری نەتەوەی خودی ئەم حیزبە و چاوەڕوانی حیزبەكانی باشووری كوردستان سەبارەت بە پاراستنی بەرژەوەندیەكانی باشووری كوردستان، هەڵگری ئیدعا و خواست و ئاواتی خودی حیزب و كادر و پێشمەرگە و خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان

نەبووە. هەر بۆیەش هێزەکانی دوژمن لە چۆنیەتی هەموو جۆرە سەرکوتەکردنێک دا چ لەشار و چ لەگوندەکانی ناوخۆی وڵات و، چ لە زیندان و موچە و مەزرا وکوچە و کۆڵانی گوند و شەقامەکانی شار، چ لە دونیای دەرەوە دا دەستیان لە جینایەت نەپاراستووە، بە کەیفی خۆیان لە گەلانی مەزلوومی ئێران راساون، لێیان قەتڵ وعام کردوون، لە نەبوونی هێزی پێشمەرگە کەڵکی خراپیان وەرگرتوو، بە تەواوەتی ئێرانیان لە ئێرانیە دێموکراسی خوازیەکان کردە قەسابخانە، بە تایبەتی لە کوردستانیش بۆ خستنی یەکجاری و هەمیشەیی جووڵانەوەی کوردستان لە هیچ جینایەتێک و پیلانگێڕی دەستیان نەپاراستوو، بە تاک و بە کۆ، کچ و کورانی شۆڕشگێری کورد لە دار دران.

بە دوای دیتنی هەموو ئەو جینایەتانەو، دیتنی بەجێمانی مەسەلە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەسەڵەی پارچەکانی تری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە سەر ئەم رایە کە پێویستە چیتر نەبێتە قوربانی ئەم و ئەو، پێویستە جووڵەیەک بکات، کە بە خۆشیەوە ئەو جووڵە لە بەهاری ١٣٩٤ دا دەستی پێکراو، شێوەی عەمەلی بە خۆیەوە دیت و جوڵەکە بە میدیا کراو، بووە هۆی خۆشحاڵی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بە گشتی خەڵکی نیشتمانپەروەری رۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزەکانی، بووە جێگەی نیگەرانی و ئێستا بە وردی خەریکی تاقیبی چەند و چۆنی ئەو حەرەکەت و جووڵەیەن، بۆیە من بە پیوێستی دەزانم کە هێزی پێشمەرگەو، سەرکردایەتی حیزب کەمتەر خەمی نەکەن، لە سەروویان لە پەیامێکی میدیایی دا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شوانێکەوە بگرە تا جوتیار و پاڵە و کرێکار و دوکتور و مامۆستا و روناکبیرێک و بەگشتی هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستان ، ئاگادار بکرێن کە بۆ پاراستنی ئەم جووڵەیە، هاوکاری یەک بن، پێکەوە پشتی یەکبگرن و پشتیوانی ئەم حەرەکەتە بکەن و بە چاوی کراوەترەوە بڕوانە ئەو بێدەنگیە کورتەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، پیلانەکانی لە ژێر چاوەدێری بگرن، لە هەر رێگەیەکی مەمکینەوە بەرنامە دارێژراوەکانی دوژمن تێک بدەنەوە، هێزی پێشمەرگە و رێبەریەکەی لی ئاگاداربکەنەوە.

من پێم وایە کە نە خەڵکی رۆژ هەڵاتی کوردستان و نە هێزی پێشمەرگە و نە رێبەری حیزب نابێ لە بێ دەنگی و خۆ گێل کردنی دوژمن سەبارەت بەم جوڵەیە کەمتەر خەم بن، پێویستە بێ ئەوەی شەڕی رەوانی بۆخۆمان درووست بکەین، چ لێرە و چ لەو دیو لە ناو خۆ، چ لە دونیای دەرەوە، چ لە ناو هێزی پێشمەرگە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەرک و مەئموریەتیدا، نابێت دوژمن بە کەم بگیردێت. چونکە دوژمن قەت لە کاتی هۆشیاری و

وریا بوونی رێبەری وهێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستاندا، نەیتوانیوە زەبر لە جووڵانەوە بدا، هەرکاتێک زەبری وەشاند بێت، لە بێ خەمی و دوژمن بە کەم گرتن و نالێکی و پرش وبلاوی دا بووە.
سەرکەوتوو بێت جووڵەی هێزی پێشمەرگە لە بەهاری ١٣٩٤داو، بارانی رەحمەت و دەسکەوتی نەتەوەیی وەک ئی ساڵی ١٣٢٤ی بە سەردا بباریێ .

٤ی جووڵای ٢٠١٥

---

## رۆژێکی تاڵی سەردەشتی زامدار.

پێش نیوەرۆی ٧ی پووشپەرو دەورو بەری سەعات ١١ی سەر لە بەیانی کە لە گەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران کە زۆربەمان خەڵکی گوندی مەکلاوێ بووین و بە مەبەستی کارو ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان چووبووینە ناوچەی باسکی کۆڵەسە و لە نزیک گوندی زێڕەمیرگی ناوچەی سەردەشت بە مەبەستی پشوودان لە سەر مووچەیەک مابووینەوە، لە پڕ دا دیتم دوو فرۆکەی مێکی لووت ماسی و رەش لە ئاسمان ناوچەکە دا پەیدا بوون ونزم و نەوی خۆیان بە سەر شارە جوانەکەی سەردەشتی سەر سەوز دا کرد وشاریان لە دووکەڵ و تەپوو تۆزی بارۆت دا ون کرد و هەورێکی رەش رەش بە سەر شارەوە لەنگەری گرت ومەرگەساتیان لەو شارە دا دروست کرد ورووحی بە سەدان منداڵی ساواو کیژ و کوری لاو و ژن و پیاوی بە ساڵدا چوویان لە باوەشی شاردا فراند وشاریان لە شارووەندان کردە دۆزەخ و خەڵکی ناوچە و گشت کوردستانیان ماتەم بار کرد.

دوێنێ و پێری کە بە یادی ئەو رۆژەوە چاو بڕیە سەردەشتی سەر سەوز، دیتم کزەی فێنکی شنەی شەماڵی لانک وگیارەنگ هێدی هێدی فڕی بۆ سەر شارو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فرمێسکی دایکە جگەر سووتاوەکان. کە زۆرتر لێی وردتر بوومەوە، دیتم گردە سووری سەر بەرز، لە ئاست رووحی پاکی منداڵە سووتاوەکانی شار سەری داخستوە ویادیان لێدەکاتەوەو لە لای خوا شکایەت لە دیکتاتۆرو سەبەبکارەکان دەکات ولە قبرستانەکان داوێنی خۆی فاتیحا بۆ بە ساڵدا چوە تێداچوەکانی ئەو کارەساتە دەخوێنێ.

لەو کاتەدا کە زۆرتر بیرم لەو کارە ساتە کردەوەو وردتر هەنگاوم نا و زیاتر گوێم بۆ هەستی خەماوی یاد و بیرەوەری شار بۆ لە دەستچوانی راگرت، دیسان دەنگی ماسیە پەڕ سپیەکانی سەرچاوێی سەردا پۆشراو هاتەوە گوێم کە بە خەمناکیەوە یادیان لە خۆشەویستە پێک نەگەیشتوەکان دەکردەوەو فرمێسکی چاوی مرواریان بۆ لە ناوچوونی کیژە کوڵم سوور وچاوشین و بەژن باریکەکان تێکەڵ بە ئاوی سەر چاوێ دەکرد وبە شڵپە و شەپۆل لێدانی باڵیان پەیامی یادکردنەوەی ٧ی پووشپەریان بە ناو شارو گەڕەک و ماڵ و دووکانەکاندا بڵاو دەکردەوە.

لەو کاتە کە لە وەفاداریان روانیمە ئاسمانی سەر شار، دیتم هەرچی باڵدار و پەلەوەری ئەو مەڵبەندەیە بە سەر شاردا دێن و دەچن وبە یادی ئەو رۆژە تاڵە بە هەزارن جۆر سروودی خەماوی دەخوێنن.

دەی هۆ لاوەکان، کیژان وکورانی تازە پێگەیشتووی شاری سەر سەوزی سەردەشت، هەستن دەست تێکگرن وئەو بیرەوەریە تالانە لە بیرمەکەن و بکەونە نێو شەقامەکانی شارو پڕ بەو گەرو هاوار بکەن وسەبەبکاران رسوا بکەن و وێنەی شەهیدو بریندارەکانی کیمیا بارانی سەردەشت بەرز بکەنەوەو دڵی داگیر کەران بلەرزێنن وبۆ هەمیشە بیرو ئەفکاری ئاشتی گشت دونیا بۆ لای شارە بریندارەکەمان رابکێشن.

٢٧ی جوونی ٢٠١٥

---

## ساتێک لە گەڵ دایکێکی جەرگ سووتاو.

لە درێژەی کارو تێکۆشانی حیزبیم دا، زۆر جاران کە بە مەبەستی حەسانەوە و پشوودان رووومان دەکردە سەرکانی (بەهێ) گەلیک جار بەیانیان کە تازە تیشکی خۆر لە تلۆقکی دارە بەرزەکانی سەرکانیە (بەهێ)ی دەدا، لەدەنگی تیژو غەمگین و خۆشی دایکێک لە خەو رادەپەڕیم کە بە دەنگە بەسۆزەکەی بە جووتە کوڕێکی خۆی هەڵدەگوت.

رۆژێک لەو رۆژانە، ئەو دایکە کە قەت بیری لەو نەکرد بۆوە کە ئێمە پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران لە سەر ئەو

کانیاوە دەمێنینەوە، دیتم ورد و لە سەرخۆ بە کورەکانی هەڵدەڵێت. منیش کە نەمدەزانی مەسەلەکە چیە، بە مەبەستی وەدەست خستنی زانیاری لە سەر پێ هەڵگوتن بە کورەکانی، بە ئەسپایی لە کیسە خەوەکەم هاتمە دەرێ و، شتەکانی خۆم هەموو کۆکرنەوەو، چەک و رەختەکەم بەست و، ورد و لە سەرخۆو، بێ چرپە، بەرەو لای ئەو دایکە کە تەنیا چەند سەد مترێکمان لێ دوور بوو، کەوتمە رێ کە گەیشتمە نزیکی و چاوی پێم کەوت، یەک سەر بێ راوەستان، بەرەو پیرم هات و، لە سەر خۆ گوتی: رۆڵەکەم، یا خوا بەخێر بێت، بەڵام، تو خوا ئەوە بۆ بە تەنیایی و، چۆنە لێرە پەیدا بووی؟

ئەو دایکە لە بەر ئەوە لە بوونی من لەو شوێنە نیگەران بوو ، کە هەمووی ٣٠٠ مترێک لە پاسدارەکانی رێژیمی ئاخوندی دوور بووین کە بە قسەی خۆیان پارێزگاریان لەو جادە خاکیە دەکرد کە بە پشت کانی(بەهێ) دا تێدەپەرێ کە نەکو هێزەکانیان کە بەوێدا هاتووچۆیان دەکرد، بکەونە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. کە ئەوەی گوت، بانگم کرد و لە بن سێبەری دارێک دانیشتین و لە سەرخۆ لە چۆنیەتی پێ هەڵگوتنی بە کوڕەکانی پرسیارم لێکردو گوتم: ئەرێ دایکە، توخوا راست پێم بڵێ کوڕەکانت چیان بە سەر هاتوە کە تۆ هەمیشە بەم شیوەیە پێیان هەڵدەڵێت؟ کە ئەم پرسیارەم لێکرد، دەموو دەست وەک رێژنە بارانەی پاییز فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خورێ و نەرم نەرم لە ئەژنۆی خۆی دان و گوتی: تازە قەت ناسرو ماڵ ماڵەکەی من ناگەڕێنەوە.

کە ئەمەی گوت، منیش زۆری بۆ نارەحەت بووم، گوتم بۆ چیان بە سەر هاتوە؟

کە ئەمن ئەمەم وت، دەستی منی گرت و، هەستایە سەر پێ و، دەستی بۆ مۆڵگە کۆنەکەی پشت گوندەکەیان ڕاداشت و گوتی: بەیانیەک ئەم دەمانە، هەر دوو کورە لاوەکانم کە ناویان ناسر و ماڵ ماڵ بوو، بە مەبەستی ئیش و کار لە ماڵ دەرکەوتبوون و قەزاو قەدەر روویان لەم مۆڵگە کۆنە کرد بوو، لەو مۆڵگە کۆنەی پاسدارەکانی خومەینی دا، هەردووکیان وێکڕا کەوتنە سەر مین و لە یەک سات دا، هەر دووکیان پێکەوە شەهید بوون کە تا دەمرم ئەو رۆژەم لە بیر ناچێتەوە و هەمیشە ناسر و ماڵ ماڵەکەم لە بەر چاون کە چۆن جەستەیان شیتاڵ شیتاڵ و بە خوێن سوور هەڵگەڕا بوو، لەو کاتەوە تا ئێستاش بە یادی ئەوان هەموو رۆژێک دێمە ئێرە و تا دڵم کەمێک سوکنایی دێت، لە دڵی خۆمدا بە بانگ و سەڵا، دەیانـدوێنم تا سێبووری بە دڵی گڕ گرتووم دێنم. بە دوای ئەوەدا کە

ئەمەی گوت، زیاتر خۆم پێرا نەگیراو بە نارەحەتیەوە، خواحافیزەم لێکرد و بە هەنگاوی ورد و دڵی پڕ لە خیاڵەوە، بەرەو لای پێشمەرگەکان لە سەر (کانی بەهێ) گەڕامەوەو، بەو فکرو خیاڵ و سەدان خیاڵی تری لەم جۆرە کە تا ئێستاش کە خەریکی گێڕانەوەو نوسینی ئەو بیرەوەریەم و ئەم بیرەوەریانەم لە بیر نەچۆنەتەوە، درێژەم بە خەبات و تێکۆشانم دا کە پشت بەخوا لەمە بەدوا هەر لە ماوەی چەند رۆژێک دا، یەکێک لەم جۆرە بیرەوەریانەم دەنوسم و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاویان دەکەمەوە و وەک شتێکی زۆر بە نرخ، لای خۆشم هەڵیان دەگرم.

١٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## تاوان و خوێن سەران دەباو بەرژەوەندیخوازانیش خەریکی معامەلەن.

دەبێ چۆن بێ ئێش و ژانی دڵی دایکە دڵ بریندارەکان بۆ جگەرگۆشەکانیان کە لە کارەساتە جیاجیاکانی دەستی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان و، خوێن خۆرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران و هیدی دا گیانیان لێ ئەستێندرێ و، لێ ئەستێندراوە.

کوانێن ئەو ویژدانانەی کە بە قسە بە دیتنی کارەسات و، کوشت وبڕ و، سووتاندن و، ئەنفال کردن و، سووکایەتی و، بە نووکی نێزەوە کردنی منداڵانی دونیا بەگشتی و، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و ئەفریقا دا وەخەبەر هاتوون؟

کێ هەیە کە مرۆڤ بێت و دڵی بە دیتنی وێنە جیاجیاکانی دایکان کە منداڵە تازەلاو و چووک و تازە پێگرتووەکانیان، لە ترسی کوشتن، یا لە مردنی تینوێتی رێگەی ئاوارە بوون و دەربەدەری دەستی زۆردارن، یا سووتاندن و رفاندن وبێ حورمەتی پێکردنیان ، یا لە بەر بێ ئەنوایی و کەس نەمان و برسیەتی و لێقەومان و هیدیان، لە باوەش دەگرن، نەگریت و، دڵی بۆیان وەک گۆشتی کاڵی سەر ئاگر نەسووتێ و هەڵنەقرچێت و

نەچۆقێ؟

ئەو کەس و دەسەڵاتانەی خوێن دەرێژن و خەڵکی بێ تاوان و ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتووەکان و جوان و لاوەکان گوللە باران دەکەن و دەخنکێن و دەسووتێن و ئاگر لە جەستەکان بەردەدەن و خۆشەویستانیان لێک هەڵبڕیوە و لێک هەڵدەبڕن و بە رۆژی روون وەک قەسابی کێرد بە دەست، قەسابخانەی سەحراییان داناوە و دادەنێن و وێکرا بێ لە بەرچاو گرتنی هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی لەشەکان ئەنجن ئەنجن دەکەن، بێ ویژدان و خوا نەناسن، چونکە ئاگر لە دڵ و دەروونی هەزاران هەزار دایک و خوشک و براو منداڵ و باوک لە بۆ یەکتر بەردەدەن، کە، ئەگەر ئەو فرمێسکانەی کە لە ماوەیی تەنیا ئەو سێ چوار دەیەیی ئاخری دا لە چاوی دایکان و باوکان و خوشکان و براو منداڵ و عاشق و تازە بووک و زاوا لێک هەڵبڕاوەکان کە بەسەر کوڵمی سوورو گەش و چرچ بووەکاندا هاتۆنە خوارێ، بەزەویدا نەچووبا خوارێ ، بێشک بە گشتی لە دونیا داو، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراست و تایبەتیتریش لە دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران دا، ئەقیانووسێک دروست دەبوو کە لێ تێپەرینی ناوگان و کشتی و بەلەمی دیکتاتۆر و بەرژەوەندیخوازان بە ناویدا، مەحاڵ بوو.

چۆن نەگریین بۆ ئەو منداڵە چاوگەشانە کە باوکیان لە زیندانەکانی بەناو کۆماری ئیسلامی دا بەرەو قەنارەخانەکانی خامنەیی بەرێ دەکرێن و بە دەستی جەلادەکانیان بە بەرچاوی خەڵکەوە هەڵاوەسرێن و دەخنکێندرێن و خنکێندراون ، یا گووللە باران کراون و دەکرێن، یا لە بەرئازاری ئەشکەنجەی ئەشکەنجەکەرانی کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی ئێرانی ئاخوندی دا گیانیان لە دەست داوە و لەدەست دەدەن و هەر چاوەروانیان دەکەن و لە هەستی خۆشەویستی باوکیان یا دایکیان کە کەی دەگەرێنەوە تا باوەش بەقاچ وقول وداوێنیان دابکەن و سەری نارەحەتی بخەنە سەرشانیان و هەناسە ساردی دەروونیان لە سەر سنگیان دەربکەن.

چۆن نەگرین بۆ ئەو منداڵە چاوگەشانە کە باوکیان لە ریزی تێکۆشەرانی کورد دا کە بۆ سەربەستی گەل و نیشتمان گیانیان بەخشیوە و زۆریان بۆ تاکە جارێکیش بێ ، باوکیان نەدیت و نەدیتەوە کە ئەمرۆ کە گەورە بوون، بەو ئاخانەوە هەناسەی سارد هەڵدەکێشن. بەڵام زلهێزانی دونیا و بەرژەوەندیخوازن سەبارەت بە قازانج و بەرژەوەندیان ساڵەهایە چاویان لەو هەموو جینایەتانە پۆشیوە و هەر وەک هەمیشەیان لە ژێرەوە بە دزی و دوور لە چاوی کامێرە و رۆژنامەو میدیاکانەوە خەریکی معامەلەی نهێنی بوون و چاوپۆشی لەو هەموو تاوان و تیرۆر و

تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران و هیدی لێرە و لەوێ دەکەن و کراوەو ئامادەن لە گەڵ تیرۆریستان دابنیشن و زەردە و پێکەنینەکان پێک وەگۆڕن و دۆستانی دوێنێ بە قوربانی دوژمنانی دوێنێ بکەن و هەروەک رابردوویان چۆن دوێنێ و پێرێ مەسەلەی کوردیان کردە قوربانی سیاسەتی بەرژەوەندی خۆیان ، بکەنە بەرژەوەندی سات و سەودایان، بەڵام با هەموو دونیا و دوژمنە رەنگاورەنگەکانی ئازادیخوازان باش بزانن کە گەلانی ئازادیخوازو لە سەروویان رۆڵەکانی کوردستان کە ساحەبی هێزێکی کارامە و ئازاو بە چۆکدانەهاتوو زیندوو، واتە پێشمەرگەیە ، وا بە ئاسانی ناکەون و سەرئەنجام دیکتاتۆرەکان تێکدەشکێن و وەک زۆر جاران لە دونیا دا نیشان دراوە تێکشکاون ، دەرووخێن و مەزلوومان سەر دەکەون و خەتابار و پشتگرانیان دادگایی دەکرێن و تۆڵەیان لێدەکرێتەوە، مەزلوومان بە ئاسوودەیی دەنوون و خرپەی خەوی ئازادیان، کەڕ و کوێریان دەکات.

٩ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## گەر یەکگرین، خوێنی سامان و سامانەکان بە فیڕۆ ناڕوات.

لە مێژە کوردەکان ناوی جوان بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن، ناوەکانی وەک شۆڕش، وریا، رووناک، رۆژان، باران، ئاگرین، شادان، هێدی، هێمن، بنار، چیاو سامان. بەڵێ، بە قەولی دەڵێن، سامان، بێ سەر و سامان کرا و سەری لە دارو سامانی لەدڵی گڵ نرا. بەڵام سامانەکان و شۆڕشەکانی دیکە دێن و لە رێگەدان و ئازادەکان و شۆڕشەکان و رووناکەکان، رووناکی دێنن و وریاکان ئاگان و ئاگرینەکان ئاگرن و سەرئەنجام بە تۆڵەی گشت سامان و سامانەکان، پەتی سێدارە دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی رەشی کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران و دەی رووخێن و لە سەر قەبر و لاشەی بۆگەنیان، بانگی ئازادی لێدەدەن و پڕبە گەرووی سامانەکان، هاوار دەکەن و دەڵێن: بژی کوردستان.

بە پێی هەواڵەکانی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە گەڵ لە دار درانی سامان نەسیمی جوانەمەرگ، پێنج زیندانی تری سیاسی کورد، لە دار دران کە لە گەڵ ئەوەدا هەر شەش ئێعدامەکە لە دڵی نەتەوەی کورد زۆر

ناخۆش هات و بۆسۆی هەستاند، بەڵام لەوەش ناخۆشتر، لە دار درانی دوو برا بە ناوەکانی عەلی و رزگاری ئەفشار بوو کە چەند ساڵ پێشتریش برایەکی تریان بە ناوی محەممەد ئەفشار بە دەستی جمهوری ئیسلامی گیانی لە دەست دا کە دەبێ دایکی ئەو سێ گیانفیدایە، چۆن بە چ وەزعێکەوە لە یەک رۆژ دا، یادی سێ کوڕی قارەمانی بکاتەوە کە لە رێی ئازادی کوردستاندا گیانیان بەخت کرد. هۆ خەڵکی کوردستان، هۆ جوانەکانی کوردستان، هۆ ئازادیخوزانی کوردستان، دەهەستن و مەهێڵن لەم شین و تازیەدا دایک و باوکی سامان و سامانەکان بە تەنیا بن. ئەمڕۆ پێوستە کە رۆژهەڵاتی کوردستان بە خەبەر بێت و لە دژی ئەم قەتڵ و عامەی رۆڵەکانیان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران راپەڕن و بە دەنگی بەرز و شێرانەیان لە سەر خوێنی بە ناهەق رژاوی رۆڵەکانیان خەڵکی دونیا لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بێنێتە سەر خەت و مەسەلەی نەتەوەیی خۆی لە دونیادا بکاتە مەسەلەیەکی گرنگی رۆژ تا بگاتە نوختەی کۆتایی و چیتر دەسەڵاتی رەشی ئاخوندەکان هەر رۆژە لە لایەکەوە رۆڵەکانی کورد لە سێدارە نەدەن.

بۆ پشتگیری لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵای کوردستان یەکبگرن و بە دژی کۆماری ئیسلامی بە یەک شعارەوە بێنە مەیدان و لە دونیای دەرەوەش دا یەک ریزی ئەندام و لایەنگرنیان رێکبخەن و هەموویان لە یەک رۆژ دا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە گشت وڵاتانی دونیادا بە دژی کۆماری ئیسلامی برژێنە شەقامەکان و کارێک بکەن کە دەنگی پشتوانی دونیا بۆ لای مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رابکێشن و لە تاران لەرزە بخەنە دڵی ئاخوندەکانەوە. لەوەش گرینگتر بێ شک یەکگرتنی حیزبەکان چۆک بە سەرانی کۆماری ئیسلامی دادەداو مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی ترو بەمەش دڵی بریینداری دایکی گشت سامانەکان سارێژ دەبت .

۲۲ی فێبریوێری ۲۰۱۵

## بۆ شەڕی دژ بە داعش، دونیا پشتی بە هێزی پێشمەرگە بەستووە، بەڵام دەبێ .... ؟

داعشەکان کە دەرکەوتن و هاتنە مەیدانی سیاسی نیزامی و بەربەرەکانی لە گەڵ کورد و دونیای دەرەوە بە گشتی و کوردستان، عێراق، سورییە و زۆر لە وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی نێوەراست و ئوروپایان شێواند. لە دوو بەشی رۆژئاوا و باشووری کوردستان جینایەتی گەورەو کارەساتی مرۆڤیان خوڵقاند و بە سەدان و بگرە زیاتریش لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتووی کوردستانیانیان گوللە باران کرد و یان سەریان بڕین و یان زیندە بە چاڵیان کردن و لە کوردستان لافاوی خوێن وەرگیان وەرێ خست.

لەو کاتە دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر وەک رابردوویان چۆن لە هێزە داگیرکەرەکانی تری کوردستان راپەڕی بوون، راپەڕین و کورستانیان لە داگیرکەرو داعشەکان کردە گۆڕستان کە لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ئازایەتی و هەڵمەتیان بۆ سەر تیرۆریستە داعشەکان لە کاناڵە جیا جیاکانی کورستان و جیهانەوە، سەرنجی دونیایان بۆ لای مەسەلەی کورد و ناوی پێشمەرگەی کوردستان راکێشا و وشەی پێشمەرگە لە دونیا دا بوو بە وێردی سەر زمانی گشت خەڵکی جیهان، لە گشت لاوە سێرەی خۆشەویستی لە دەست و بازوو هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگە بۆ سەر داعشەکان گیراو، سڵاوی خۆڕاگری و مەردایەتی لە لایەن سەرۆک و فەرماندە نیزامیەکانی ئەرتەشە جیا جیاکانی دونیاوە بۆ هیزی پێشمەرگەی کوردستان ناردرا و، بە دونییان ئیسپات کرد کە کورد لە ئاشتی دا تاکە نەتەوەیە و، لە شەڕی دژە تیرۆریشدا هەر ئازاترین و بە غیرەتترین ولێبڕاوترین نەتەوەیە و، بە دونیایان نیشان دا کە چۆن دڵی رەشی داعشەکان بە کوچکەی ئاگرەوە دەدەن ، بەڵام داعشەکان کە ئەو هەموو زەبرە گەورەیان وێکەوت و، دەست خۆشی دونییان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیت و بیست، دڵیان بە جینایەتەکانی پێشتریان کە کردبوویان، ئۆقرەی نەگرت و لە هێرشە نارەواکانیان دا بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە دەرفەتی حیزانەیان دا بۆیان دەخولقا و هەمووی بە دەسکیسی نەیاران کوردیش لە چوار دەوریان بوو، چەند پێشمەرگەی کوردستان بە دیل گیران ، وێرای گرتن هەندێک لە خەڵکی تری بیان سەر بڕی، یان ئاگر دا کە بەو کارەساتەیان غەمی گەورەیان خستە ناو دڵی خەڵکی کۆمەڵگای کورد و بە گشتی دونیای مرۆڤایەتی و بە سەدان منداڵی ساویان بێ دایک و باوک کردو، بە سەدان خۆشەویستی یەکتری ئەم کوردستانەیان لێک هەڵبڕین و، جەهەنەمێکی سەحراییان بۆ رۆڵەکانی کورد و ئیدی دروست کرد کە بە دیتنی هەریەک لەو کارەساتانەی دروستیان کردن.

مرۆڤ دڵی ئاگر دەگرێ و ویژدانی نارەحەت دەبێت و فرمێسکی لە چاوان دەبارێ. هەموو ئەو بێ حورمەتیانەی کە لە لایەن داعشەکانەوە بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتووەکان و بە گشتی بە کۆمەڵگای بەشەرییەت کرا و دەکرێ، بە گشتی دەستی رەشی نەیارانی کوردیان تێدایە و، ئەو خوێنانەی دەرژێن و ئەو بێ حورمەتیەی بە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتوو و دیلەکانی شەڕ و هەواڵنێر و رۆژنامەنوس وکارمەندە بیانیە بە دیل گیراوەکان دەکرێ، وەک رۆژی روون ، چۆن بە ئاسمانەوە دیارە، ئاواش روون و ئاشکرا بە بیر و فکر و دەسیسەی سەرانی رژێمە دواکەوتووەکانی کە کوردستانیان داگیر کردووە و، بە هاوکاری لە گەڵ ئاغاکانیان و، بە دەستی ئینسانکوژو نۆکەرەکاکانیان ئەنجام دەدرێن و، هەر ئەوانیش بوون بە دژی نەتەوەی کورد، رووی شەڕی داعشیان لە کوردستان کرد. بەڵام داخەکەم سەرانی کورد و بە گشتی کۆمەڵگای کوردەواری، دەرس لە رابردووەکان وەرناگرن و، هەروا خۆش باوەڕن ؟؟!!!. جا بۆ کۆتایی هێنانی کوشت و بڕی دەستی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەر و خوێن رێژەکان، پێویستە کە کورد بە گشتی یەکبگرێت و لە من و نیو من دوور بکەونەوەو بەرژەوەندی گشتی بە سەر بەرژەوەندی حیزبایەتیدا تەرجیعی دەن و، زلهێزانی دونیاش راستەقینەتر لە چەند مانگی رابردوویان بێنە مەیدانی شەڕی دژە تیرۆر و، بە چەکی پێشکەوتووی لیزێری ئەمرۆ کە هەیانە، بۆ ئەم شەڕە سەختەی تیرۆریستە داعشەکان کە ئەمرۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جیاتی گشت دونیا دەیکات ، یارمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدەن تا وەک پاڵەی باش و ماندوونەناس لە دروێنە دا چۆن قەیماغ لە پەنجە و دەست دڕک وداڵیش دروێنە دەکات، بدروێ تا بە یەکجاری کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەراست و گشتی دونیای ئاشتی لە شەڕی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەران خەلاسی بێت و، بە گشتی لە دونیا دا ئاشتی و ئاسایش و ئەمنییەت بەرقەرار بکرێ. جا لێرە دا لە گەڵ پشتگیری بۆ ئەم داوایە، با هەمومان بە دڵەوە سڵاو بۆ کەس وکارە رەشپۆش بووەکانی بنەماڵەی شەهیدەکانی کوردستان بنێرین و، چاوی ئەو کچ وکورە چووکانە ماچ کەین کە لە کاتی رۆیشتنی باوکە پێشمەرگەکەیاندا بۆ شەڕی دژە تیرۆر، باوەش بە قاچ و قوڵی باوکیان دادەکەن و ترسی ئەوەیان لە دڵدایە کە لە سەفەر پارێزگاریان لە کوردستان بە زیندوویی نەگەڕێنەوە و لە خۆشەویستی باوکیان بێبەش بکرێن، یان چاوی ئەو منداڵانە ماچ کەین کە کاتێک باوکیان بۆ ماوەیەک پشوودان دەگەڕێنەوە بۆ لایان، خۆیان لە باوەش داوێن و لە بەحری باوەشی خۆشەویسی باوکیاندا مەلە دەکەن و لە خۆشیان تازە بۆ جارێکی‌تر لە دایک دەبنەوە، یان با لە ئاست فرمێسکی چاوی خوشک و، دایک و باوک و، برا و، هاوسەر و منداڵی پێشمەرگە شەهیدەکان سەری رێز نەوی بکەین و، پێیان بڵێین کوردستان شانازی بە ئێوەو شەهیدەکانتان دەکات و، ئەوە لە سایەیی خوێنی شەهیدەکانی ئێوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە ئێستا شێرانە لە بەرەکانی شەڕ دا دژی داعشەکان دەجەنگن، خەڵکی کوردستان

بە ئاسوودەیی دەخۆن و دەنوون و پاڵیانداوەتەوە و، با لێکرا بڵێن، دەی نەک جاریک ، هەزار جار سڵاو لە تۆ ئەی پێشمەرگە پاڵەوانی نیشتمان، بەڵی جا گەروایە، هۆ کاکی هەواڵنێر و رۆژنامەنووس و میدیکار، هەر چەند سڵاو لە خۆراگریتان دەکەم کە بۆ رۆماڵی کردنی راستیەکان لە بەرەکانی شەڕو، نێو ستۆدیۆکانەوە، گیانتان لە خەتەرداوێن و، ماندوو دەبن و، ئەرکی نیشتمانی بەڕێوە دەبەن، بەڵام گەر راستیتان قبوولْ بێت، لەو هەشت نۆ مانگەی شەڕی هێزی پێشمەرگە لە گەڵ داعشەکان دا ، بێ ئەووەی پێ بزانن، یا لە بەر خاتری کێبەرکێی هەواڵنێری لایەنی و حیزبی، زۆر زەرەر بە هێزی پێشمەرگە کەوتووە و، بێ ئەووەی هەست پێ بکەن ، رادەی هێزی پێشمەرگە و لە قۆڵە جیاجیاکانی شەڕو، شوێنە ستراتیژیەکان و، سەیتەرە، بنکەو بارەگاکانی پشت جبهەکان و، رادەی شەهید و بریندارى هێزی پیشمەرگەی کوردستان، شوێنەکانی کەمین دانانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ داعشەکان و، تەرح و پلانی فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر داعشەکان و، جۆری چەک و تەقەمەنی و، زۆری ترو نیشان داعشەکان داوە، کە داعشەکان لە سەر مەبنای ئەو زانیاریانە کە دەستیان کەوتوون، ئێقدام و هێرشیان کردۆتە سەر هێزی پێشمەرگە و، لە بێ مبالاتی ئێوە و... دا زەبری بە ژان لە هێزی پێشمەرگە دراوە کە هیواداریین لەمە بە دوا بۆ رۆماڵ کردنی هەر شەڕ و هەواڵ و سەردانێکی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ دا ، لە هەموو بوارەکانی ئەمنیەتی هەواڵدەری دا ئیحتیاتی تەواو لە بەر چاو بگرن کە بی شک زیانی پێشمەرگە کەمتر دەبێتەوەو، سەرکەوتنەکانی هیزی پێشمەرگە لەوەی بووە زیاتر دەبێ.

٧ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## ٢ی رێبە ندان،پڕشانازیترین رۆژی کوردان.

٦٩ساڵ بەر لە ئێستا کە بەهۆی هەلومەرجی پێکهاتووی ناوچەیی و جیهانی و هەستی پێگەیشتووی نەتەوەیی رووناکبیرانی کورد لە پێشەوەیان قازی محەممەد لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە ماوەیەکی کورت بوو لە سەر بناخەی کۆمەڵەی (ژ - ک - ڤ) دامەزرا بوو، جەمهوری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد راگەیێندرا،

بۆ یەکەمجار بە گشتی ئەستێرەی هیواو، ئومێد کوردان لە عەرز وبووم و ئاسمانی نیشتمانە داگیرکراوەکەمان دا، دەرکەوت و تەم و لێڵی و تاریکیەکانی پێش چاوو، ناو دڵ و دەروونی رۆڵە نیشتمانپەروەر و گەلدۆستی کوردستانیان ڕامالی و لە شار و شاخ و گوند و گەڕەک و مالان دا، شادی و پێکەنین و بزە و خۆشی کەوتە ناو دڵ و سەر لێوو رووان کە بالدارەکانیش لە خۆشیان شاگەشکە بوون و بە قریوە و جریوە و دەنگی بەسۆزیان، مووسیقای دلڕفێن و هەست بزوێن و مچورک هەژێنی بەرز کردنی ئالای حکوومەتی خۆمالی کوردیان لێداو لە وێوە، ئەو دەنگ و مووسیقایە، هێدی هێدی و، نەرم نەرم بە جەو و فەزای کوردستان دا بلاو بوونەوە و، لە دەرگا و پەنجەرە و کولانکە رۆژنەکانەوە، خۆیان بە ماڵ و منزلگە ی کوردستانیە کان دا کرد و لە ناو لانک و بێشکان دا قریشکە و قاقای پێکەنینیان لە ئەوکی کۆرپە ساواکانی کوردستان هەستاند کە لە هەر چوار سووچی کوردستان وەک گولله دلی نەیار و دووژمنانی کورد و کۆمارەکەیان بڕی و جۆگەلەی خوێنیان لە بەر ڕۆیشتوو لە بەر دەرگای ماڵ کاولیان خوێن کە ڤارەی بەست و، شاعیرو رووناکبیر و نووسەری کورد و مرۆڤ دۆست کە: کەوتنە نووسینی دێڕی جوان، جوان، بە هەلبەست و، ووتار و، پەخشانی نیشتمانی، چوارچرایان کردە بە هەشتی خوایی و، کۆمار و چوارچرا، بوونە قیبلەگای کوردان کەتا، تاکێکی کورد بمێنێ، کۆمارو ٢ی رێبەندان و چوارچرا، فەرامۆش ناکرێن و، وەچە بە دوای وەچە دا لە دلی کچ و کوڕانی کورد دا دەمێنێتەوە و پێی دەنازن و، بێ شک ئوو رۆژە دوو پات دوکونووە و، لە سەر ئەو رێچکە دێموکرات، دەبنەوە ساحەبی کۆماری کوردستان.

٢١ی جانێوێری ٢٠١٥

---

٢٠١٦

کۆماری ئیسلامی کە بۆ جارێکیتر بە دژی حیزبی دێموکرات دەستی دایەوە تیرۆر، ویستی وێڕای تیرۆرکردنی کادرو پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگروێ ڕێبەری، ژن و مندالی بنەماڵەکانیشیان تیرۆر کات.

لە شەوی یەلدا دا کە ساڵۆنی کۆبوونەوەکان حیزب لە مندالە شل و ناسک و جوانەکان مەوجی دەدا و هاتبوون بە یادی لە دایک بوونی قاسملوو ڕێبەری شەهید کراویان تێر بۆی پێبکەنن و پێ بڵین بە ئاسوودویی بنو و ڕێبازەکەت چۆل نیە،کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەڵوێستی نامەردانەی بە تیکەو دەنگ و گرمەی بۆمب و کاری تیرۆریستی، باوک وبراکانیان لێ شەهید کردن وخۆشی و پێکەنین و هەڵپەڕکەیان لی کردنە شین.بەڵام کۆماری نا ئیسلام با باش بزانێ کە بە ڕشتنی خوێنی شەهیدەکانی ئێمە ،بەو کارە تیرۆریستیە لە بە ر دەرکی قەلای دێموکرات قوڕی بۆ سەری خۆی گر تەوە وبە گشتی لە نیو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا زیاتر روو رەش بوو.
کۆماری نا ئیسلامی پێی وا بوو دەتوانێ منداڵەکانی ئێمە بترسێنێ، بەڵام نا خیاڵت خاوە نامرد، منداڵەکان دێموکرات وەک تۆ ترسەنۆک نین کە لە ترسەنۆکی خۆت دەست بۆ کاری ترسەنۆکانە دەبەیت.دوێنی منداڵە نۆ ساڵەکەم کە لە شەوی یەلد دا ولە کاتی تەقینەوەکە دا لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکە دەبێ وتەقەو گڕو ڕمبەی بۆمبی کۆماری ئیسلامی رایدەچڵەکێنێ، گوتی بابە ئەمڕۆ من دێم بۆ قەلا و چاو لە جێی بۆمبەکان (خامنەیی )دەکەم.
هۆ کۆماری نا ئیسلام،ویستت خەڵکی دێموکرات بترسێنێ ، نا نا خیاڵت خاوە، هەر تیکێکی بۆمبەکانت کە لە جەستەی شەهیەکانمان دراون نەوەکانی داهاتوومان کە ویستت بیانترسێنی دەیانکە نەوە بە ئەقڵی سەلیم بۆ گژداچوونەوەت ولە مەیدانی سەرەڕۆییت دەرتدەپەڕینن.
هۆ خوێن ڕێژەکانی کۆماری نا ئیسلام، دیتتان پێری و دوێنی و ئەمڕۆ چۆن دونیا لە هەزاران میدیاورۆژنامەو گۆڤارەوە باسیان لە ترسەنۆکی ئێوە و،سەربەرزی وخۆراگری کۆرانی دێموکرات کرد، دوێنێ دیتتان کە چۆن بە هەزاران کەس لە روونـاکبیر ومامۆستا وشەخسییەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و خەڵکی ئاسایی ودەسەلاتدارانی باشووردەیان حیزب و ڕێکخراوی جیاجیا سەریان لە بنکەکان دێموکرات دا و لەو خەمە دا خۆیان بە شەریک زانی.
هۆ کۆماری نا ئیسلام، بۆ جاریکی تر کە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی کورانی کورد ی ڕۆژهەلات و باشووربە دەستی تۆ ڕژان و تێکەڵ بە یە بوونەوە، باش بزانە کە بێشک ئەم خوێنـان میژووی یەک نەتەوەیی گەلەکەمانی پێ دە نوسرێتەوەو زیاتر رووی تۆو گشت دوژمنانی نەتەوەکەمانی پێ رەش دەکەن.

هۆ دوژمن باش بزانە کە ئەمجارەیان پۆلە ئەستێرەی حەوتەوانە لە سەر ئاسمانی قەڵای دیموکرات دەردەکەوێت ورووناکی دەداتەوە نێو رۆژهەلاتی کوردستان و دەسەلاتی رەشی تاریکپەرستان رادەماڵێ و ئاڵقەی پێوەندی حیزب و خەڵکی کورد پتەوتر دەکات و هەناوی دوژمن دەسووتینێ.

٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## بە یادی شەهیدانی ٦ ای خەرمانان و ...

*ئێوارەیەکی سامالە، کاتی زەردە پەڕینە*
*نیوەی مانگی خەرمانان*
*نەرم، نەرم، کزەی فێنکی شەماڵ دێ و*
*لە تەلان و ،هەڵدێر و بەرزایەکانی ناوچەی بڵفەت*
*ئارەقە لە نێو چاوانی کوڕانی کورد دەسڕێ و*
*ماندوو بوونی ئەرکی پیرۆزیان لە بیر دەباتەوە*
*ئێوارەیە، کانیاوەکان تینوێتی لە دەروونیان دەشکێنن و*
*مامەندەو بەردەپان و بڵفەت، گوێیان دەباوەش گرتوون*
*لانک و گیارەنگ شاگەشکەن و*
*سەرچاوەی رەسوە شێتی بۆ پێشوازیان پێدەکەنێ*
*جەماڵەدین و زەردکەو هۆملی ئاوارە تێکرادەخورن و*
*بانگیان لە گاکرو تەرخان و برایم جەلاڵ دەکەن و*
*هەموو وێکرا، لە گەڵ نێوکێل و فێرەگ*
*تا گەیشتە سپی رێز و سەری گۆمێ*
*زنجیرەی خۆیان قایم کردو*

بۆ وردە هەنگاوی کوڕانی خۆیان
بەرزی خۆیان نەوی کردو
تێکڕا شایی پێشوازی گوڵە پایزەکانیان گرت
لەو کاتە دا پەپوولەکانی ئاشقی ئازادی و رووناکی، رێیان گرتە بەر
بەڵام، کوندەبوویەک لە نێویاندا خۆی مەڵاس داو
ویستی رۆژی روونیان لێ تاریک کات
خۆفرۆشێک بە رۆژی روون
کۆترەکانی هەڵگری پەیامی ئاشتی
خستنە نێو ئاگری دوژمن
داخەکەم، بە فیتی دوژمن و کوردە ئاڵقە بە گوێیان
خوێن لە جەستەی کوڕی دێموکرات رژاو
رووحی دوو پارێزەری نیشتمانی ئێمەیان فڕاند و
قەلافەتی پیاوانەیان کەوتە سەر زەوی و
ویژدانی مرۆڤایەتیان بریندار کرد
ئێوارەیە، بەم هەواڵە جەرگ بڕە
فرمێسک لە چاوەکان رژان و
دڵەکان تەنگ بوون و
دەستەکان لەرزین و هەناسەی سارد هەڵکێشران و
لەم دیوو، ئەم دیو، خەم بووە میوانی ماڵەکان
ئێوارەیە، لە جێی شادی و خۆشی سەر سفرە و خوان
گریان و شین گێڕانە بۆ شەهیدان
ئێوارەیە، لەو کاتە دا، قاقای ئازاد ئاڵی هاتەوە گوێم و
لە باوەش گرتنی کچە منداڵەکەی ئەمیرم هاتەوە بەرچاو
هۆ دوژمن، باش دەزانین چەندە شێت و بەدبەختی
خەیانەتکاران بە سەر شۆڕی دەمرن و

*شەهیدەکان، شەهیدی ئاو و خاکن و*

*ئاکامی تۆش هەر ئەمانە*

*دەمێکە بڕیار دراوە*

*ڕۆژی سەربەرزی و ئازادی*

*لە سەر گۆڕی کوردکوژان ، هەڵپەڕکەی سەرکەوتن دەگرین و*

*لە شەقامی شارەکانی کوردستان دا*

*پەیکەری ئازادی و شەهیدان دروست دەکەین و*

*بەهەواڵ و سروودی سەرکەوتن*

*خەمی دڵی دایکی شەهیدان دەڕەوێنین*

۲۰ی سێپتەمبەری ۲۰۱٦

---

## دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان

***ئەحمەد مەکڵاوەیی: ڕچەشکێنییەکەی هەمزە سارتکەیی لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان***

### شەونەم هەمزەیی

لەبەرەبەری ۲۳ی گەلاوێژ، نۆهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی سێ پێشمەرگەی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر قادری و قادر نەزمی کە هاوینی ساڵی ۱۳۸۷ی هەتاوی لە شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕەبەت شەهید بوون، کتێبی «بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟» چاپ و بڵاوبووییەوە.

ئەحمەد مەکلاوەیی، کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نووسەری ئەم کتێبە دەڵێ بە مەبەستی وەفا بۆ شەهید هەمزە و هاوڕێیانی و هەروەها لەبەر گرینگیی ئەو حەرەکەتە سیاسی و نیزامییەی لە هاوینی ١٣٨٧دا بە فەرماندەیی شەهید هەمزە کرا، دەستی داوەتە نووسینی ئەم کتێبە.

«کوردستان» بەباشی زانی لەو پێوەندییەدا وتووێژێک لەگەڵ بەڕێزیان بکا:

***پرسیار: چۆن بوو لە بەرەبەری ٩ ساڵەی شەهید بوونی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژدا ئەو کتێبەت چاپ و بڵاو کردەوە؟***

***وەڵام:*** ساڵێک دوای شەهید بوونی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە کاک هەمزە سارتکەیی و هاوڕێکانی کە ڕێچکەی خەباتێکی نوێیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە، من ئەم کتێبەم نووسی و، داوام لە چەند بەرپرسی حیزب کرد کە وەک حیزب چاپی بکەن و بڵاو بکرێتەوە، بەڵام نەکرا، لەبەر ئەوەش کە ئیمکانی ئەوەم نەبوو لە سەر گیرفانی خۆم چاپ و بڵاوی بکەمەوە، کارەکە دواخرا. بەڵام ئەمساڵ بە هیممەتی چەند ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوە و باشووری کوردستان چاپ کرا و بڵاوبوونەوەی کەوتە ئەم ڕۆژانە. مەبەستی سەرەکیم لە ئامادەکردنی ئەو کتێبە ئەوەیە ئەم پەیامە بە دوژمن بدەم کە شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧ لە نێو دڵی کچ و کوڕانی دێموکرات و بە گشتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەروا زیندوون و لە بیر نەچوونەوە و ناچنەوە. ئەوان مەشخەڵی هیوا بە داهاتوویەکی ڕوون و پڕ شانازییان داگیرساند و بوونە ڕچەشکێن و سەرمەشق بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دی و نوێ لە خەباتی حیزبەکەمان.

***پرسیار: لەو کتێبەدا زیاتر گرینگیت بە چی داوە و باسە سەرەکییەکانی چین؟***

***وەڵام:*** ئەمن زۆرتر گرینگیم بە قارەمانەتی و لە خۆبوردوویی، ئازایەتی و فیداکاری، ماندوویی نەناسی و ڕەچەشکاندنی ئەو شەهیدانە لە وەرزێکی نوێی خەباتی حیزبەکەمام داوە و لەگەڵ ئەوەشدا هاتووم باسم لە خۆشەویستیی هەمزە لە نێو خەڵک و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا کردوە.

باسە سەرەکییەکانیش بە گشتی بریتین لە ژیانی سیاسیی فەرماندە هەمزە و تیشک خستنە سەر ڕابردووی تێکۆشان و خەباتی ئەو فەرماندە هەڵسووڕە لە ناوچەکانی ڕەبەت، بانە، سەقز و سەردەشت.

***پرسیار:*** ***پێش شەهید هەمزە فەرماندەی شەهیدی دیکەش لە ناوچەی خۆتان کەم نەبوون. بۆ شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژت هەڵبژارد، ئایا ئەوە هۆکاری تایبەتیی هەبوو؟***

***وەڵام:*** بەڵی هۆکاری تایبەتیی هەبوو، ئەویش ئەوەی ٢٣ی گەلاوێژ لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگەیەکی تایبەتیی هەیە، لەو ڕۆژەدا فەرماندەیەکی ئازا و فیداکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوو هاوڕێی شەهید بوون، پێش شەهیدبوونی ئەوان ئەم تیمەی کە هەمزە سارتکەیی فەرماندەیی دەکرد توانیبوویان دوڕگەی ئارامی کوردستان لە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و سپای پاسداران بشڵەقێنن، کەشێک کە بە زەبری چەک و پۆستاڵ بەسەر کوردستاندا زاڵ کرابوو. ئەوان توانییان جووڵەیەکی زۆر گرینگ بکەن و تینێکی تایبەت بدەنەوە بە خەبات و تێکۆشانی حیزب. ئەوەش وایکردوە کە ئێستاش دوای ٩ ساڵ بە چاوێکی تایبەتەوە سەیری ئەو حەماسەیە و ئەم لاپەڕە تایبەتییە لە مێژووی نوێی خەباتەکەمان بکرێ؛ لاپەڕەیەک کە بە خوێنی شەهید هەمزە و هاوڕێکانی نەخشاوە.

***پرسیار:*** ***«بابەگیان کەی دەگەڕێیەوە؟» ئەوە ناوی کتێبەکەتە. لە بەر چی ئەو ناوەت بۆ هەڵبژاردوە؟***

***وەڵام:*** بەیانیی ئەو ڕۆژەی شەهید هەمزە بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتبوو، ئەمن بۆ هەندێ کاروبار دەچوومە شاری کۆیە. کە بە بەر دەرکی ماڵی هەمزەدا تێپەڕیم، گوێم لێ بوو «ژیما»ی کچی دەگریا و دەیگوت: بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟ جگە لەوەش، ئێوارەی ٢٥ی گەلاوێژ، دوو ڕۆژ دوای شەهیدبوونیان کە هەواڵی کارەساتەکە هات، دیسان هەر لە بەر دەرکی ماڵی خۆیان «ژیما» دەگریا و دەیگوت: «بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟ ئەخە تۆ چەند ڕۆژ پێش لە ناوچەوە بە تەلەفوون بەمنت نەگوت کە بەم زووانە دەگەڕیمەوە، ئەدی بابە گیان کەی دەگەڕییەوە؟» ئەو قسانە ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێنەوە. جیا لەوە هەر ئەم قسەیە و هەر ئەم داوا و پرسیارە بۆ کچەکانی شەهید قادر نەزمی و تەنانەت دایکی شەهید قادر قادریش هەر ڕاستە.

زۆر جاران کچ و خۆشک و دایکان کە کەسێکیان لێ دوور دەکەوێتەوە یا دەمرێ یان شەهید دەبێ، پێی هەڵدەڵێن و دەڵێن بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە، ئەمنیش پێم وابوو ئەم چاوەڕوانییە هێشتا تەواو نەبووە و ناتوانێ تەواویش بێ.

**پرسیار**: *ڕابردووی ئاشنایەتی و دۆستایەتیی جەنابت و شەهید هەمزە سارتکەیی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟*

***وەڵام***: دوستایەتی و ئاشنایەتیی ئەمن و شەهید هەمزە سارتکەیی بۆ بەهاری ١٣٦٠ی هەتاوی دەگەڕیتەوە کە لە نێو گوندی نستان لە ناوچەی ڕەبەت یەکتریمان دی. لە گەڵ هەمزە زۆر پێکەوە بووین، لە زۆر عەمەلیات و سەرکەوتن و شکاندا پێکەوە بووین، زۆرمان خۆشی و ناخۆشی دی، بەڵام قەت نائومێدیم لە هەمزە نەدی. ئەو کەسێکی بەبیر و باوەڕ و خەباتگێڕێکی بە ئیمان بوو کە گیانی پاکی لە سەنگەری خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیدا بەخشی.

-----

## ئەحمەد مەکلاوەیی لە چەند ڕستەدا:

* ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە گوندی مەکلاوێ لە ناوچەی ڕەبەت لە دایک بووە و هەتا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندوویەتی.

* ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشانی خۆی لە ڕیزی یەکیەتیی لاواندا دەست پێکردوە. ساڵی ١٣٦٠ بۆتە پێشمەرگە و ماوەی ٣٦ ساڵە بێ وچان و دابڕان لە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی نەتەوەکەیدا بووە.

* سەرپەل، جێگر دەستە، سەردەستە، ئەندامەتیی کۆمیتە شارستانی ڕەبەت، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچە و ئەندامەتیی ناوەندی ٢ی کوردستان چەند بەرپرسایەتییەکی پێشمەرگانە و تەشکیلاتیی ئەحمەد مەکلاوەیی لەو

ماوەیەدا بوون.

* تا ئێستا شەش بەرهەمی چاپکراوی هەیە کە بریتین لە:

* قاسملوو سوار چاکی خەبات بۆ ئاشتی و دێموکراسی.
* لە شارەکەم ڕەبەت بۆ ئازادی خوێن باریوە.
* لە شاری خۆر (ڕەبەت) تا کۆیەی ئەدیبان.
* مەشخەڵی ئازادیخوازی.
* پەپوولەکان باڵ دەگرن.
* بابە گیان کەی دەگەڕێیەوە؟.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٨.

ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ و کوردستان و کورد

---

سەرچاوە
Serchawe



ناوی پێشمەرگە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و نیزامی گشت نەتەوەی کوردەوەو، هەر بۆیەکەمجاریش لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەو ساڵە دا، بە دەستی هێزی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاڵای کوردستان هەڵدراو، وەک تیشکی خۆر، هەموو تەم و لێڵییەکانی سەر ئاسمانی کوردستان و، ناو دڵ و دەروونی گشت ئەندامانی نەتەوەی کوردی لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکەی کوردستان ڕاماڵی و، ئاسۆی روونی لە کەلەکانی کوردستاندا دەرخست و، زەردەی پێکەنینی خستە سەر لێوی هەموو ئەندامێکی کوردەواری و، لە ناو زێدی کوردان و ئیدی دا پەیامی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بڵاوکردەوەو، لە ناو دڵی کۆمەڵگای کوردەواری دا تۆوی هیوا و سەربەستی چێندرا و، کورد بە گشتی بووە ساحەبی کۆمار و ئالاو سپایەکی نەتەوەیی، واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان...

تا ئێستا ئەو هیزە کوردیە لە بەرامبەر گشت سەختیەکاندا خۆی راگرتووەو بە هیچ جۆرێک مەیدانی چۆڵ نەکردوەو، چ بەناوی پێشمەرگە، یا سەرچاوە گرتوو لە ناوی پێشمەرگە، بە ناوی گریلا، یا بە ناوی شەرڤان و پارتیزان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا، بەرامبەر بە دوژمن و نەیارانی کورد وەستاوەو، تێک نەشکاوەو، زۆری لە خۆبوردوویی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاندوە و، داستانی گەورە، گەورەی لە مێژووی نەتەوەی کوردا لە سەر دوژمن تۆمار کردوون کە جێگەی شانازین...

ئەحمەد مەکلاوەیی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

رێکەوتی: جووزەردانی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨